# کێشەی بوون لە مێژووی

# فەلسەفەدا

بەرگی یەکەم

نووسینی
د. محەمەد کەمال

2002



محەمەد کەمال
کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا
فەلسەفە
نەخشەی بەرگ ........
ساڵی: 2002
لە ............
جگە لە نووسەر کەسی دی مافی لە چاپدانەوەی نیە
ژمارەی ISBN

## ناوەڕۆك

لاپەڕە

سەرباسێك ........ 5
پێشەكی ........ 7
پێناسەی فەلسەفە ........ 11
فەلسەفە و زانست ........ 15
بەشی یەكەم ........ 17
كێشەی بوون لە سەردەمی پێش سوكرات ........ 17
سەرەتای پەیدابوونی فەلسەفەو قۆناغی كۆسمۆلۆجی ........ 24
فێرگەی ئەیۆنی ........ 26
فێرگەی ئیلیایی ........ 34
فێرگەی ئەتۆمگەری ........ 41
فێرگەی پیتاگۆراس ........ 42
بەشی دووەم ........ 47
كێشەی بوون لە سەردەمی سوكراتەوە ........ 47
سۆفستاییەكان و سوكرات ........ 47
ئەفلاتۆن ........ 59
جیهانی بینراو و جیهانی نەبینراو ........ 62
بوون لای ئەریستۆ ........ 69
كات و شوێن ........ 79
دەروون ........ 83
بەڵگەكانی ئەفلاتۆن بۆ سەلماندنی نەمری دەروون ........ 88
"ئەپیگۆری"یەكان و "ڕەواقی"یەكان ........ 89



فێرگەی گومانكاری ........ 95
بەشی سێیەم ........ 98
كێشەی بوون لە سەدەكانی ناوەڕاستدا ........ 98
فەلسەفەو ئایین ........ 98
فێرگەی ئەفلاتۆنی ـ ئاوگوستینی ........ 107
بەشی چوارەم ........ 116
كێشەی بوون لە فەلسەفەی نوێدا ........ 116
فێرگەی هۆشەكی و فێرگەی هەستەكی ........ 116
جیهانی ماتریالی ........ 125
مونادو پێكهاتنی بوون ........ 126
مونادو زانین ........ 130
فێرگەی هەستەكی ........ 135
سەرچاوەكان ........ 151
ئیندێكس ........ 152

## سەرباسێك

ئەم نووسراوە پاش ژانێکی زۆر لە دایکبووە. بەرهەمی ئەو ساڵانەیە کە لە گوندی ئاوەکەڵە لە ساڵانی 1978و 1979 مامۆستا بووم. زۆربەی شەوان بە خوێندنەوەو نووسین کاتم دەگوزەرانو لە سەرەتاشەوە پرۆژەی ئەم نووسراوەم وەکو کێوی پیرەمەگرون دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمە چاوترسی نەکردمو بێوورەبەردان توانیم بەشێکی تەواوبکەم. کاتێك بۆ خوێندن لە ساڵی 1979 روومکردە دەرەوەی وڵات نووسراوەکەم بەجێهێشتو پاش پازدە ساڵ گەیشتەوە دەستم. بێگومان دەمزانی نووسراوەکە بەتایبەتی لە رووی زمانەوانیەوە لە کەموکورتی بەدەر نیە، بۆ مەبەستی هەڵەگریو پاکردنەوەی داوام لە دکتۆر لەتیف هاڤرێست کرد پێیدابچێتەوە، ئەویش وەکو هاوڕێیەکی دڵسۆز ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆیو هەڵە زمانەوانییەکانی راستکردەوە.

شایانی باسە بەشی یەکەمو دووەمی ئەم نووسراوەیە بە زنجیرە لە گۆڤاری هەوار – کە لە ئوسترالیا دەردەچوو – بڵاوکراوەتەوە.



لەکاتی خۆیدا گەورەترین گرفت لە رێگەی نووسینەکەمدا دانانو داڕشتنو بەکارهێنانی زاراوە فەلسەفیەکان بوو. تەنیا یاریدەدەرێك کە لەبەردەستمدا بوو فەرهەنگۆکێکی کۆڕی زانیاری کوردی بوو. لەبەر ئەمە ناچار بووم پەنابەرمە بەر زمانی بێگانە بەتایبەتی زمانی عەرەبی کە ئەوسا لەم زمانە بێگانەیە زیاتر چیدیکەم نەدەزانی. هەندێجاریش هەوڵمداوە لەجیاتی زاراوەکە بە زەقی ماناکەی روون بکەمەوە. وێڕای ئەم تەگەرەو کۆسپانەش هیوادارم توانیبێتم بە دەستێکی پاكو بەبێ پاشقول لێگرتن بیروباوەڕی فەیلەسوفەکانم توێژیبێتەوە، بەتایبەتی ئەو فەیلەسوفانەی لەگەڵیاندا هاوڕانیم، چونکە خوێنەران پێویستیان بە توێژینەوەی بابەتیانە (مەوزوعی) هەیەو پێویستیشە لەم قۆناغەی ژیانی رۆشنبیری کوردیدا بەدوای ئاسۆی فراواندا بگەڕێینو سەربەستانە بیربکەینەوە. دواجاریش سوپاسی کاك شێرکۆ کرمانج دەکەم کە ئەرکی پیتچنینی نووسراوەکەی گرتە ئەستۆو خستیە سەر کۆمپیوتەرو زیاتر هانیدام بۆ لە چاپدان بۆ کوردستانی بنێرمەوە.

محەمەد کەمال
مێلبۆرن ـ 2001

## پێشەکی

ئەوەی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانیدی جیادەکاتەوە, بیرکردنەوەو پرسیارکردنە لە بوونی خۆی. بێجگە لە مرۆڤ هیچ زیندەوەرێکیدی پەنجەی پرسیار لە ئاستی خۆی هەڵنابڕێو ناپرسێ: من کێم؟ بۆچی لێرەم؟ کەی هاتمە ئێرە؟ کێ ئافەریدی کردووم؟ ژیان چیە؟ ئایا هیچ مانایەك دەبەخشێت, یان هیچ سودێکی هەیە؟ ئەی جیهان چیە؟ تا چ ڕادەیەك جیهان دەناسم؟ تۆ بڵێی بوونێکیتر لەودیو ئەم جیهانەوە هەبێت؟ مرۆڤ بۆچی دەمرێت؟ دوای مردن بۆ کێ دەڕوات؟ ئەم پرسیارانەو زۆر شتی تریش نهێنیەکانی "بوون"یان لەناو خۆیاندا شاردۆتەوەو مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژی داگیرسانی چرای "هۆش"یەوە بەناو شەوەزەنگی تاریکی سەر ئەم ئەستێرەیەدا بەدوای وەڵامەکانیاندا وێڵو سەرگەردانەو دەیەوێ دەرگای نهێنیەکان بخاتە سەرپشتو لەم ڕێگایەوە خۆی بکات بەخاوەنی گەردوون. خۆ وەنەبێت تاکو ئەمڕۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەدرابێتەوەو مرۆڤ نەیتوانیبێت گرێ کوێرەکانی بکاتەوە. ئەگەر بێتو تەماشای مێژووی ژیاری (شارستانیەت) بکەین, بەتایبەتی مێژووی سەرهەڵدانو



پەرەسەندنی فەلسەفە, دەبینین کە فەیلەسوفەکان ڕووناکییان خستۆتە سەر کێشەو مەسەلەکانی بوون, بەڵام لێکۆڵینەوەکانیان گەلێك لەیەکتر جیاوازنو تەنانەت زۆریش نارێكو ناکۆکنو هەرگیز لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن. بۆنموونە فەیلەسوفەکانی سەر بە فێرگەی ماتریالی "بوون"یان گەڕاندۆتەوە بۆ ماتریالو هەموو فۆرمێکی ئایینیو ئایدیالی لێدادەبڕنو بڕوایان بە هیچ هێزێکی میتافیزیکی نیە کە خولقێنەری "بوون" بێت.

لەلایەکیدیەوە ئایدیالیستەکان بەپێچەوانەی ماتریالیستەکانەوە "بوون" بە ئایدیا دادەنێنو ڕۆڵی ماتریال کەم دەکەنەوەو دەیکەن بە پاشکۆی ئایدیا. بوونخوازەکانیش (الوجودیین) لە ڕوانگەیەکی نوێوە, نە لەسەر ڕێڕەوی ماتریالیستیو نەئایدیالیستی, بەڵکو مرۆڤانە, واتە لەبوونی مرۆڤ خۆیەوە دەست بە گەشتەکەیان دەکەن, چونکە بەگوێرەی بۆچوونی ئەم فەیلەسوفانە مرۆڤ خاوەنو سەرچاوەی فەلسەفەیەو جگە لە بوونی مرۆڤیش هیچ شتێکیدی لە ژیاندا نیە هێندەی ئەو گرنگو بەهادار بێت. ئەنجا لەنێوان فەیلەسوفە ئایدیالیستەکانیشدا وەنەبێت ناکۆکیو ناتەبایی ڕووی نەدابێت. هەندێك راستی (حەقیقەت) بوون دەگەڕێننەوە بۆ دوو سەرچاوەی ماتەریالیو ئایدیالی, واتە خواو ماتریال بە هەمیشەیی (ئەزەلی) دادەنێنو ئەمەش پێی دەگوترێت "دوالیزم", واتە دوانەیی. بۆنموونە ئەفلاتۆنو ئەریستۆو دێکارتو زۆر فەیلەسوفی دیکەش سەربەم فێرگەیەن. چەند فەیلەسوفێکیدی وەکو فیختەو هێگڵو بارکلی هەموو شتێك بە ئایدیا دەزاننو بڕوایان بە ماتریال نیە, ئەمانەش بە مۆنۆئیزم واتە (یەکانەگی) ناو دەبرێن. لایبنیز وەکو زانا ئەتۆمییەکان سیستەمە ئایدیالیستیەکەی لەسەر مۆنادەکان دامەزراندوە کە

گیانەکینو لە ژماردن نایەن, واتە راستەقینە نەیەکێکەو نەدوانە, بەڵکو هێندەی ژمارەی مۆنادەکان راستەقینە هەیە.

مەبەستی من لێرەدا باسکردنی فێرگە فەلسەفیەکانو جیاوازی نێوانیان نیە, چونکە لە بەشەکانی داهاتوی ئەم نوسراوە بەدرێژی لەسەریان دەدوێم. تەنیا ئەوەندە بە خوێنەر رادەگەیەنم کە وەڵامی پرسیارەکان بەچەند شێوەیەك ئامادەکراون, ئەمەش بۆتە هۆی خولقاندنو داهێنانی کۆمەڵێك فێرگەی فەلسەفی جیاوازو دژبەیەك. هەروەها وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەش تەنیا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی فەلسەفەوە, چونکە جگە لە فەلسەفە هیچ بوارێکیدی نیە بتوانێ لە گۆرەپانی بەرینی "بوون"دا ئەسپی زانست تاو بداتو لە ڕوانگەیەکی بەرزەوە بنوارێتە سەرانسەری مەسەلەکانو پەنجە بۆ هەموو لایەنەکانی درێژ بکات. فەلسەفە وەکو کەشتیەکی پڕ چەكو ئازوقە توانیویەتی بەناو هەموو دەریاکاندا بگەڕێتو لە بەندەری راستیە شاراوەکاندا لەنگەر بخات. ئەنجا ئێستا کاتی ئەوە هاتوە لەخۆمان بپرسین, ئایا فەلسەفە چیە؟

فەلسەفە لە بنەڕەتدا ووشەیەکی یۆنانییە, کە لە دوو برگە پێکهاتوە: فیلۆ (philo) واتە خۆشەویستیو سۆفیا (sophia) واتە زانین. لەیەکدانی ئەم دوو ووشەیە دەبێتە "خۆشەویستی یاخود خولیای زانین". کەواتە فەیلەسوفیش ئەو مرۆڤەیە کە ئەڤینی زانین دەهێنێتە جۆشو خرۆشو بە شەوی تاریك ڕێگای ژیانی بۆ روون دەکاتەوە. با ئەو پرسیارەش لە خۆمان بکەین کە ئایا مەبەست لە "زانین" چیە؟ ئایا هەموو زانینێك دەبێت بە فەلسەفە؟ بۆنموونە ئەگەر لە مرۆڤێکی سادە بپرسین, ئایا منداڵ چۆن دروست دەبێت؟ لە وەڵامدا راستەوخۆ دەڵێت: منداڵ لە ئاکامی پەیوەندی سێکسی نێوان



ژنو پیاو دروست دەبێت, لە کاتێکدا ئەگەر هەمان پرسیار لە فەیلەسوفێك بکەین, ئەو قووڵتر بۆ مەسەلەکە دەچێتو بەشێوەیەکی لۆجیکمەندانە روونی دەکاتەوە کە چۆن سپێرم بەرەو رووی هێلکە دەچێتو هەردووك یەکدی دەگرنو رۆژ لەدوای رۆژ گۆرانیان بەسەردادێت, هەتا کۆرپەیەکی لێپێکدێتو دەگاتە تۆمانگەو لە دایك دەبێت. سەرەڕای ئەمەش روونی دەکاتەوە کە ئەو هۆیانە چین, ئارەزووی سێکس لە مرۆڤدا پەیدادەکەنو پاڵ بە ژنو پیاوەوە دەنێن لە "سێکس"دا یەك بگرن. بێگومان لەنێوان وەڵامی یەکەمو دووەمدا جیاوازییەکی گەورە هەیە. ئێمە ناتوانین زانیاریو چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفەکە لەگەڵ زانیاری مرۆڤە سادەکە بخەینە یەك تای تەرازووەوەو یەك پلەیان بۆ دابنێین. بەڕای هەندێ مێژووناس ووشەی فەلسەفە بۆ یەکەم جار لەلایەن شاعیری یۆنانی "هزیود"ەوە بەکارهێنراوە, هەندێکیش دەڵێن شاگردەکانی "فیتاگۆرس" توانیان لەناو پێناسەو فۆرمێکی تەواودا دایبڕێژنو ناوی بنێن: گەڕان بەدوای سروشتی شتومەکدا.[1] شیشرۆن لە زمانی "فیتاگۆرس" دەگێڕێتەوە کە "هەندێ کەس گوێ نادەنە ژیانی فەنتازیو رابواردنو دوای سامانو پارە ناکەونو بەمانە دەگوترێ فەیلەسوف".[2] هەندێ نوسەریش هەن, کە سەرەتای بەکارهێنانی ووشەی فەلسەفە دەگەڕێننەوە بۆ شاگردەکانی "سوکرات", تاکو لە ووشەی "سۆفیست"ی جیابکەنەوە

1 ـ د. محمد علی ابو ریان, *الفلسفة و مباحثها*, ل 21

2 ـ هەمان سەرچاوە, ل 21

## پێناسەی فەلسەفە

پێناسەی فەلسەفە یەکێکە لە گیروگرفتە سەرەکیەکان‌و کێشەیەکی هەرەگران, چونکە داتاشینی پێناسەیەکی نەگۆڕدراوو چەسپاو بۆ فەلسەفە کارێکی مەحاڵەو رووبەڕووی کۆڵانێکی تەنگەبەرو بنبەستمان دەکاتەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی‌و نەگونجان لە نێوان فەیلەسوف‌و فێرگە فەلسەفیەکاندا. بۆنموونە سوکرات دەڵێ: "فەلسەفە گەڕانە بەدوای راستیدا".[3] بەڵام ئایا راستی چیە؟ لەهەمان کاتدا ئەوەی لای سوکرات بە چاوی راستی تەماشای دەکرێت, لەلای فەیلەسوفێکیدی وەك "پرۆتاگۆراس" گەلێك لە راستیەوە دوورە. یان ئەرستۆ دەڵێ: "فەلسەفە گەڕانە بەدوای نەژادی بووندا".[4] ئەنجا بوون کە دەبێت بەبنچینەی راستەقینە لە فەلسەفەکەی ئەریستۆدا گەلێك لەو "بوون"ـە جیاوازو دوورە کە ئەفلاتۆن بیردۆزە نمونەییەکەی لەسەر دامەزراندووە. دوای سوکرات فەلسەفە زیاتر رووی کردە گیروگرفتەکانی ئاکارو شیکردنەوەی چاکەو خراپە, خۆشی‌و ناخۆشی, هەروەها خۆی لە لایەنە پراکتیکەکانی ژیان نزیککردەوە. دەبینین ئەو پێناسانەی لەم قۆناغەدا بۆ فەلسەفە داتاشراون پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە ئاکارەوە هەیەو بوارەکەشی تەسکتر بۆتەوە. "سنیکای رەواقی" لەو باوەڕەدایە کە فەلسەفە گەڕانە بەدوای چاکەدا. "ئەپیگۆر"یش زۆر بەتوندی دژی زانستی ماتماتیك وەستاوەو هەموو ئەو بۆچوونە تیۆریانەی رەتکردۆتەوە کە

3 ـ د. ماجد فخری, *ارسطو المعلم الاول*, ل22

4 ـ هەمان سەرچاوە, ل 22



لەناو ژیانی رۆژانەدا رەنگ نادەنەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەفلاتۆنییەتی نوێدا فەلسەفە خۆی بەستەوە بەخەڵوەت‌و پەڕینەوە بۆ جیهانی گیانەکی‌و یەکبوونی لەگەڵ "خودا". "ئەفلوتین"یش فەلسەفەی بەگەشتێکی سۆفیگەرانە داناوە کە مرۆڤ دەگەیەنێت بەخواو لەگەڵیدا یەکدەگرێت.[5]

ئاوڕدانەوەشمان لەسەردەمی نوێ‌و ئەمڕۆ ئەوندەیدی مەسەلەکە گران دەکات‌و کۆمەڵێ پێناسەی نوێ‌و لەگەڵ یەك نەگونجاو لەبەردەمماندا کەڵەکە دەکات. "دێکارت"[6] فەلسەفە بەو زانستە دادەنێت کە لە نەژادی بوون دەکۆڵێتەوەو بۆ بەختەوەری مرۆڤ تێدەکۆشێت. بەپێی بۆچوونی"هێگل" فەلسەفە ناسینی بوونی رەهایە.[7] "فیختە"ش وەکو ئەرستۆ فەلسەفە بەزانستی زانستەکان دادەنێت.[8]

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین, ئایا دەتوانین بەسەر جیاوازی‌و ناکۆکیەکانی ئەم پێناسە چڕانەدا زاڵبین‌و پێناسەیەکی پوخت‌و چەسپاو هەڵبژێرین کە بتوانێت دڵی هەموو کەسێك رازیبکات‌و ناکۆکیەکانی نێوان فێرگە فەلسەفییەکان لەناوخۆیدا حەشار بدات؟ دەستنیشانکردنی پێناسەیەك لەژێر هەرچی بارودۆخێکدا کارێکی نیسبیەو ئەگەر دڵی ئێمە رازیبکات, ئەوە مەرج نیە کەسانیدی وەکو ئێمە تەماشای بکەن‌و بڕوای پێبکەن. فەلسەفە وەکو بابەتیش هەموو

5 ـ عبدالرحمان البدوی, *خریف الفکر الیونانی*, ل 169

6 ـ دیکارت بە باوکی فەلسەفەی نوێ ناسراوە.

7 ـ د. محمد علی ابو ریان, *الفلسفة و مباحثها*, ل 57

8 ـ هەمان سەرچاوە, ل 58

لایەنێکی بوونی گرتۆتەوەو تەنانەت بچوکترین کەلێنی بەجێنەهێشتووە. لەکۆنەوە فەیلەسوفەکان هەوڵیان داوە لقو پۆپەکانی دیاری بکەنو بەشێوەیەکی سیستێماتی لێیبکۆڵنەوە. "ئەفلاتون"و شاگردەکانی بابەتەکانی فەلسەفەیان کردووە بە سێ بەشەوە:

دیالێکتیك

سروشتناسی

ئاکار

"ئەرستۆ"ش بەهەمان شێوە سێ بابەتی دەستنیشانکردوە, وەکو خواناسی یا "میتافیزیك", کە بە فەلسەفەی یەکەم دادەنرێتو پیرۆزترینو بەرزترین زانستە. ماتماتیكو سروشتناسیش لەم بەشەدا واتە لەبەشی یەکەمدا داندراون. بەشی دووهەم بریتییە لە زانستە پراکتیکەکانی وەکو ئاکارو رامیاریو ئابووری. بەشی سێهەمیش زانستە هونەریەکانە کە لە هۆنراوەو شانۆگەریو نیگارکێشانو رەوانبێژی ووتاربێژی (خیتابە) پێکهاتووە.[9]

رەواقیەکانیش فەلسەفەیان بە مرۆڤ شوبهاندوە, ئێسقانو دەمارەکان هەستکردنو "لۆجیك"ـەو دەروون "سروشتە"و گۆشتی لەشیش "ئاکارە". رەواقیەکان لەم تەشبیهەوە جیهانیان بە تەنێکی زیندوو داناوەو پەیڕەوی رەوتی یەکبوون (وحدە الوجود)یان کردووە.[10] "ئەپیگۆر" دوای ئەوەی ئاکار دەکات بە شای زانستەکانو

9 ـ ازڤیلد کولبە, *مدخل الی الفلسفە*, ل 12

10 ـ د. محمد علی ابو ریان, *تاریخ الفکر الفلسفی*, الجزء الثاني, ل 31–32



بەشێکی گەورەو گرنگی فەلسەفە, دیالێکتیكو سروشتناسیشی بە دوو بابەتیدی فەلسەفە داناوە,[11] بەڵام هیچ جێگایەکی بۆ ماتماتیك لە فەلسەفەکەیدا دەستنیشان نەکردووە. بەهەرحال ئەپیگۆر تەنیا فەیلەسوف نیە کە بەپێچەوانەی "ئەفلاتون"ـەوە بایەخی بە ماتماتیك نەدابێت, "هێگل"یش هەمان هەڵوێستی بەرامبەر ئەم زانستە دیاریکردوە, بەڵام هۆیەکەی هێگل گەلێك لە هۆیەکەی ئەپیگۆرەوە دوورە. بەڕای ئەپیگۆر ماتماتیك زانستێکی ڕەوانەو پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکەوە نیە, هۆیەکەی هێگل دەگەڕێتەوە بۆ دووری ماتماتیك لە دیالێکتیکەوە, بەتایبەتی لە یاسای "ناکۆکی"یەوە. فۆرمە ماتماتیکیەکان ناکۆکی لەناوخۆیاندا هەڵناگرنو هێزی دیالێکتیکیان تێدا نیە. بۆیە راستەقینە ماتماتیکیەکان ناگۆڕێنو (2+2) ناکاتە6, وەیاخود ناتوانین بڵێین دەکاتە چوارو ناکاتە چوار.

"دێکارت" فەلسەفە بە دارێك دادەنێت کە ڕەگەکانی میتافیزیکەو لقەکانیشی ئاکارو میکانیزمو پزیشکگەرییە.[12] "کریستیان گۆلف" هەرچەندە رایەکەی ئەرستۆیانەیە, فەلسەفەی کردووە بە دوو بەشی سەرەکییەوە: زانستە تیۆرییەکان, وەکو خواناسی (مێتافیزیك)و دەروونناسی (سایکۆلۆجی)و زیندەوەرناسی (بایۆلۆجی). دووەمیش بریتییە لە زانستە پراکتیکیەکان, وەکو ئاکارو ئابووریو رامیاری. "لۆجیك"یشی کردووە بە سەرقافلەیانو لە سەرووی هەموویانەوە دایناوە.[13] "فرانسیس بیکۆن" دوابەدوای ئەم فەیلەسوفانە سێ

11 ـ د. عوسمان امین, *الفلسفە الرواقیە*, ل 162

12 ـ د. محمد علی ابو ریان, *الفلسفة و مباحثها*, ل 107

13 ـ د. عوسمان امین, دیکارت, ل 283

خانەی فەلسەفەی لەیەکدی جیاکردۆتەوەو هەر خانەیەکی بەستۆتەوە بەلایەنێکی بوونەوە. لەم بۆچوونەوە بەڕای بیکۆن سێ جۆر فەلسەفە هەیە: فەلسەفەی سروشت, کە لە بوونی سروشت یا ماتریال دەکۆلێتەوە. فەلسەفەی ئایدیالی, کە لە بوونی خوا دەکۆڵێتەوەو سێیەمیش فەلسەفەی مرۆڤایەتییە کە بوونی مرۆڤ دەکات بەخاڵی سەرەتاو کۆتایی گەشتەکەی. بەمشێوە بۆمان دەرکەوت کە فەلسەفە تاکو بڵێی ئۆقیانوسێکی پانوبەرینەو هەموو بەشێکی ژیانو بوونی گرتۆتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە نەمانتوانی پێناسەیەکی تەواوی فەلسەفە دروست بکەین وە یاخود لە دەلاقەی دیدێکی تەسکەوە هەڵیبسەنگێنین. هەروەها بەپێچەوانەی هەموو زانستەکانەوە خۆی نەبەستۆتەوە بە تەنیا لایەنێکی بوونەوە.

## فەلسەفە و زانست

مەبەستی من لێرەدا بە هیچ جۆرێ ئەوە نیە کە فەلسەفەو زانستەکان لە یەکتر جیابکەمەوە. لەهەمان کاتیشدا ناتوانرێت زانست بکرێت بە فەلسەفە, یا فەلسەفەی کیمیا یا رووەکناسی بهێنرێتە ئاراوەو ناوی لێبنرێت فەلسەفە. گەڕانەوەمان بۆ مێژووی فەلسەفە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە زانستەکان لەناو منداڵدانی فەلسەفەدا پەیدابوونو لەدوای سەدەی شازدەوە لێی جیابوونەتەوە. گالیلیۆ گالیلای (1564ز– 1642ز)و لافوازێ (1742ز– 1794ز) فیزیكو کیمیایان بە زانستێکی سەربەخۆو جیا داناوە. کلۆد بێرنارد (1812–1878ز) سەربەخۆیی دەدات بە زیندەوەر ناسیو ئۆگیست کۆنت (1789–1857ز)و فۆنت (1835–1920ز) کۆمەڵناسیو



دەروونناسی جیاکردۆتەوە. کەواتە فەلسەفە دایکی زانستەکانەو سەربەخۆیی زانستەکان ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە. بەپێچەوانەوە, هەر یەکێك لە زانستەکان, چ سروشتی یا کۆمەڵایەتی, لەلایەکی بوون دەکۆڵێتەوەو خزمەتی راستەقینە فەلسەفییەکان دەکات.[14]

14 ـ ازفیلد کولبه، *مدخل الی الفلسفه*. ل 190

## بەشی یەکەم

## کێشەی بوون لە سەردەمی پێش سوکرات

دوای سەرنجێکی سەرپێیی لە ئاستی ئەو گیروگرفتانەی بۆ دانانی پێناسەیەکی نەگۆڕ بۆ فەلسەفەو روونکردنەوەی بابەتو جۆرەکانی ئەم شاکارە رۆشنبیرییە کەوتنە بەرچاومان, دەچینە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمانو هەولدەدەین کێشەی بوون لە کۆنەوە, واتە لە قۆناغی پێش "سوکرات"ـەوە تاکو ئیمڕۆ شیبکەینەوە.

قۆناغی پێش "سوکرات"یش دەکەین بە دوو بەشەوە: سەردەمی میتۆلۆجیاو ئەنجا لە سەردەمی "تالیس"ـەوە تاکو سوکرات. سەردەمی یەکەم بە ئەفسانە یان میتۆلۆجیا ناسراوە چونکە مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر ئەندێشەو لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی بوونو ژیان لەسەر زەمینەیەکی نازانستیانەو نائەزموونگەریو دوور لە راستی شیتەڵیکردۆتەوە. توێژینەوەی میتۆلۆجیا دەمانگێڕێتەوە بۆ ژیاری کۆنی بابلیو میسریو چینیو هیندیو یۆنانیو داستانە رەنگاوڕەنگو پڕ لە ئەندێشەو ئەفساناویەکانیان. لە کۆنەوە بابلیو میسریەکان



نەژادی بوونیان گەڕاندۆتەوە سەر "ئاو", لەو باوەڕەشدا بوون کە زەوی وەکو کەشتی لەسەر ئۆقیانوسی ئاو راوەستاوەو زیندەوەرەکانی لە خۆیدا هەلگرتووە. میسریەکان ئەو ئاوەیان ناونا "نون"و بە بنچینەی جیهانی خوارەوەیان داناوە. "هەوا"ش خوایەکیدی بابلیو میسریەکان بووە کە قاچی لە زەوی توندکردووەو ئاسمانی داوە بە کۆڵیدا, قەراغی ئاسمانیش قەراغی جیهانەو لەوێوە هیچ بوونێکیدی یا جیهانێکیدی دەستپێناکاتو ئەو جیهانەی تێیدا دەژین لە رووی شوێن (المكان)وە سنوردارە (محدود).

لەلای بابلیەکان گەورەترین هێز لە گەردووندا خوای "ئانۆ"یە وەك چۆن "زیۆس"ی خوای یۆنانییەکان بالاترین قودرەتو دەسەلاتی هەبووە. "ئەنلیل"یش خوایەکیدیکەیە کە سەرپەرشتی بوونەوەرەکانی سەرزەویو زریانی کردووەو, زەوییش هێمایە بۆ خێرو بەرهەمهێنانو ئاوەدانییەو بە خوای سێیەم دەژمێردرێت. ئاویش رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ژیانی ئابووری کۆمەڵدا, بەتایبەتی لە کۆمەلگا کشتوکالیەکانداو لە کۆمەلگا بابلیەکاندا بووە بە خوای چوارەمو پەرستویانە.[15] گرنگی ئاو یان رۆڵی ئاو لە ژیانو رێورەسمە (طقوس) ئایینیەکانی گەلانی رۆژهەلاتداو لەلای هیندیەکانیش جێگایەکی تایبەتی داگیرکردوە. هەر لەبەر ئەو هۆیە ئابوورییەی لە پێشەوە باسمکرد رووباری "کانگا" لە ولاتی هیند کە سەرچاوەیەکی گەورەی ژیانی ئابووری ناوچەکەیە بە پیرۆز دانراوەو بووە بە تابوو. ئەوەی گرەنگەو لێرەدا پێویستە پەنجەی بۆ رابکێشرێت, بریتییە لە بایەخ نەدانو باسنەکردنی مرۆڤ و رۆلی مرۆڤ لە قۆناغی میتۆلۆجیادا.

---

15 ـ هـ. فرانكفورت و جماعه, *ما قبل الفلسفه*, ل 60

ئەفسانەکان زیاتر خۆیان بە بوونی گەردوونو خواکانو جەنگی نێوان خواکانەوە خەریك کردووە ئاوڕیان لە مرۆڤـ و تایبەتمەندی مرۆڤـ نەداوەتەوە. تەنانەت مرۆڤیان وەکو کۆیلەیەکی بێچارە داناوەو, کە توانای بڕیاردانو هەڵبژاردنی نیەو یاری دەستی چارەنووسو خواکانە. خواکانی ئەو قۆناغە ماتریالینو زۆر جیاوازن لە خوای ئایینە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست, چونکە خوای جولەکەکانو مەسیحیەکانو موسولمانەکانو تەنانەت خوای زەردەشتیەکانو چەند فێرگەیەکی ئایینی هیندی دوورە لە فۆرمی ماتریالیو گیانەکییە (روحی). ئەمە تەنیا جیاوازیەك نیە لە نێوان خواکانی سەردەمی میتۆلۆجیاو ئایینە ئاسمانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێمە دەتوانین گەلێك جیاوازی دیش بخەینە روو, بەڵام لێرەدا پێویست بە درێژکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ناکات. تەنیا ئەوەندەم مەبەستە کە خوای بابلیەکانو میسریەکان بە خوایەکی گیانەکی یا هۆشەکی پەتی تێنەگەین, بەڵکو ئەوان ئەو هێزە سروشتیانە بوون کە مرۆڤـ بە گرنگو پێویستیان داناون, وەکو ئاو یان زەوی. لەلایەکیدیشەوە هەندێ هێزیدی بوون کە بە هێزی روخێنەرو دەسەڵاتدار ناسراونو هەڕەشەیان لە بوونی مرۆڤـ کردووە, وەکو ئاگر, هەورەبروسکە...

کەوابوو چەند هۆیەك (نەك تەنیا یەك هۆ) کۆدەبنەوەو سەرەتای بیروباوەڕی ئایینیمان بۆ دەهێننە کایە. ئەو هۆیانەش بەتێکڕا دەگەڕێنەوە بۆ باری کۆمەلگەیو مرۆڤایەتیو ترسی مرۆڤـ لە دیاردە سروشتیەکانی وەکو زریانو بومەلەرزەو هەورەبروسکەو زۆر شتیدیش. هەروەها بۆ دواکەوتوییو تێنەگەیشتنی مرۆڤ لەئاستی رواڵەتو دیاردە سروشتیەکاندا.



میتۆلۆجیای یۆنانیەکان هیچی لە میتۆلۆجیای بابلیو میسریەکان کەمتر نەبووە, لە ئەمیشدا بە هەمانشێوە باسی بوون کراوەو خۆشیو ناخۆشیو شەڕو ئاشوبو بەختەوەریو چاکەو خراپەی تێیدا بەستراوە بە چارەنووسو دەسەڵاتی خواکانەوە. بەتایبەتی مەسەلەی چاکەو خراپەو پاداشتو سزادان لەلایەن خواکانەوە بەشێکی گەورەی ئەدەبی "هۆمیرۆس"و "هزیود"ی گرتۆتەوە. هۆمیرۆس "زیۆس"ی بە خوای خواکان داناوە. زیۆس بەلای ئەمەوە خاوەنی دەسەڵاتی رەهایەو سەرچاوەی چاکەو خراپەشە لە ژیانی مرۆڤدا, هەر بۆیەش ئەفلاتۆن لە کۆمارەکەیدا هێرشێکی توندی کردۆتە سەر زیۆسو رێگا نادات لەژێر سایەی کۆمارەکەیدا بژی. خوا لەلای ئەفلاتۆن پاكو خاوێنەو خسڵەتی ناڕەوایيو بەد نابێ بگرێتە خۆی. هزیۆد کە دوابەدوای هۆمیرۆس دێت, "ئۆلیمپ"ی خستۆتە هاوشانی "زیۆس"و بە خوای خواکانی ناساندوە, "هزیۆد"ی شاعیر لە کۆنەوە زەوی بە تەنێکی خڕ داناوە. بەگوێرەی بۆچوونی ئەم شاعیرە ئەو تەنە خڕەش کەوتۆتە نێوان تاریکیو رووناکییەوەو بە پێنج قۆناغی پەرەسەندندا تێدەپەرێ کە لە دوا قۆناغدا ناخۆشیو خراپە هەموو کونو کەلەبەرێکی جیهان دادەپۆشێو ژیان بەرەو نەمانو کوژانەوە دەبات.

ئایینی "ئۆرفیۆس" دەسەڵاتو نەمری گەڕاندۆتەوە بۆ خوای "دیۆنۆسیس", کە بە خوای خۆشیو مەیو حەزو ئارەزوو ناسراوە. ســەرەڕای کارتێکردنی ئایینــی هیندی, بەتایبەتی بڕوابوون بە لاشەگۆرکێ (Reinkarnation), ئایینی ئۆرفیۆس لەئاستی خۆیەوە جێگای لەناو بیرو باوەڕەکانی فیتاگۆرسو ئەفلاتۆندا کردۆتەوە. ئۆرفیۆسیەکان بوونی مرۆڤیان کردووە بە دوو بەشەوە: لایەنی چاکەو لایەنی خراپە لە ڕووی ئەفسانەشەوە باسی نەژادو بناغەی ئەم دوو

لایەنەیان کردووە. سەرچاوەی لایەنی چاکە لە بوونی مرۆڤدا لە خوای "دیۆنۆسیس"دا خۆی دەبینێتەوەو لەوەوە هاتوەتە ناو لەشی مرۆڤ. لایەنی خراپەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ خوای زاڵمو خراپ, واتە "تایتان"ـەکان کە سەرچاوەی ئاژاوەو گوناهکردنن لەسەر زەوی. دەسا بابزانین, ئایا لایەنەکانی چاکەو خراپە چۆن لە بوونی مرۆڤدا سەریان هەڵداوە؟ بە رای ئۆرفیۆسیەکان لە گەردووندا بۆ یەکەمجار کات دێتەگۆڕێ "ماتریالی ئەثیر"و تاریکی دروست دەکات. لەناو ئەثیردا هێلکەیەك بە رێکەوت پەیدادەبێو دەبێت بە دوو بەشەوە. بەشێکی ئاسمانەو بەشەکەیدیشی زەویە. دوای ئەم ڕووداوە خوا لەناو ڕووناکیدا هەڵدەقولێتو دێتە دەرەوە, بە مەبەستی ئەوەی کە سەرپەرشتی گەردوون بکات. زەوی لە ئەفسانەکاندا هەمیشە هێما بووە بۆ ژنو شوو بە ئاسمان دەکاتو سێ کچو شەش کوڕیان دەبێت. کوڕەکانی ئاسمان وەکو کوڕەکانی "براهما" لە ئەفسانەی هیندیدا کەڵکەڵەی کوشتنی باوکیان دەکەوێتە کەللە. لەم پیلانەدا, وەکو هیندیەکان باسی دەکەن, براهما بە تەنیا نەبوەو بەڵکو یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی "شیڤا" پشتگیری دەکاو برا پیلانگێڕەکانی دەکوژێو باوکی رزگاردەکات. بەپێچەوانەی میتۆلۆجیای هیندیەوە, خوای ئاسمان لە ئایینی ئۆرفیۆسدا کەس پشتیوانی لێناکاتو ناچار خۆی بڕیار لەسەر کوشتنی کوڕەکانی دەداتو فڕێیان دەداتە ناو ڕووباری "تارتارۆس"ـەوەو دەخنکێن.

زەوی یان با بڵێین دایکی کوڕەکانو ژنی ئاسمان گەلێك لە هەڵوێستی مێردەکەی دلگران دەبێتو سوێند دەخوات تۆڵەیان بستێنێت. بۆ ئەم مەبەستە سکی بە "تایتان"ـەکان پڕ دەبێتو دەیانهێنێتە دنیا. "تایتان"ـەکان دەروونیان پڕە لە خراپەو ڕقو



زوڵمکردنو تۆڵەسەندنی براکانیان. یەکێك لە "تایتان"ـەکان بە ناوی "کرۆنوس" باوکی دەکوژێو ئاسمان داگیردەکاتو "ڕیا"ی خوشکی مارەدەکات. کرۆنوس لە ڕیا چەند منداڵێکی دەبێتو هەمان ترس دەکەوێتە دڵیەوەو وا تێدەگا کە منداڵەکانی نیازی کوشتنی باوکیان هەیە. لەبەرئەوە یەکەیەکە دەیانخوات. "ڕیا"ی دایکیان زوو دەستپێشخەری دەکاو یەکێکیان بە ناوی "زیۆس" ڕزگاردەکاتو ڕەوانەی دوورگەی "کریت"ی دەکات. زیۆس دەتوانێ ڕووناکی قووت بداتو هێزێکی بێپایان بۆخۆی وەدەست بهێنێتو سەرەتاو کۆتایی بۆ بوونەوەرەکان دابنێت. ئەنجا کرۆنوسو ڕیا منداڵێکیدیکەیان دەبێت بە ناوی "دیۆنۆسیس", بەڵام "تایتان"ـەکان دەیکوژنو دەیخۆن. کاتێ زیۆس ئاگاداری کوشتنی دیۆنۆسیس دەبێت بە هەورەبروسکە هەموو "تایتان"ـەکان دەکوژێو دیۆنۆسیس زیندوو دەکاتەوەو لە لاشەی "تایتان"ـەکان مرۆڤ دروستدەکات.[16]

بەپێی ئەم ئەفسانەیە لایەنی خراپە لە مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ تایتانەکانو لایەنی چاکەش بۆ دیۆنۆسیس. مەسەلەی بوون لەلای هیندیەکان هەرچەندە بە شێوەیەکی ئەفساناوی باسکراوەو بیروباوەڕی ئایینیشی تێهەڵکێش کراوە جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەفسانەی بابلیو میسریو یۆنانی هەیە. ئەفسانە هیندیەکان لە کۆنەوە نووسراونەتەوەو بە گوتەی خوا دانراون. بۆچوونی هیندیەکان تەنانەت لە زۆر ڕووەوە بۆچوونێکی سۆفیگەرانەیەو لە فۆرمێکی سیستەماتیکدا داڕێژراوە. بەگوێرەی دیدی هیندیەکان, وەکو لە نوسراوی "گیتا"دا ڕوون کراوەتەوە, سروشتو زیندەوەرەکان یاخود

16 ـ هەمان سەرچاوە, ل 158

"بوون" به هەردوو شێوەکەیەوە ئۆرگانیو نائۆرگانی وەکو دوو ووزە لە خودی خواوە دەرباز بوون. ووزە زیندووەکە کە بووە بە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ و گیاندارانیدی تووشی داوی عەشقی ماتریال دەبێتو دەیکات بە مەڵبەندی خۆیو لێرەوە ژیانی مرۆڤ و تاکەکان دەستپێدەکات. ووزە گیانەکیەکەی خوا لە شێوەی ئەتۆمی ووردو زۆر بچوکدان, وەکو مونادەکانی Leibniz، لەناو دڵی هەموو زیندەوەرەکاندا نیشتەجێ بوون.

کەوابوو سروشت بە هەموو فۆرمەکانیەوە, چ ئۆرگانی وەیا نائۆرگانی, بەشێکە لە زاتی خوا. ئەمە لەلایەك, لەلایەکیدیشەوە دەروونی زیندەوەرەکان لە کرمێکی ناو گڵەوە هەتا دەگات بە مرۆڤ ئەو ئەتۆمانەن کە لە خودی خواوە وەکو تیشکی خۆر دەرباز بوون. جا لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازیەکی مێتافیزیکی لە نێوان مەیمونو مرۆڤ یان مرۆڤ و مێشێکدا نیە چونکە هەردووکیان لە خودی خواوە هەڵقوڵاون.

هیندیەکان لە دیدی ئەم سیستەمە ئایینیەیانەوە بڕوایان بە سەربەخۆییو تایبەتمەندی خودی مرۆڤ نیە چونکە ئێمە هەرچییەك بینو لە هەر شوێنێك بین یان خەڵکی هەچ وڵاتێك بینو نیشتمانی یەکەممانو رەسەنمانو رەگەزمانو نەتەوەمان هەر خودی خوایەو ئێمە هەموو خسڵەتەکانی خوا دەلکێنین بە خۆمانەوە. ئەنجا ئەو ئاکامە دێتە دەست کە سێکسو نەتەوەو زمانو زۆر شتیتر لە راستەقینەوە دوورن.

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە مەسەلەی "بوون"و جێگای مرۆڤ لەگەردووندا لەلای گەلە کۆنەکانی پێش سەرهەڵدانی فەلسەفەو زانست چۆن باسکراونو لەم رووەوە چ رێگاو رەوتێکیشیان گرتۆتە بەر.



تاریکایی ناو ئەفسانەکان لە ژیاری مرۆڤایەتیدا وەکو خۆی نەمایەوە. ئەو تاریکاییە رۆژبەرۆژ لەگەڵ بەرەوپێشچوونو پەرەسەندنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی رەواوەتەوەو ئاسمانی بەرینو بێپایانی گەشتوگوزاری رۆشنبیری رووناك بۆتەوە. بەتایبەتی لە دایکبوونی فەلسەفە مژدەی بەرەبەیانێکی رووناکتری بە مرۆڤ داوەو بە بەردەوامی تاکو ئەمڕۆ بۆ بەدەستهێنانی کلیلی نهێنیەکانی بوون تێکۆشاوە.

## سترةتاي ثةيدابووني فةلسةفةو قؤناغي كؤسمؤلؤجي

مێژوونووسانی فەلسەفەی یۆنانی بەتێکڕا دەکرێن بە دوو دەستەوە, دەستەی یەکەمیان (وەکو Ritterی ئەڵمانیو Renanی فەرەنسیوZeller) کولتورو ژیاری یۆنانیەکان بە رەسەن دادەنێن.[17] دەستەی دووەمیشیان بە پێچەوانەی زانایانی دەستەی یەکەم فەلسەفەی یۆنانی دەبەستنەوە بە رۆژهەڵاتەوە. (Meyer)ی ئەڵمانی لەم بارەیەوە دەڵێت "یۆنان کاتێك پەرەیسەند, کە لە رێگای ناوچەکانی (Ayona) و (Ilia)وە ناسیاوی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا پەیداکرد". بەگوێرەی بۆچوونی Dunker لە یۆناندا هیچ بوارێك بەدی ناکرێت کە جێپەنجەی رۆژهەڵاتی پێوە دیـار نەبێت. رۆبێرتسـنیـش (Robertson) دوای هەمان بیروڕا کەوتوەو وێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئایینەکانی رۆژهەڵاتو یۆناندا بەدی دەکات.[18]

---

17 ـ احمد فواد الاهوانی, *فجر الفلسفه الیونانیه*, ل 29

18 ـ اسماعیل مظهر، *فلسفة اللذة والالم*, ل 19

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا لێی بدوێین، کەلتووری ئایینی کۆنی یۆنانیەکانو ئەدەبی کلاسیکی هۆمیرۆسیو هزیۆدنییە، ناوەڕۆکی باسەکەمان کە کێشەی "بوون"ـە لەژێر تیشکی فەلسەفەدا شیکراوەتەوەو هەلسەنگێندراوە. فەلسەفەش قۆناغێکی نوێترەو دوابەدوای سەردەمی میتۆلۆجیا دێتو کۆتایی بە سەردەمی میتۆلۆجیا دەهێنێت. تەنانەت ئەگەر کارتێکردنی ئایینەکانی ڕۆژهەلات بۆ سەر ئاینو ئەدەبی یۆنان لە قۆناغی میتۆلۆجیدا بدۆزینەوە ناتوانین حوکمی ئەوە بدەین کە شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانیەکان وەکو ئایینەکەیان شەقلی ڕۆژهەلاتی هەلگرتوەو تامو بۆی ئایینی هیندیەکانو بابلیەکانی بە ئاشکرا گرتوەتە خۆی. خۆ ئەگەر بابلیەکان پێش یۆنانیەکان داستانی "گەلگامێش"و "عەشتار"یان نووسیبێتەوەو هیندیەکانیش لە "ڤیدا"کانیاندا باسی دروستبوونی گەردوونو پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤیان کردبێت، ئەوا هیچ کامێکیان نەیان توانیوە وەکو یۆنانیەکان رەوتێکی هۆشەکی پەتیو لۆجیکمەندانە بگرنە بەرو خۆیان لە ئایینو تەمومژی ئەفسانەکان بەتەواوی رزگار بکەن. ڕاستە ژیاری ڕۆژهەلات گەلێك لە ژیاری یۆنانیەکان کۆنترەو دەشێت زەخیرەی ئەدەبیشی دەوڵەمەندتر بێت، بەلام شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی بۆ یەکەمجار لەلای یۆنانیەکان سەریهەڵدا.

لە بەرەبەیانی ساڵەکانی 600ی پێش زاییندا، وەکو تەقینەوەی کێوێکی ئاگرین وەیان لە شێوەی هەڵهاتنی خۆرێکی ئاوانەبوودا، تالیس مەدالیای فەلسەفەی لە بەرۆکی ژیاریداو تاریکایی سەردەمی میتۆلۆجیای رەواندەوەو بانگی قۆناغێکی نوێی بە گوێی مرۆڤایەتیدا هەڵدا. هەر لەو ڕۆژەدا کۆرپەی ساوای فەلسەفە هاتە دنیاوە هەر لەو



ڕۆژەدا پەنجەکانی فێری خامەگرتن بوون هەر لەو ڕۆژەدا پێی گرتو کەوتە پێڕەوکەو هەر لەو ڕۆژەشەوە تاکو ئەمڕۆ بێوچان لە گەڕاندایەو وێڵە بەدوای ڕاستەقینەی "بوون"دا.

لەوبەرە بەیانەوە مێژووی لە دایکبوونی فەلسەفە دەست پێدەکاتو سواری گالیسکەی سەدەکان بووەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زەخیرەی ژیاری چڕترو بە سامانتر کردووە. لەم قۆناغە بە دواوە ڕۆشنبیران بە زانستیانەو دوور لە دیدی ئایینیو ئەفسانە روویان کردە سروشتو توێژینەوەی نەژادو ڕوخساری بوونیان گرتە ئەستۆ. لە سەرەتاوە فەلسەفە خۆی بە بابەتە ماتریالیەکانی ناو سروشتەوە بەستەوەو ئەو بابەتانەی هەڵسەنگاند کە هەستی مرۆڤ دەیاندۆزێتەوە بۆیە قۆناغی دەستپێکردنی فەلسەفە بە قۆناغی کۆسمۆلۆجی دادەنرێت.[19]

## فێرگەی ئەیۆنی

لەقۆناغی کۆسمۆلۆجیدا چوار فێرگەی سەرەکیمان هەیەو هەر یەکەیان بۆچوونی تایبەتی خۆیان بەرامبەر بەکێشەکانی "بوون" دەستنیشان کردوە. یەکەم فێرگە بریتییە لە فێرگەی ئەیۆنیو دەگەڕێتەوە بۆ تالیس (Thales) (624–546پ.ز). وەکو لەوەو پێش باسمانکرد تالیس بە باوکی فەلسەفە دادەنرێتو یەکەم کەس بووە کە بەدوای هۆیەکانی "بوون"دا گەڕاوەو بەستوونی بە

19 ـ هەمان سەرچاوە، ل 180

ئەنجامەکانیانەوە.[20] لەلایەکی‌دیکەوە نیتشە دەڵێت: ئەوەی کە "تالیس"مان بۆ دەکات بە فەیلەسوف بریتییە لە روانگە سۆفیگەریەکەی بەرامبەر بە "بوون".[21]

زانایانی فێرگەی ئەیۆنی لە تالیسەوە تاکو ئەنەکسیمانس‌و هیراکلایدس "بوون"یان گەراندوەتەوە سەر توخمێکی دینامێکی هەمیشەبوویی. بەڕای تالیس "ئاو" سەرچاوەی "بوون"ـە. ئەم بۆچوونەش گەلێك لە ئەفسانەی بابلی‌و میسریەوە نزیکە، بەڵام با لەیاد نەکەین کە تالیس توێژینەوەکەی لەسەر زەمینەی ئەفسانە دانەمەزراندووە, بەڵکو هەوڵیداوە زانستیانە بڕوانێتە مەسەلەکە ئەگینا هیچ جیاوازیەك لە نێوان دیدی تالیس‌و بۆچوونە مێتۆلۆجیایەکانی پێش فەلسەفە نەدەبوو. بالێرەدا ئەم پرسیارە بخەینە ڕوو کە بۆچی تالیس "ئاو" بە توخمێکی میتافیزیکی گرنگ دادەنێت؟ سەرنجەکانی تالیس لەم ڕووەوە بەستراونەتەوە بە دوو هۆکارەوە:

یەکەم: گرنگی ئاو بۆ ژیانی زیندەوەر. لەم ڕووەوە "فلوترخوس"یش هاوبیری "تالیس"ـە. ئەمە جگە لەوەش کە ئاو لەناو هەموو شتێکدا هەیە.[22]

دووەم: دینامیکی ئاو، بۆنموونە ئاو لەکاتی بەرزبووەنەوەی پلەی گەرما بۆ ژوور 100پلەی سانتیگراد, دەبێت بەهەڵم‌و لەژێر سفریشەوە دەیبەستێت‌و دەبێت بە سەهۆڵ. ئەوەی راستی بێت ئەم دوو هۆکارە بوونەتە هاندەری "ئەنەکسیمانس"و گۆڕانی

20 ـ کۆسمۆلۆجی ووشەیەکی لێکدراوە "کۆسمۆ" واتە سروشت‌و "لۆجی" زانست.

21 ـ د. محمد عبدالرحمن مرحبا، *من الفلسفه اليونانيه الى الفلسفه الاسلاميه*, ل 86

22 ـ فلوترخوس: *في اراء الطبيعة*, ل 97



توخمە شلەکەی تالیس بۆ هەوا کە لە دواییدا باسیدەکەین. جا لێرەدا بابزانین, ئایا بیردۆزە فیزیکیەکەی تالیس لە چ ڕوویەکەوە سۆفیگەریەو بۆچی نیتشە ئەم تۆمەیەی خستۆتە پاڵ تالیس؟

تاکو ئەم ساتە تالیس بە فەیلەسوفێکی ماتەریالیستی دەژمێردرێت‌و بیردۆزەکەی تێکەڵی بیروباوەڕە میتافیزیکی‌و ئایینیەکان نەکردووە. دوای ئەمە هاتووە خۆی داوەتە دەست بیروباوەڕە ئایینیەکان‌و جیهانی بە تەنێکی زیندوو داناوە. جیهان, وەکو تالیس دەڵێت, پڕە لە خوا. ئایا مەبەستی تالیس لەم گوتەیە چیە؟ تۆ بڵێیت تالیس "ئاو" بەخوا دابنێت؟ یاخود بڕوای بەخوا یان بەهێزێکیدی هەبووبێت, کە "ئاو"ـەکەی دروست کردبێت؟ ئەگەر ئەو هێزە هەبێت ئایا چۆنە؟ پەیوەندی بە جیهانەوە چیە؟

دیدە میتافیزیکیەکانی تالیس هێندە ڕوون نین‌و بەدرێژیش باس نەکراون. جا ئەگەر تالیس بڕوای بە خوا بووبێت نازانین بڕوا بوونەکەی چۆن بووە. بەڵام وەکو ئەریستۆ دەڵێت تالیس ویستوویەتی گیان بە بەری جیهاندا بکات‌و خۆیشی لەو ڕایە دابووە کە جیهان پڕە لە خوا، واتە خوا لەناو جیهاندایە, یان جیهان‌و خوا, وەکو سپینۆزاو ئیبن عەربی‌و شاگردەکانی ڕێبازی یەکانەگی بۆیچوون, یەك شت‌و لەیەك جیا ناکرێنەوە. شیشرۆن لەگەڵ ئەریستۆدا هاوڕا نیەو بەجۆرێکی‌دی مەسەلەکەمان بۆ باس دەکات‌و تالیس لە ڕێبازی یەکانەگی بوون (وحده الوجود) دوور دەخاتەوەو دەڵێت: تالیس بڕوای بە هۆشێکە کە جیهانی لە ئاو دروست کردبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هۆش لە پێش جیهاندا بووەو هەر ئەمیش بڕیاری لەسەر بوونی جیهان داوە. جا لەم حاڵەتەدا ناتوانین پەیوەندی نێوان ئەم هۆشەو جیهان بە هیچ جۆرێك بەپێی ڕێبازی یەکانەگی لێکبدەینەوە.

جا کەواتە دەبێت تالیس بکەین بە فەیلەسوفێکی مۆنیستی (یەکانەگی) یان دووالیستی (دوانەیی). ئەم کارەش لە خۆیدا پێویستی بە بەڵگەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆرو فراوان هەیە.

ئەنەکسیمانس (Anaximenes) (588–524پ.ن) بەپێچەوانەی "تالیس"ـەوە "بوون"ی گەڕاندۆتەوە بۆ سەر "هەوا". ئەم بیردۆزەیەی ئەنەکسیمانس هیچی لەوەی تالیس کەمترو زیاتر نیە تەنیا ناوی توخمەکان جیاوازن. دیسانەوە دینامیکی هەواو گرنگیی بۆ ژیان بوونەتە هاندەر بۆ ئەنکسیمانسو دەربارەی دینامیکی هەوا دەڵێت: کاتێ هەوا دەکشێت دەبێت بە ئاگر کە گرژ بۆوە دەبێت بە هەور, خۆ ئەگەر لەوەش زیاتر گرژ بوو دەبێت بە ئاوو ئەنجا بە خۆڵو خۆڵیش لە دوایيدا دەبێت بە بەرد.[23]

مەسەلەی بوون لەلای هیراکلایدس (Heraclitus) (540ـ475پ.ن)و ئەنەکسمیندەر (Anaximander) (610–547پ.ن) گۆڕانیان بەسەر داهاتووەو کەمێك بەرەو پێشەوە چوون. توخمە کۆسمۆلۆجیەکان فۆرمێکی ماتریالی زەقیان وەرنەگرتوە. هیراکلایدس خسڵەتێکی دینامیکی هەمیشەیی بەخشیوە بە "بوون", واتە بڕوای بە وەستانی نیە. "مرۆڤ ناتوانێت دووجار قاچی بخاتە ناو ئاوی رووبارێکەوە, چونکە لە کاتی قاچ هەڵهێنانەوەدا ئاوەکە دەگۆڕێت".[24] گۆڕانی هەمیشەیی لەسەر یاسای بەگژیەکداچوونی بابەتە ناکۆکەکان پەیدا دەبێتو جەنگێکی لەبن نەهاتوو لە هەموو کونو کەلەبەرێکی جیهاندا بەرپا دەبێت. هەر ئەم جەنگەش بابەتە

23 ـ یوسف کرم، *تاریخ الفلسفه الیونانیه* , ل 160

24 ـ د. محمد علی ابوریان وجماعه، *هرقلیدس فیلسوف التغییر*, ل 39



کۆنەکان دەڕوخێنێتو بابەتی نوێتر دێنێتە کایەوە، "جەنگ باوکی هەموو شتێکە, هەندێ شتی کردووە بەخواو هەندێ بە مرۆڤـ, هەندێ ئازادو هەندێ کۆیلە".[25]

دوای دامەزراندنی سیستەمی بوون لەسەر بناغەی دیالێکتیك, هیراکلایدس هاتوەو نەژادی "بوون"ی گەڕاندۆتەوە سەر ئاگر. توخمەکانی دیش (وەکو ئاو, هەوا, خۆڵ) بەشێوەیەکی لێژکێشی (تنازلي) لە ئاگر پەیدادەبن. ئاگر دەبێت بە هەواو هەواش بە ئاوو لەدوایيدا ئاویش دەبێت بە خۆڵ ئەم توخمانە دووبارە بەشێوەیەکی ژوورکێشی (تصاعدي) دەبنەوە بە ئاگر. رێگای لێژکێش رێگای خولقاندنی گەردوونو بوونەوەرەکانە, ژوورکێشیش رێگای داڕوخانو گەڕانەوەیە بۆ توخمە رەسەنەکان. لێژکێشیو ژوورکێشی پێکەوە لە چوارچێوەی بازنەیەکی کاتیدا روو دەدەن کە هیراکلایدس بە ساڵی گەردوونی (السنه الکبری – Universal Year)یان ناو دەبات هۆی داڕوخانی "بوون"یش وەیان سەرلەنوێ ژوورکێشی توخمەکان بۆ ئاگر, لەناوچوونی بەهاکانی ئاکار لە گەردوونو ژیانی مرۆڤدا نیشان دەدات. بۆ ئەوەی دیسانەوە جوانیو بەهای ژیان بێنەوە کایە جیهان دەڕوخێتو دروست دەبێتەوە, ئەم گۆڕانکارییەش هەڕەمەکی نیەو لەخۆیەوە روونادات, بەڵکو –زیۆس– یاخود خوا لەپشت هەموو گۆڕانو جوڵانێکەوەیەو بڕیار لەسەر دامەزراندنو رووخانی جیهان دەدات.

ئاگر لە فەلسەفەکەی هیراکلایدسدا هەمیشەییەو کەس دروستی نەکردووە. "جیهان هەربووەو هەر دەبێت, ئاگرێکی هەمیشە بووەو

25 ـ احمد فواد الاهوانی، *فجر الفلسفه الیونانیه* , ل 122

لەسەر پێوانەیەکی تایبەتی داگیرساوەو لەسەر پێوانەیەکی تایبەتیش دەکوژێتەوە".[26] ئەوەی کە لێرەدا کێشە دێنێتە ڕێگامان بریتییە لە چۆنیەتی ئاگرەکەی هیراکلایدس. هەموو دەزانین کە ئاگر ماتریال نیە, بەڵکو ووزەی ماتریالە, واتە هەتاکو ماتریالێك نەبێتو ئاگری نەگرتبێت, ناتوانین هەست بە بوونی ئاگر بکەین. بوونی ماتریال, چ لە ڕووی لۆجیکەوە وە چ لە ڕووی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەمانەوە, هەمیشە پێش بوونی ئاگر دەکەوێت. جا ئەگەر ئاگر هەبێت, دەبێت ماتریالیش هەبێت, کەوابوو ناتوانین بڵێین ئاگر هەمیشەیی بووەو لە پێش بوونی هەموو شتێکەوە دێت. "برانت"و "بیجەر" ماتریالیستیانە بۆ مەسەلەکە چوونو هیراکلایدس بە فەیلەسوفێکی میتافیزیکی لە قەڵەم نادەن. بەهەرحاڵ من لەگەڵ ئەم ڕایەدا هاوڕانیم, چونکە کێشەکەی لەمەڕ هیراکلایدس (کە ئاگر بەخوا دادەنێت) بە دوو جۆر لێکدەدرێتەوە. دەتوانین بڵێین, هیراکلایدس ویستویەتی ئاگر بخاتە پلەی خوایەتی یان خوای بە ئاگر داناوە. لەم حالەتەشدا ئاگر لەلای هیراکلایدس ئاگرێکی زیندوو هۆشەکییە. "ئاگر جیهان دەجولێنێت, کاتێ بەسەر هەموو بوونەوەرەکانیدیکەدا بەرز دەبێتەوە, فەرمانڕەوایی هەموویان دەکات".[27] هیراکلایدس لەهەمانکاتدا لەو بڕوایەدایە, کە "مرۆڤ هۆشیار نیە, بەڵکو هۆش چواردەوری داوە".[28] بیروباوەڕەکانی هیراکلایدس کاریان کردۆتە سەر فیتاگۆرسیەکانو ئەفلاتۆنو نیتشە. فیتاگۆرسیەکانو نیتشە ساڵی گەردوونی لە

26 ـ د. محمد علی ابوریان وجماعه، *هرقلیدس فیلسوف التغییر*, ل 49

27 ـ د. احمد فواد الاهوانی، *فجر الفلسفه الیونانیه*, ل 105–106

28 ـ د. محمد علی ابوریان وجماعه، *هرقلیدس فیلسوف التغییر*, ل 76



فەلسەفەکەیاندا دووبارە دەکەنەوەو بڕوایان بە گەڕانەوەی مرۆڤ هەیە لە ساڵێکی گەردوونی دیدا بۆ هەمان شوێنو لە فۆرمێکی باشتردا. "ئۆدیمۆس"ی شاگردی ئەریستۆ دەڵێت: "ئەگەر بڕوا بە فیتاگۆرسیەکان بکەین, ڕۆژێکیدی دێتە کایەوە کە جارێکیدی هەموومان لەم جێگایەدا کۆببینەوەو قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەین".[29] ئەفلاتونیش فەلسەفە فیزیکیەکەی لەسەر بناغەی بیردۆزە دیالێکتیکیەکەی هیراکلایدس بنیاتناوە. ئەنەکسیمێندەر زانایەکیدی ئەم فێرگەیەیە کە بە پێچەوانەی هەموو ئەیۆنیەکانەوە "بوون" دەگەڕێنێتەوە سەر توخمێکی هەمیشەبوویی نەناسراو وە ناوی دەنێت ئەپیریۆن (aperion). ئەم توخمە وەکو تەنێکی بێکۆتایی لەبن نەهات لە هەموو لایەکەوە "بوون"ی پڕکردوەتەوەو بوونەوەرەکانیش بە هۆی یاسای بەگژیەکداچوونی دژەکانەوە هاتوونەتەکایەوە هەر ئەم یاسایەش جیهان بەرەوپێش دەبات. یەکەمجار ساردیو گەرمی لەناو ئەپیریۆندا سەریان هەڵداوە, چینێك هەڵمیان دروست کردووە, هەڵمەکەش سارد بۆتەوەو بەشێکی بووە بە ئاوو بەشەکەیدیشی بووە بە هەوا, زەویش لە دوایدا لە ئاوەکەوە پەیدابووە. یەکەم زیندەوەریش کە بۆ یەکەمجار لە جیهاندا هاتۆتە کایەوە "ماسی" بووە. پاش ئەوەی وەرزێکی وشکانی بەسەر زەویدا هاتووەو دەریاو ڕووبارەکان وشك بوون, ماسیەکان کەوتوونەتە سەر زەویو گۆڕانیان بەسەرداهاتووەو بوون بە مرۆڤ. ئەنەکسیمێندەر دوو هەزار ساڵ پێش داروین باسی پەرەسەندنی (evolution) ژیانمان بۆ دەکات.

29 ـ یوسف کرم، *تاریخ الفلسفه الیونانیه*, ل 23

هەتاکو ئێستا هیچ زانیاریەکمان لەبارەی ئەپیریۆنەوە بەدەست نەهێناوە جگە لەوەی کە گوایە تەنێکی پانوبەرینو لەبن نەهاتووەو چواردەوری داوینو هێزە دژوارەکانی لەناو خۆدا هەڵگرتووە. وەکو دەردەکەوێت ئەم هێزانەش دەبنە سەرچاوەی توخمە ماتریالیەکان.[30] ئەپیریۆنی ئەنەکسیمێندەر وەکو هیۆلی لە فەلسەفەی ئەریستۆدا کەرەستەیەکی خاوەو هیچ فۆرمێکی نیە, بۆیە ناتوانین وەسفی بکەینو لایەنەکانی ڕوون بکەینەوە. کاتێك دەڵێین هەموو شتێك ئەپیریۆنە واتە هەموو شتێك لە ماتەر پێکهاتووە. بەڵام ئایا ئەو ماتەرە پێش ئەوەی ببێت بە کەرەسەیەکی وەکو مێز یان کورسی لە فۆرمێکی تایبەت بەدەرە؟ یان چیەو چۆنە؟.

ڕاستە مێزو کورسی لە ئەپیریۆن پێکهاتوون, بەڵام ئەپیریۆن مێزو کورسی نیە, چونکە مێزو کورسی دوو کەرەسەی هەستەکینو خاوەنی گەلێك خسڵەتنو سەرەتاو کۆتاییان هەیە. بەڵام ئەپیرۆن هەمیشەبووەو هیچ خسڵەتێکی لەخۆدا هەڵنەگرتووە. بێسنووریو پانو بەرینی ئەپیرۆن بووە بە مەڵبەندی ژماریەکی زۆر لە جیهان. واتە ئەم پلانێتەی کە ئێمە لەسەری دەژین بە هەموو زیندەوەرەکانی دیکەوە کە هاوژینی ئێمەن تاکە جیهانو بوونەوەر نین لەناو ئەپیریۆندا. گەلێك جیهانیدیش لەودیو جیهانی ئێمەوە هەن. ئەنەکسیمێندەر هیچ هێزێکی میتافیزیکیشی بۆ دروست بوونی جیهانەکان دانەناوە, واتە ئەم بیرو بۆچوونانەی لەسەر سیستەمێکی ماتەریالیستی داڕشتووە. بەمشێوەیە ئەنەکسیمێندەر یەکەم زانای

30 ـ کریم متی، *الفلسفە الیونانیە*, ل 25



ئەیۆنییە کە خۆی بە نەریتو ئایینەکانی یۆنانەوە نەبەستۆتەوەو هەوڵێکی نوێی بەئاکام گەیاندووە.

## فێرگەی ئیلیایی

ئەو خاڵەی فێرگەی ئیلیاییو ئەیۆنی وێکڕا دەبستێتەوە بریتییە لە دیدی مۆنیزمی هەردوولایان, واتە گەڕانەوەی "بوون" بۆ یەك توخمی هەمیشەبوویی. جیابوونەوەشیان لەوەوە دەستپێدەکات کە ئەیۆنیەکان "بوون" لە قەوارەیەکی دینامیکیدا دەبینن, بەڵام ئیلیاییەکان بەرپەرچی دینامیکی "بوون" دەدەنەوەو "بوون" بە وەستاو (static)و پڕ دادەنێن, بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بێت. بەناوبانگترین زانایانی ئەم فێرگەیە بریتین لە پارمەنایدیسو (Parmenides) زینۆو (Zeno) میلسۆسم (Melissus). ئەمبادۆکلیسو (Empedocles) ئەنەکساگۆراس (Anaxagoras) هەر چەندە سەر بەم فێرگەیەن ڕای تایبەتیو جیاوازیان هەیە, بە ڕای ئیلیاییەکان "بوون" یەك بوونەو وەستانو گۆڕانی تیا ڕوونادات. جا بابزانین مەبەستیان لەم کێشەیە یان بەرپەچدانەوەی دینامیكو گۆڕان چیە؟ ئایا دەشێ کە پارمەنایدیس باوەڕ بە گۆڕانو جوڵانی بابەتەکانی دەوروپشتی نەکات؟ ئایا کاتێك نەمامێك گەورە دەبێتو دەبێت بە دار هەر نەمامەکەی پێشووەو هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ یان کاتێك لە بازاڕینو دەچینەوە بۆ ماڵو لە ژوورەکەماندا لە دەوری زۆپاکە دادەنیشین, هێشتا هەر لە بازاڕینو نەجوڵاوین؟ بێگومان فەلسەفەکەی پارمەنایدیس دوورە لەم جۆرە بۆچوونە, ئەو هەرگیز چاو لە ئاستی گۆڕانو جووڵانی بابەتەکانی دەوروپشتی

نانوقێنێتو بەرپەچیان ناداتەوە. ئەو نالێت, منالێك نابێت بە پیاوێکی گەورەو نەمامێك نابێت بە دار یان شەمەندەفەرێك لەکاتی ڕۆیشتنیدا وەستاوەو وێستەگەکەی جێناهێلێت. ئەوەی گۆڕانی بەسەردا نایەتو ناجولێت بابەتەکانی دورو پشتمان نین, بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی "بوون"ـە . گۆڕانو گۆڕانکاری لە حاڵەتێکدا دروست دەبێت کە بابەتێك لە فۆرمێکەوە بگۆڕێت بۆ فۆرمێکیدی, وەکو گۆڕانی نەمامەکە بۆ دار. دارەکە, کە فۆرمی نوێیە, جیاوازە لەگەڵ نەمامەکەو نەمامەکە نیە. ئەگەر هەر نەمامەکەی جاران بێت, ئەوا هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە. بۆئەوەی گۆڕان ڕووبدات پێویستە نەمامەکە ببێت بەشتێکیدی بەدەر لە نەمامەکە. لەم ڕووانگەیەوە, ئەگەر "بوون" وەکو نەمامەکە گۆڕانی بەسەردا بێت, ئەوا پێویستە ببێت بەشتێکیدی بەدەر لە "بوون" یان ببێت بە "نەبوون" (العدم) ئەگینا گۆڕان بێمانایەو ڕوونادات. بەڵام پارمەنایدیس بڕوای بە "نەبوون" نیە بە دیدی ئەو ئەوەی هەیە هەر "بوون"ـە. کەوابوو گۆڕانی "بوون" لە "بوون"ـەوەیە بۆ "بوون", لە نەمامەکەوە بۆ نەمامەکە, ئەمەش پێی ناگوترێت گۆڕان.

هیوادارم هەتا ئێرە توانیبێتم کێشەی "بوون"و نەگۆڕانی"بوون" بە ئاسانی ڕوون بکەمەوە. ئێستاش لێرەوە دووجۆر بابەت دیاری دەکەین:

یەکەم ئەو بابەتە راستەقینەیە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت, واتە "بوون", کە بابەتێکی هەمەکیەو هەستمان نایدۆزێتەوەو لە ڕێگای هۆشەوە دەناسرێت. دووەمیش ئەو بابەتانەن کە دەکەونە ژێر باری گۆڕانو جووڵانەوەو هەست دەرکیان پێدەکاتو دەیانگەیەنێت پێمان. بەڵام ئەم بابەتانە راستەقینەنین. هێگل لە "لۆجیك"ـەکەیدا "بوون"ی



پارمەنایدیسی بە یەکەم پێناسەی گیانی ڕەها (المطلق) داناوەو کردویەتی بە یەکەم کاتیگۆری. هەروەها "بوون" لەلای پارمەنایدیس گەلێك لە "بوون"ـە بێهۆشەکەی "بوون لە ناو ـ خۆدا– الوجود في ذاته" سارتەرو هایدیگەر نزیکە. لەم فێرگەیەدا بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی "بوون"ێکی هەمەکیو بەرز دەبینەوە کە تەنیا هۆش دەیگاتیو جیاوازە لە بابەتە هەستەکیەکان. ئەکزانۆفان (570–480پ.ز) بۆ یەکەمجار لە ئاینی یۆنانییەکان یاخی بووەو بڕوای بە خوایەکی تاك هێناوەو ڕێبازی یەکانەگی گرتە بەر.[31] ئەم خوایەش, وەکو چۆن شاگردەکانی رەوتی (معتزلە) لە "علم الکلام"ی ئیسلامی بۆی دەچن, تاکو تەنیایەو هیچ خسڵەتێکی نیە. ئەم خوایە هەمیشەبووەو هەمیشەزیندووەو نامرێت, هۆشێکی رەهایە. لەم ڕووەوە ئەکزانۆفان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە یەکبوونیش هەیە. ئەنجا ئەگەر بێتو خوا یەك خوابێتو "بوون"یش یەك "بوون" دەبێت ئەم دووانە جیابن لەیەکدییەوەو لە دەرەوەی یەکدیدا بن یان هەردووکیان یەك شت بن. ئەگەر رای یەکەمیان وەرگرین خوا لەلایەکو "بوون"یش لەلایەکیدی دابنێین, ئەوا ناتوانین ڕێبازی مۆنیستانە بگرینە بەرو ڕاستەقینە بگەڕێنینەوە بۆسەر یەك سەرچاوە. لەلایەکیدیەوە ڕاکەی ئەکزانۆفان کە گوایە "بوون" یەك "بوون"ـە , ئەو مەبەستە دەبەخشێت کە خواو "بوون" هەردووکیان یەك ڕاستەقینەنو لەیەك جیا نابنەوە. ئەمەش دەقاودەق ڕێبازی یەکانەگیەو هیچ لە فەلسەفەکەی سپینۆزا کەمتر نیە. لەسەر بنچینە

31 ـ گەلەکانی یۆنان بەگوێرەی رەنگو شێوەی خۆیان خسڵەتەکانی خواکانیشیان دەستنیشان دەکرد. بۆنمونە ئەگەر کەسێك چاوی شین بوایە دەیان گوت خواش چاوی شینە.

میتافیزیکیەکەی ئیلیاییەکانو هەڵوێستە مۆنیستیەکان دەتوانین ئەکزانۆفان بخەینە ڕیزی شاگردانی ڕەوتی یەکانەگیو لەوانی جیا نەکەینەوە. میلسوس لەم ڕووەوە دەڵێت: هەر چ شتێك دابەشکرا پێی ناگوترێت "بوون", چونکە "بوون" یەکەیەکی سەربەخۆیەو دابەش نابێت. کەوابوو, کاتێ دەڵێین خوا یەکە مەبەستمان لە "بوون"یشە, یان کە دەڵێین "بوون"یەکە مەبەستمان لە خوایشە. ئەکزانۆفان لە دواجاردا لە "بوون"ـە ڕەهاکەوە ڕوو دەکاتە توخمە ماتریالیەکانی زانا ئەیۆنیەکان, بۆئەوەی ساغی بکاتەوە کە ئایا کام لەم توخمانە بووە بە سەرچاوەی ژیانی زیندەوەرەکان. بەڵام لەگەڵ کەسیاندا ناسازێو توخمێکی نوێ (خۆڵ) دێنێتە کایەوە. لەدوای خۆڵیش گرنگترین توخم بە ڕای ئەکزانۆفان "ئاو"ەو کاتێك دەشمرین سەر لەنوێ دەبینەوە بە خۆڵ.[32]

پارمەنایدیسو ئەکزانۆفانو ملیسوس وەکو باسمانکرد, تێکڕا ڕاستەقینە بە "بوون" دادەنێن. دیسانەوە ئەوانەی لەسەر چۆنیەتی "بوون"ی ئیلیاییەکانیان نووسیوە ڕاکانیان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکیدی دەگۆڕێت. هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە "بوون" لەلای پارمەنایدیس تەنێکی ماتریالیەو سەرەتاو کۆتایی نیە, واتە لەرووی کاتەوە هەمیشەبووە. ملیسوس بەپێچەوانەوە لەبن نەهاتویی ئەم "بوون"ـەی

32 ـ ئەو بیروڕایەی ئەکزانۆفان زۆر لە "قورئان"ـەوە نزیکە. بۆ بەراورد بڕوانە ئەم سورەتانە: ئایەتی20, سورەتی الانبیاء: "وجعلنا من الماء کل شئ حي افلا تؤمنون". ئایەتی 7و8و9 لە سورەتی السجدە:"الذي احسن کل شئ خلقة وبدأ خلق الانسان من طین وجعل نسله من سلاله من ماء مهین ثم سواه ونفخ فیه من روحه". هەروەها لە تەوراتو ئینجیلیشدا نووسراوە:"انك من تراب و الی التراب تعود".



بەستۆتەوە بە "شوێن"ـەوە, بەڵام سنورێکی دیاریکراوی نەداوەتێ.[33] جیاکردنەوەی بابەتە هەستەکیو ناهەستەکیەکان وێنەی ئەو بابەتانەی کە گۆڕانیان بەسەردا دێتو ئەو ڕاستەقینەیەش کە هەرگیز ناگۆڕێت لەناو فەلسەفەکەی ئەمبادۆکلیس (495–425پ.ز)و ئەنەکساگۆراس (500–428پ.ز) بووە بە دیاردەیەکی زەقو ئاشکرا. ئەنەکساگۆراس دەڵێت: بوون لەسەرەتادا تێکەڵاویەکی هەمیشەبوو بووە, گەرای هەموو بوونەوەرەکانی لەناو خۆیدا هەڵگرتوە. هۆش کە لە دەرەوەی ئەم تێکەڵێیەدا بووە گەراکانی جیاکردۆتەوەو زیندەوەرو بوونەوەرەکانیدی لێدروست کردوە. وەکو بۆمان دەردەکەوێت ئەنەکساگۆراس بڕوای بە دووجۆر "بوون" بووە, واتە ماتریالی یان تێکەڵاوی هەمیشەبوو وە هەروەها هۆش. ئەم دووجۆرە "بوون"ـەش هەردووکیان هەمیشەبوونو کەسیان ئەویدی نەخوڵقاندووە. بەڵام توانای دەسەڵاتی هۆش بەسەر "بوون"ـە ماتریالیەکەدا زاڵەو بوونەوەرەکانی لێپێکهێناوە, ئەم دوو "بوون"ـەش هەردووکیان خسڵەتگەلی تایبەتی خۆیان هەیە.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی خسڵەتەکانی هۆش دەمەوێت خوێنەر لەوە ئاگادار بکەم کە هۆش لەلای ئەنەکساگۆراس وەکو "هۆش"ـە ڕەهاکەی هێگڵو ئیگۆکەی (Ego) فیختەو ناوەڕۆکەکەی سپینۆزا هەمەکیەو "هۆش"ی مرۆڤێکی تاك نیە. هۆش وەکو "بوون"ێکی هەمەکی ساکارەو توخمێکی گیانەکیە, دابەش نابێتو هیچ هێزێك نیە بتوانێت گەردێکی لێجیابکاتەوە. هەروەها هۆش خاوەنی جیهانەو جیهان بەڕێوەدەبات. بۆ ئەم کارەش پێویستە

33 ـ د. احمد فواد الاهوانی, *فجر الفلسفه الیونانیه* , ل 158

ئاگاداری هەموو بوونەوەرەکان بێتو زانیاری تەواویشی لەبارەیانەوە هەبێت. بێگومان زانیاری تەنیا بۆ ئەم کارە بەس نیە چونکە بۆ بەڕێوەبردنی گەردوون هۆش پێویستی بە توانا (دەسەڵات) هەیەو بەبێ توانا ناتوانێ حوکمڕانی گەردوون بکات.[34] بەمجۆرە ئەنەکساگۆراس سێ خسڵەتگەلی "هۆش"ی ڕوون کردۆتەوە, واتە ساکاریو زانیاریو توانایی. بێجگە لەم خسڵەتانەش لەمەوبەر کۆمەڵێك خسڵەتی دیمان خستە پاڵ هۆش وەکو هەمیشەبووییو (ازلیه) بەدەری لە کاتو شوێنو تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ ماتریال ئەمەش وای لێدەکات لە هەموو شتێك خاوێنترو ڕوونتر بێتو توانای دەداتێ سیستەم بۆ هەموو شتێك دابنێ.[35] ئەنەکساگۆراس بەر لە ئەفلاتۆن دەستنیشانی دووجۆر جیهانی کردوەو سەربەخۆیی هەر یەکەشیانی پاراستووە, واتە هیچ جیهانێك نەبووە بە هۆ بۆ ئەویدی, بەڵکو هەردووکیان هەمیشە بوون. ئەمبادۆکلس لەم دیدەوە "بوون"ی گەڕاندۆتەوە سەر توخمی ماتریال (ئاو, هەوا, ئاور, خۆڵ), بڕوای بە گۆڕانو جوڵانی "بوون هەبووەو بە دوو شێوەش باسی گۆڕانەکانی کردووە. یەکەم, گۆڕانێك کە بەرەو دروستبوونو پەرەسەندن دەڕوات. دووەم, گۆڕانێك کە دەبێتە هۆکاری ڕوخاندن. ئەم دوو گۆڕانە لەسەر بنچینەی دوو هێزی گەردوونی "خۆشەویستی"و "قینە" ڕاوەستاون. خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانو سەرهەڵدانی هەموو بوونێکی نوێیە, فاکتۆرێکە کە لە هەموو پلەیەکی "بوون"دا دەبێت بە هێزێك بۆ یەکگرتنی توخمەکانو پێکهێنانی فۆرمەکان. بەپێچەوانەی ئەمەوە ڕق

34 ـ د. احمد فواد الاهوانی, *فجر الفلسفه الیونانیه*, ل 158

35 ـ عبدالرحمن بدوی: *ربیع الفکر الیونانی*, ل 159



ژیان دەڕوخێنێتو توخمەکان لەیەکدی دەترازێنێتو کۆتایی بە"بوون"ی زیندەوەرەکان دەهێنێت. مێژووی زۆرانبازی ئەم دوو هێزە ئەنتۆلۆجییە دەکرێت بە چوار قۆناغەوە:

1- لە قۆناغی یەکەمدا خۆشەویستی دەسەڵات بەدەست دەهێنێتو سەرپەرشتی "بوون" دەکات.
2- لە قۆناغی دووەمدا ڕق دێتە کایەوەو وەکو دوژمنێکی هەرە گەورەی خۆشەویستی دەستدەکات بە ڕووخاندنو ئاژاوەنانەوەو کوژاندنەوەی چرای ژیانی زیندەوەرەکانو لەیەکترازاندنی توخمەکان.
3- لە قۆناغی سێیەمدا دەسەڵاتی دیکتاتۆری هێزی ڕق دادەمەزرێتو دەورانێکی تاریك خۆی دەسەپێنێت بەسەر گەردووندا.
4- لە قۆناغی چوارەمو کۆتاییدا هێزی خۆشەویستی کۆڵنادات و لە جەنگە بەربەرکانیەکەیدا دامودەستگای هێزی ڕق دەڕوخێنێتو جارێکیدی ژیانو بوونەوەرەکان دروستدەکاتەوە.

ئەمپادۆکلیس دەڵێت لە پێش قۆناغی چوارەمدا زیندەوەرەکان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ڕقدا پارچە پارچە بوون. بۆنموونە مرۆڤ قاچی لە لەشی جیابووو سەر لە لەشی پچڕ بووو پەنجەی دەستەکانی لەلایەکو شانو قۆڵیشی لە لایەکیدی بوون. کاتێ دەسەڵاتی خۆشەویستی سەرلەنوێ بەسەر هێزی ڕقدا زاڵبووەوە ئەم پارچانە یەکیان گرتۆتەوەو بوونە یەك.[36] ئەریستۆ لەم ڕووەوە دەڵێت: دیدەکەی ئەمپادۆکلیس گەلێك لە یاسای کێشەوە (الجاذبیة) نزیکە

36 ـ جعفر ال یاسین، *فلاسفه یونان*, ل 111

چونکە ئەگەر ئەم دوو دەسەڵاتە میتافیزیکی بن, ئەوا ناتوانین بیان خەینە پاڵ "بوون"ێکی ڕەها, چونکە هۆش دوو خسڵەتی ناکۆك لە خۆیدا هەڵناگرێت.[37]

## فيَرطةي ئةتؤمطةري

فێرگەی ئەتۆمگەری لە راستیدا لەلایەن "لۆکیپۆس"ـەوە دامەزرا هەرچەندە بەناوی "دێمۆکرێتیس"ـەوە (Democritus) (470–361پ.ز) ناسراوە. زانایانی ئەم فێرگەیە بەپێچەوانەی "پارمەنایدیس"و "میلسوس"ـەوە بڕوایان بەیەك جۆر بوون نیە. بەگوێرەی دیدی ئەمان "بوون" لەلایەکەوە پڕە لە ئەتۆمی بێژمارو وردیلە کە چیدی دابەش نابن, لەلایەکی دییەوە نەبوون (العدم) کەلێنێکی بێپایانەو ئەتۆمەکانی تێدا دەسووڕێنەوە. ئەگەر کەلێن نەبوایە, ئەوا گۆڕان و جوڵانی ئەتۆمەکان رووی نەدەدا. ئەم ئەتۆمانەش هەمیشەبوون و هیچ هێزێکی دەرەکی دروستی نەکردوون. کەواتە "بوون" بەگوێرەی دیدی فێرگەی ئەتۆمگەری هەر بووەو هەر دەبێ و کۆتایی پێنایەت و جوڵانیش ستوونییە, واتە لەسەرەوە بەرەو خوار ڕوودەدات. لەم جوڵانە ستوونیەشدا ئەتۆمەکان بە ڕێکەوت بەر یەکدی دەکەون و هێڵە ستوونیەکە بەجێدەهێڵن و ڕوودەکەنە لاکانیدی کەلێنەکە. ئەم ڕووداوە بەڕای ئەپیگۆر, دەبێتە هۆی دروستبوونی جیهان.[38] دروستبوونی جیهانیش لە خۆیەوە ڕووی داوەو هیچ هێزێکی

---

37 ـ د. محمد على ابو ريان، *تاريخ الفكر الفلسفى*, الجز الاول، ل 61

38 ـ عبدالرحمن بدوى، *ربيع الفكر اليونانى*, ل 146



هۆشەکی بڕیاری لەسەر نەداوە. دێمۆکرێتیس ئەگەر بڕوایشی بە خوا هەبووبێت, وەکو ئەنەکساگۆراس باسی نەکردووە. هەر لەم بۆچوونەیشیەوە دێمۆکرێتیس خواو دەروونی مرۆڤ بە ماتریال دادەنێت نەك بە گیانەکی. جا جیاوازی ئەتۆمەکانی خواو دەروون و بابەتە ماتریالیەکانیدی پەیوەندی بەخێرایی سووڕانەوەی ئەتۆمەکانەوە هەیە. ئەتۆمەکان کاتێ لەیەك جیادەبنەوە, دەبنە هۆی ڕووخانی تەن و پێکهێنانی مردن. دێمۆکرێتیس لەمە زیاتر ڕۆیشتووەو بیردۆزە زانیاریەکەشی بەستۆتەوە بەجووڵانی ئەتۆمەکانەوە. بۆنموونە, لەکاتێکدا بۆنی گوڵێك دەکەین, ئەتۆمەکانی بۆنەکە دەفڕن و دەنیشنەوە بەسەر هەستی بۆنکردنمانەوەو ئێمەش هەستی پێدەکەین. یان کە تەماشای کورسیەك دەکەین, ئەتۆمەکانی کورسیەکە دەفڕن و هەستی چاومان دەبزوێنن و ئێمەش کورسیەکە دەبینین.[39] لەکاتی خەوبینینیشدا ئەتۆمەکانی دەروونمان لە لەشمان جیا دەبنەوەو وێنەی پەلەوەرێکی بابەتەکانی دەوروپشتمان بەنیگای تیژیان دەپێکن و وەکو فیلمێك نیشانمان دەدەن. ئەم ئەتۆمانە, ئەگەر بێت و لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ناو لەشمان ڕێگا هەڵە بکەن, یان نیازی گەڕانەویان نەبێت, ئەوا مردن ڕوودەدات.

## فيَرطةي ثيتاطؤراس

پیتاگۆراس و (Pythagoras) (570–497پ.ز) شاگردەکانی لە لایەکەوە هەوڵیان داوە چارەسەری کێشە ئەنتۆلۆجیەکان بکەن و

---

39 ـ د. على عبدالمعطي محمد، *لاينبيز, فيلسوف الذرة الروحية*, ل 76

لەلایەکی دیشەوە دوای نەریتی ئایینیو ئاکارو ڕامیاری کەوتوون. جا ئەگەر بمانەوێت فێرگەی پیتاگۆراس بناسین پێویستە هەموو لایەنەکانی ڕوون بکەینەوە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی فەلسەفەدا شاگردانی فێرگەیەکی فەلسەفی ویستوویانە بیرو باوەڕەکانیان بە پراکتیك بسەلمێننو فەلسەفەکەیان بکەن بە ئایدیۆلۆجیایی کۆمەڵو دەوڵەتی پێبەڕێوەبەرن. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە شاری –کرۆتۆن– کودەتایەکیان بەرپا کردو بۆ ماوەیەکی کورت فەرمان ڕەوایی شاریان گرتە دەست. بەڵام ڕژێمەکەیان لە ئەنجامدا بە دەستی دێمۆکراتەکان ڕوخاو فەرمان ڕەواییان لە دەست سەندرایەوە. لەم بەیەکدادانەدا هەموو شاگردەکانی پیتاگۆراس کوژران, بەڵام پیتاگۆراس خۆی لەکاتی کودەتای دێمۆکراتەکاندا لە شاری "میتابۆینتوم" دەبێتو بەمجۆرە لە کوشتار ڕزگاری دەبێت هەتا لە ساڵی 497پ.ز دەمرێت. فێرگەکەی جارێکی دی پاش چەند ســاڵێك لەلایەن "فیلولاوس"ـەوە (Philolaus) لە شاری "تیبە"ی نزیك بە شاری ئەتێن دادەمەزرێتەوە. سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فێرگەی پیتاگۆراس دەکەوێتە ئەو ساڵەوە کە سوکرات ژەهراوەکەی خواردەوەو خۆی کوشت. فەلسەفەکەی پیتاگۆراس زۆر بە نهێنی دەماودەم کەوتووە, تەنانەت شاگردەکانی کراون بە دوو دەستەوە. دەستەی یەکەم لە "پیتاگۆراس"ـەوە نزیك بوونو هەموو شتێکیان پێگوتراوە. دەستەی دووەمیش بە لایەنگرانی پیتاگۆراس ناسراونو نەیانتوانیوە هەموو شتێك بخوێنن. هەر چ شاگردێکیش بیروباوەڕەکانی پیتاگۆراسی بردبێتە دەرەوە بۆ خەڵکی



باس کردبێت لەلایەن هاوبیرەکانیەوە سزا دراوەو لە گروپەکەی دەرکراوە.[40]

شاگردەکانی پیتاگۆراس جلی سپییان لەبەرکردوەو بە دەنگی نەرمو نزم دوواونو هەموو ئێوارەیەك بە لیستەی کردارەکانیاندا چوونەتەوە, هەوڵیانداوە بەپێی توانا خۆیان لە کردارە خراپەکان دوورەپەرێز بگرن. پیتاگۆراسیەکان بە تێکڕا ژیانێکی سادەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە.[41] بە یەك چاو تەماشای پیاوو ژنیان کردوەو بە یەك سەدەش پێش ئەفلاتون داوای ئازادیو بەربلاوی سێکس (الشیوعیە الجنسیە)یان کردوەو بە پراکتیك لەناو خۆیان پەیڕەوییان کردوە.[42] جگە لەم نەریتو ڕەوشتانە لە ڕووی تیۆرییەوە بایەخێکی زۆریان بە ماتماتیكو مۆسیقا داوە. "بوون"یان گەڕاندۆتەوە سەر ژمارە. ژمارەش بە ڕای پیتاگۆراس دوو بەشە, ژمارەی تاكو ژمارەی جووت. ژمارە تاکەکان سنوردارن (محدود) چونکە دابەش نابنو خسڵەتی مێیەکییان هەیەو بە تەنیا هیچ شتێك دروست ناکەن. ژمارە جووتەکانیش بێسنورن, چونکە دەتوانین دابەشیان بکەینو جگە لەوەش خسڵەتێکی نێرەکییان هەیە. ژمارە بنەڕەتیەکانیش, واتە لە "1"ـەوە هەتا "10", بنچینەی "بوون"ن. هەموو ژمارەکانیدی

40 ـ د. احمد فواد الاهوانی, *فجر الفلسفه الیونانیه*, ل 216

41 ـ هیپاسۆس یەکێکە لە شاگردەکانی پیتاگۆراس. ئەم پەرتوکێکی بەناوی "المذهب السري" بڵاوکردۆتەوەو باسی بیروباوەڕەکانو دەستەکەی پیتاگۆراس دەکات. هیپاسۆس لەسەر ئەم کارە لە گروپی پیتاگۆراس دەرکراوە. لە تۆڵەی ئەمە هیپاسۆس دەستی لەگەڵ دیمۆکراتەکان تێکەڵ کردو ڕۆڵی لە روخاندنی ڕژێمی پیتاگۆراس لە کرۆتۆن هەبوو.

42 ـ د. احمد فواد الاهوانی, *فجر الفلسفه الیونانیه*, ل 75

پاش "10" بریتین لە دووپاتکردنەوەی ئەم ژمارە بنەڕەتیانە. ژمارە "1" هەم تاکە هەم جووتە, واتە هەم نێرە هەم مێیە. ئەم ژمارەیە هێمایە بۆ خوا. ژمارە "2" یەکەم ژمارەی جووتەو مێیە. ژمارە"3" یەکەم ژمارەی تاکە لە دوای ژمارە "1" وە نێرە. ژمارە "4" لە ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارەی جووت یان لەیەکچوو (2+2) پێکهاتوە وە هێمایە بۆ دادپەروەری. ژمارە "5" لە ئەنجامی کۆکردنەوەی (2+3) دروست بووە, واتە کۆی ژمارەیەکی تاکو ژمارەیەکی جووتەو هێمایە بۆ ژیانی ژنو مێردی. هەروەها ئەگەر ژمارە "6" لەگەڵ ژمارە "6" لەیەك بدەین (6×6), ژمارەیەك دروست دەبێت کە خانەی یەکانی شەشە, واتە "36". ژمارە "10" کۆی چوار ژمارەی بنەڕەتییە (1+2+3+4), ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی تەواوەو گەردوونی لەسەر دامەزراوەو سیستەمی ژمارەی ئەستێرەکانی لە سەر دانراوە.[43]

ئایا ژمارە چۆن دەبێت بە بنەڕەتی "بوون" لە کاتێکدا ژمارە پەیوەندی بە چەندایەتی (مقدار) ماتەریالەوە هەیە؟ واتە بۆئەوەی ژمارە هەبێت پێویستە "چەندایەتی"یش هەبێت. پرسیارێکیدی کە لێرەدا خۆی ئاراستە دەکات ئەوەیە, ئایا ئەگەر چەندایەتیمان هەبێت, چۆن دەتوانین چۆنیەتی ئەو بابەتە بناسین کە چەندایەتیەکەیمان ژماردوە؟ وەکو من لە باسەکە تێگەیشتوم پیتاگۆراس نەیویستووە وەکو تالیسو زاناکانیدی بڵێت ژمارە بووە بە توخمێکی ئەنتۆلۆجیو "بوون"ی پەیداکردوە هەر وەکو چۆن "بوون" لە ئاوەکەی "تالیس"ـەوە پەیدا بووە. پیتاگۆراس لەسەر سیستەمێکی ماتماتیکی

43 ـ هەمان سەرچاوە, ل 74



تەفسیری "بوون"ی کردوە. ئەم سیستەمەش بابەتیەو پیتاگۆراس لە ئەندێشەو بیرکردنەوەی خودی خۆیەوە نەیهێناوەتە کایەوە چونکە ئەو بڕوای بە بابەتیەتی "بوون" هەیە. ئەو تەنیا سیستەمەکەی دۆزیوەتەوەو باسیکردوە. سیستەمی "بوون" لە "بوون" جیا نابێتەوە, هەردووکیان یەك شتن, هەر بۆیەش پیتاگۆراس ژمارەی بە نەژادی "بوون" داناوە.

لە بابەت سەرهەڵدانی "بوون"ـەوە هیراکلایدس کارێکی زۆری کردۆتە سەر پیتاگۆراس،[44] دەبینین پیتاگۆراسیەکان بایەخێکی زۆریان بە ئاگر داوەو دەڵێن لە ناوەندی گەردووندا چەقێکی ئاگرین هەیە کە مەڵبەندی "زیۆس"ـە, وە بە دەوری ئەم چەقە ئاگرینەشدا هەموو ئەستێرەکان دەسوڕێنەوە. "ئەرسترخۆس"ی شاگردی پیتاگۆراس ئەو چەقەی ناونا خۆر.[45] کۆپێرنیکۆسو گالیلۆس لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی ئەوروپادا بە بەڵگەوە ئەم تیۆرییە هیلیۆسێنتریکەیان سەلماندو جیۆسێنتریکیان بە درۆ خستەوە. پیتاگۆراسیەکان سوودیان لە ئاینی ئۆرفیۆس وەرگرتوەو بە هەمانشێوە دەروونی مرۆڤیان بە باڵندەیەکی دیلو گوناهبار داناوە, کە لەناو قەفەزی لەشدا بەندکراوەو چەندان جار لە ڕێگەی لاشە گۆڕینەوە خۆی پاکدەکاتەوە.

44 ـ عبدالرحمن بدوی، *ربیع الفکر الیونانی*, ل 112

45 ـ پیتاگۆراسییەکان بڕوایان بە "10" ئەستێرە هەبوو. ئەوان دەڵێن گوایە لە نێوان ڕۆژو زەویدا ئەستێرەیەکی نەبینراو "ئەنتێکتۆن" هەیە کە دەبێتە هۆی مانگگیرانو ڕۆژگیران.

## بەشی دووەم

## کێشەی بوون لە سەردەمی سوکراتەوە

### سۆفستاییەکان و سوکرات

سۆفستاییەکانو سوکرات (Socrates) (469–399پ.ن) هاوکاتی یەکبوون.[46] ئەمان ڕوخسارو ناوەڕۆکی فەلسەفە کۆسمۆلۆجیەکەیان گۆڕیو ڕوویانکردە لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤ و چۆنیەتی زانینو بەهاو ئاکارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕامیاری.[47] بۆ یەکەمجار سۆفستاییەکان ئایینەکانیان بە درۆخستەوەو ڕەفزی بوونی خوایان کرد. دەستووره ڕامیاریەکانیان بە بەرهەمی مرۆڤ و شتێکی کاتی دایە قەڵەم کە فەرمانبەران بۆ بەرژەوەندی خۆیان نوسیویانەو لە

46 ـ لەوەو پێش باسی ئەم کارتێکردنە کراوە.

47 ـ یوسف کرم، *تاريخ الفلسفه اليونانيه*، ل 26



ئاسمانەوە نەهاتوە.[48] پرۆتاگۆراس لە پەڕتوکێکدا سەلماندویەتی کە خۆر خوا نیە، بەڵکو ئەستێرەیەکی گڕ گرتووە هەر لەبەر ئەمەش پەڕتوکەکەی قەدەغە کرا. ئەو دەڵێت: "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە. ئەوەی بۆ من چاکە لەوانەیە بۆ کەسێکیدی خراپ بێت ئەوەی بۆ من ڕاستە لەوانەیە بۆ کەسێکیدی ناڕاست بێت". ئەم کێشەیە فەلسەفەی سۆفستاییەکان بەرەو زاتیەتو گومانکاری ڕادەکێشێت. جا بابزانین، بۆچی زاتیەو بۆچی گومانکاریە؟

پرۆتاگۆراسو شاگردەکانی زانینو چۆنیەتی زانین دەگەڕێننەوە بۆ بابەتە هەستیەکانو ئەزمونی هەستەکی. ئەوەی لە ڕێگای هەستکردنەوە پێمان دەگات دروستەو دەبێت بە زانیاری. هەر شتێکیش بە گوێرەی ئەم بیردۆزەیە لەودیو سنوری ئەزموونکاریە هەستیەکانماندا بێت نەناسەو ناتوانین هیچی لەبارەوە بڵێین. ئەزمونە هەستیەکانیش تەنیا بابەتە تاکەکانمان پێڕادەگەیەنن (وەکو: ئەم پیاوە، ئەو دارە، ئەو مێزە...).

لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەزموونەکانمان زاتین، واتە ئەزموونی هەستەکی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیدی دەگۆڕێت. ئەگەر سەد کەس لە شوێنێکدا تەماشای بابەتێك بکەن سەد تاقیکردنەوەی هەستەکی جیاواز ڕوودەدات. ئێمە ناتوانین لەچاوی یەکدیەوە یا لە گوێی یەکدیەوە تەماشای جیهان بکەینو گوێ لە مۆسیقا بگرین. ئەزمونە هەستەکیەکانی هەرکەس تایبەتمەندی خۆی هەیەو هیچ کەسێکیدی ناتوانێت وەکو ئەو کەسە لەهەمان بابەت بگات. بەم پێیەش زانیارییەکانی هەرکەس لە ڕێگای هەستکردنەوە

48 ـ احمد فواد الاهوانی، *فجر الفلسفه اليونانيه*، ل 251–252

دەگەن بەو کەسەو تەنیا ئەو دەیانزانێت وە هیچ کەسێکیدی ناتوانێت وەکو ئەو هەڵگری ئەو زانیاریانە بێت. ئەوەی مرۆڤێك دەیزانێت یەکێکیدی نایانزانێت، ئەوەی مرۆڤێك حەزی لێدەکات، مەرج نیە یەکێکیدی حەزی لێبکات، ئەوەی بەلای مرۆڤێکەوە چاکەو شانازی پێوەدەکات دەشێت لای کەسێکیدی کارێکی خراپ بێت. لە ئەنجامدا هیچ ڕاستەقینەیەك نیە بەیەك شێوە خۆی نیشانی هەموو کەسێك بدات. ئەوەی هەیەو نیە، دەیزانین‌و نایزانین هەمووی زاتیەو پەیوەندی بە زاتی ئێمەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە پرۆتاگۆراس‌و سۆفستاییەکانیدی بابەتگەری ئایینی‌و دەستورە ڕامیارییەکانیان بەتاڵ کردۆتەوەو بڕوایان بە ڕاستەقینەی بابەتی نەکردوە.[49] لەلایەکی دیکەوە وەکو گیۆرگیاس (Gorgias) (483–376پ.ن) دەڵێت: ئەگەر ڕاستەقینەیەکیش هەبێت‌و ئێمە بیزانین ئەوا ناتوانین بە خەڵکی ڕابگەیەنین چونکە کەرەستەی دەربڕین‌و ڕاگەیاندنمان زۆر لاوازەو ناتوانین ئەوەی دەیزانین کتومت لە چوارچێوەی زماندا دابڕێژین. ئەمەش گەلێك لە فەلسەفەی زمانەوانی "برگسۆن"ـەوە نزیکە. بەڵام برگسۆن هۆی تایبەتی خۆی بۆ دەست کورتی زمان دیاریکردوە کە زۆر لە هۆیەکەی "گیۆرگیاس"ـەوە دوورە. کەوابوو، مادام زانیاریەکانمان هەستەکین، ئێمە تەنیا ڕواڵەت‌و بابەتە دیاردەیەکان دەناسین. ئەم زانیاریانەش لە تاکێکەوە بۆ تاکێکیدی دەگۆڕێت. ئەگەر ڕاستەقینەیەك لەودیو جیهانی بابەتە هەستەکیەکانەوە هەبێت ئەوا هیچی لەبارەوە نازانین.

49 ـ هەمان سەرچاوە، ل 252



سۆفستاییەکان هەرچەندە بەچاوی بێگانەوە تەماشایان دەکراو خەڵکی ئەتێن (Athens) نەبوون، توانیان گۆڕان لە ژیانی یۆناندا بەرپا بکەن. ئەوان بڕوایان بەجۆش‌و خرۆشی نەتەوایەتی یۆنان نەبوو، خۆیان بە نیشتمانپەروەرێکی جیهانی دادەنا، وەکو کەلبیەکان خۆیان نەخستە ژێر ئاڵای هیچ ڕژێمێکی ڕامیاری‌و ڕکێفی دەوڵەتێکەوە.

سوکرات‌و ئەفلاتۆن وەکو دوو دوژمنی سۆفستاییەکان وەستان‌و کەوتنە ڕەخنەگرتن لە بۆچوونە زاتیەکەیان. بۆنموونە ئەفلاتون دەڵێت: ڕاستەقینە لای سۆفستاییەکان جۆرێکەو لای منیش جۆریکە. دەربارەی ڕێبازی سۆفستاییەکانیش دەڵێم، ئەوەی پرۆتاگۆراس بە ڕاستی دەزانێت من بە درۆی دادەنێم.[50] ئەو گۆڕانەی سۆفستاییەکان هێنایانە کایەوە، وەك کۆتایی هێنان بە کۆسمۆلۆجی "سوکرات"یش بەشداری تێداکرد. بەڵام سوکرات هەرگیز ڕووی ڕەزامەندی نیشانی سۆفستاییەکان نەداو کەوتە هەڵتەکاندنی بیروباوەڕەکانیان، بەتایبەتی بیردۆزە زانیاریەکەیان‌و بۆچوونە زاتیەکەیان. سوکرات هەوڵیدا ڕاستەقینەو زانین لەسەر بنچینەیەکی بابەتی دابمەزرێنێت. جا بابزانین ، ئەم چۆن توانی زاتیەتی سۆفستاییەکان بڕۆخێنێت‌و بیردۆزەکەی خۆی دەربارەی بابەتگەری ڕاستەقینەو زانیاریەکانمان بەرقەرار بوەستێنێت. وەکو باسمان کرد، پرۆتاگۆراس بنچینەیەکی ئەپستمۆلۆجی بۆ زاتیەتی "بوون" دانا ئەو لە چۆنیەتی زانین‌و ڕێگای زانینەوە دەستیکرد بە گەشتەکەی. یەکەم، هەستکردنی بە تاقە ڕێگایەکی زانین داناو دووەمیش، زانینی بە هەندەکی‌و ڕێژەی (نیسبی) دایە قەڵەم. بۆئەوەی بۆچوونەکەی پرۆتاگۆراس بەدرۆ بخەینەوە

50 ـ عبدالرحمن بدوی، *ربیع الفکر الیونانی*، ل 174

پێویستە ئەم جۆری زانینە ڕەتکەینەوەو بەدوای ڕێگایەکیدیدا بگەڕێین کە لە هەڵوێستی زاتی پەتیو نسبیەتی ڕاستەقینەکان ڕزگارمان بکات. ئەو ڕێگایەش بە ڕای سوکرات ڕێگای هۆشەو ناسینی بابەتەکانی چواردەورمانە لەو ڕێگایەوە. ئەنجا با بپرسین چۆن هۆش بەم کارە هەڵدەستێت؟

بەڕای سوکرات، ئەوەی دیزانین تاك نیە وەکو "ئەو مێزە" یان "ئەو کورسیە"، بەڵکو چەمکێکی هەمەکییە وەکو "مێز، کورسی، دار، پیاو". ئەم چەمکانە هەموو کاتێك بۆ ناسینو باسکردنی بابەتەکان بەکاردێن. ئەگەر ئەم چەمکانە نەبن، زانیاریشمان نابێت. بۆنموونە دەگوترێت: "مێزەکە قاوەییە"، "مێز" یان "قاوەیی" دوو چەمکی هەمەکیین. چەمکی مێز بەسەر هەموو مێزێکدا دەسەپێت، چ قاوەیی یان ڕەش، چ خڕ یان چوارگۆشە. هەروەها ڕەنگی قاوەییش خسڵەتێکی هەندەکی نیە کە تەنیا بارودۆخی مێز دەستنیشان بکاتو بەس، بەڵکو ئەم ڕەنگە لەناو هەموو بابەتێکی قاوەییدا هەیەو دەتوانێت هەموو بابەتێك وەسف بکات، وەکو ئەسپی قاوەی، کورسی قاوەیی، پێڵاوی قاوەیی...هتد. لێرەدا باسی هیچ بابەتێکی تاکمان نەکردوە، بەڵکو لە ڕێگای چەمکە هەمەکییەکانەوە پێناسەی بابەتە تاکەکانمان کردوەو ئاشنا بووین پێیان. چەمکە هەمەکیەکان بابەتێکی تاك نینو لە ڕێگای هەستکردنەوە ناگەنە ئێمە، چونکە ئەگەر هەموو گەردوون بپشکنین ناتوانین "مێز" پەیدا بکەین. ئەوی دەیبینینو لە ڕێگای بینینەوە وەیان لە ڕێگای "دەستلێدان"ـەوە (لەمس) هەستی پێدەکەین بریتییە لە " ئەو مێزە" یان "ئەم مێزە"، نەك چەمکی مێز بە تەنیا. هەمانشێوە، ئەگەر هەموو گەردوون بگەڕێین ناتوانیین "پیاو" وەکو تاکە بابەت بدۆزینەوە، ئەوەی هەستمان ناسی دەکات



بریتییە لە "ئەو پیاوە" یان "ئەم پیاوە". پیاو وەکو چەمکێکی تاك دەکەوێتە ژێر ڕۆشناییو پشکنینی ئەزموونەکانمانەوە. لێرەدا پرسیارێکی ڕەوا خۆی ئاراستە دەکات: دەی باشە چەمکی "پیاو" لە کوێوە هاتووە؟

پێشەکی زانیمان کە چەمکە هەمەکیەکان بەهۆی هەستکردنەوە ناگەن بە ئێمە. کەوابوو تەنیا ڕێگایەك ئەم چەمکانەی پێدا بگوێزرێتەوە "هۆش"ـە. هۆشیش چەمکەکان لە جیهانی دەرەوە ناهێنێت بەڵکو لە ڕێگای هەستەکانەوە بابەتە تاکەکانی پێدەگاتو خسڵەتە لەیەکچوەکانیان گەڵاڵە دەکاتو جیاوازییەکانیان دادەماڵێت. ئەم کارەش پێیدەگوترێت داماڵین (تجرید). بۆنموونە، کۆمەڵێك مێزی گەورەو بچوك، قاوەییو ڕەشو سپی لە پێشمانەو هەوڵدەدەین خسڵەتە هاوبەشەکانیان بدۆزینەوە کە سەرەکیینو لە هەموویاندا هەن. خسڵەتەکانیدیش وەکو ڕەنگو گەورەو بچوکی زۆر گرنگ نینو لە مێزێکەوە بۆ مێزێکیدی دەگۆڕێن بەبێ ئەوەی جەوهەری مێزەکە بگۆڕن. مێز گەورە بێت یان بچوك، سپی بێت یان ڕەش، هەر مێزە. دوای ئەم کارە واتە داماڵینی خسڵەتە جیاوازەکانیانو گەڵاڵە کردنی خسڵەتە هاوبەشەکانیان چەمکێکیان بەسەردا دەسەپێنین یان بەشێوەیەکی ئاسانتر باسی دەکەینو لە ڕێگەی زمانەوە ناوی لێدەنێین. واتە، وەکو لە زمانناسیدا دەستنیشانکراوە ناوێکی گشتیان بۆ دادەنێینو بە هەموویان دەڵێین "مێز". ئەم کارەش هۆش پێیهەڵدەستێت نەك هەستەکانو دەبێت بە بناغەی زانین. ئەگەر ئەم چەمکانە دروست نەبن زانیارییەکانیشمان دروست نابن.

بەمشێوەیە سوکرات بەرەنگاری بیردۆزە زانیارییەکەی پرۆتاگۆراس بۆتەوەو بیردۆزەیەکی نوێی بۆ دامەزراندووین. ئەو

زانیاری بە چەمکێکی هەمەکی دادەنێت نەك بابەتەکان. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەرەو ڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە کە چۆن ئەم زانیاریە بە بابەتی دابنێین، لەکاتێکدا سوکرات دەڵێت مێز وەکو چەمکێك لە هەموو شوێنێك نیەو تەنیا هۆشی مرۆڤـ لە ڕێگای داماڵینەوە هێناویەتیە کایەوە؟

مەبەستی پرۆتاگۆراس لە خۆپێزی (زاتیەت) زانیاریەکانمان ئەوە بوو کە ئەو بابەتەی کەسێك هەستی پێدەکاتو دەیزانێت پەیوەندی بە تواناو بۆچونی ئەو کەسەوە هەیە. جا ئەگەر نوقڵ لە دەمی کەسێکدا شیرین بێت لە دەمی نەخۆشێکدا تاڵە. بەڵام چەمکە هەمەکیەکان ئەم خسڵەتانە ناگرنە خۆ. چەمکی "مێز" لەلای هەموو کەسێکەوە مێزەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیدی، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکیدی ناگۆڕێو نابێت بە شتێکیدی. کەوابوو "مێز" ناکەوێتە ژێر تێگەیشتنی خۆپێزی تاکەکان لەلای هەموو کەسـێك هەر وەك خۆی ماوەتەوە. ئەمەش پێـیدەگوترێت بابەتـــگەری (Objectivity). جا مانای بابەتگەری چەمکەکان لەلای ئەفلاتون زیاتر ڕوونکراوەتەوەو لە دواییدا باسیان دەکەین. هەروەها سوکرات بڕوای بە بیرە زگماکیەکان بووە. بەگوێرەی ئەمە زانیاریەکان بیروەرییەن (memories)، واتە ئێمەی مرۆڤـ هیچی تازە فێرنابین، چونکە بە زگماکی هەموو شتێك دەزانین تەنیا پێویستمان بەهۆیەك هەیە کە ئەو زانیاریانە وەبیرمان بهێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سوکرات ڕەوتی بیردۆزەکەی کردوە بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە لە پرسیارکردن پێکهاتووە. سوکرات دەیەوێت بە پرسیارکردنێکی زۆر بەرامبەرەکەی بجولێنێتو بیهێنێتە دواندنو بیرکردنەوە هەتا خۆی وەڵامەکان دەداتەوە، سوکرات لەم



ناوەدا وا خۆی نیشان دەدات، کە هیچ لەبارەی بابەتەکەوە نازانێت هەتا بەرامبەرەکەی زیاتر هەست بە ئازادی بکاتو هەوڵبدات وەڵامەکان ئامادە بکات.

بەشی دووەم: ئەم بەشە کە لە دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دێت دەتوانرێت ناوی "هەڵهێنجان"ی لێبندرێت. سوکرات لێرەدا دەکەوێتە بژارکردنی وەڵامەکان تا لە ئەنجامدا وەڵامێکی پوختو گونجاو هەڵدەهێنجێت. گەیشتن بەم قۆناغەش وەکو لە پێشدا بۆمان دەرکەوت بەرامبەرەکەی بە ئەنجامی گەیاند. ئەو وەکو مامانێك یارمەتی بەرامبەرەکەیدا تاکو زانیاریەکان لەناو مێشکی دەربهێنێت کە لەوەو پێش شاردراوەو نەدۆز بوون.

سوکرات وەکو فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی ناوەڕۆك دەخاتە پێش "بوون"و بەبابەتێکی گیانەکی پەتی دادەنێت کە بەبێ بوونی ماتریال دەتوانێت بە بەردەوامی بمێنێتەوەو بژی. ئەفلاتۆن لە دیالۆگی "فیدۆن"دا باسی ئەو لایەنەی فەلسەفەکەی سوکراتی کردوە کە چۆن ویستویەتی بۆ شاگردەکانی ڕوون بکاتەوە کە مردن وشەیەکی بێماناو پوچەڵەو بوونی نیە. ئەوەی کە مرۆڤ پێیدەڵێت مردن لە ڕاستیدا بریتییە لە گواستنەوەی گیانی مرۆڤـ لە جیهانێکی ماتریالییەوە بۆ جیهانێکی بەرزی گیانەکی بەبێ ئەوەی گیان بکەوێتە ژێر بارودۆخی کاتو شوێنەوە. هەروەها فەلەسەفەشی بەو ڕێگا پاکو پیرۆزە داناوە کە مرۆڤـ تێیدا گیانی خۆی پاك دەکاتەوەو دەگاتە ژیانێکی پڕ کامەرانی. هەر بۆیەش دەڵێت: "زانین چاکەیە"، یان دەڵێت: "مرۆڤـ نابێت چاکە بکات، تا نەزانێت چاکە چیە".[51]

51 ـ احمد امين و زكى نجيب محمود، *قصه الفلسفه اليونانيه*، ل 156

کەواتە با بپرسین، ئایا چاکە چیە؟ چۆن بتوانین چاکە بناسین؟ ئایا زانین دەبێت بە چاکە یان دەتوانێت چاکەمان پێبناسێنێت؟ سوکرات وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەداوەتەوە بۆیەش دوای مردنی شاگردەکانی ناکۆکیان کەوتە نێوانو هەر دەستەیەك بەجۆرێك باسی چاکەیان کرد.[52] فێرگەی کەلبی کە لەلایەن "ئەنستانس"ـەوە دامەزرا چاکەی بە ژیانی سادەگیو ڕازیبوونی دەروونیو گەڕانەوە بۆ سروشت دانا. شەڕو ئاژاوەشی خستە پاڵ ژیانی پڕ لە چڵێسی (طماع)و خۆشیو ڕابواردنی پڕ لە سامانو شارستانی. شاگردەکانی ئەنستانس ڕوویانکردە ژیانێکی سادەگیو زاهیدیو ڕازیبوون بە هەژاریو برسێتی. لەسەر شەقامەکانو لەژێر دەواری ئاسماندا دەخەوتنو لە خۆشیو ڕابواردنو سامانی دنیا دوورکەوتنەوە. ئەوان گەردوونیان کردە نیشتیمانی خۆیان بڕوایەکی تەواویان بە سەربەستی مرۆڤ هەبوو، بەتایبەتی سەربەستیەك کە سنوورو یاسا ڕامیاریەکان ناتوانن کۆتو زنجیری بکەن.[53] کەلبیەکان جگە لەم بیرو باوەڕەیان، خواکانی یۆنانیان ڕەتکردۆتەوەو وەکو سوکرات بڕوایان بە خوایەکی تاکو بەهێز هێناوە. "کۆرینا"ییەکانیش بە ڕابەری ئەریستیپۆس بەپێچەوانەی کەلبییەکانەوە چاکەیان بە خۆشیە هەستەکیەکان داناوە، ئەنجا بە گوێرەی تاقیکردنەوە هەستەکیەکانمان کە لەناو بازنەی کاتو شوێندا ڕوو دەدەنو هەناسە کورتن خۆشیەکانیش بە بەردەوامی نامێننەوەو دەبن بە ڕوداوێکی کاتی. بە واتای ئەوان مرۆڤ بە دوای خۆشیدا وێڵەو لە دەست ناخۆشیو ئازار ڕادەکات.

---

52 ـ هەمان سەرچاوە.

53 ـ احمد امین و زکی نجیب محمود، *قصة الفلسفة الیونانیة*، ل 129



بەڵام ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە خۆشی بگاتو خۆی لە ناخۆشیو ئازار دوور بخاتەوە؟ ڕاستە، لەبەر ئەوەی خۆشیە لەشەکیەکان هەستەکین درێژخایەن نینو زوو تەواو دەبن، ژیانی مرۆڤیش هەمان شت کورتەو ناتوانێت بگاتە لوتکەی خۆشیو کامەرانیەکی هەمیشەیی. ژیان بەگوێرەی دیدی ئەم فێرگەیە بێهودەیە هەر بەمجۆرەش هەموو هەوڵو تەقەلایەکمان بێهودەیە. تەنیا ڕێگایەکیش بۆ لەناوبردنی بێهودەیی ژیان وەکو هسیاس یەکێك لە شاگردەکانی ئەم فێرگەیە دەڵێت: "خۆکوشتن"ـە.[54] سنیکاش (Seneca) دەڵێت: "کاتێك هەست بە چەوتیو ناشیرینی ژیان دەکەین هەموو کەلێنێکی بە خراپەو داوێنپیسی گەمارۆ دەدرێت ناتوانێت لەناو شادەمارێکی لەشماندا ڕزگاریو سەربەستیمان بدۆزینەوە".[55] ئاشکرایە کە ئازار جۆرێکە لە هەستکردنو بەهۆی هەستکردنەوە دركی پێدەکەین. بۆئەوەی خۆشیەکی هەمیشەو نەبڕاوەمان هەبێت دەبێت هەستکردن بە ئازار لەناوبەرین. تەنیا ڕێگاش بۆ لەناوبردنی ئەم ئازارە بریتییە لە کوژاندنەوەی هەستکردن لە ڕێی "مردن"ـەوە. کاتێك مرۆڤ دەمرێت

---

54 ـ دیۆجنیس (Diogenes)، کە شاگردێکی ئەم فێرگەیە بووە، بە ڕۆژی روناك بە چرایەکەوە بە بازاڕەکانی شاری "ئەتین"دا بۆ مرۆڤی راست گەڕاوە. ئەسکەندەری مەکدۆنی گوتویەتی ئەگەر ئەسکەندەر نەبوومایە ئاواتم دەخواست ببوومایە بە دیۆجنیس.

55 ـ سنیکا فەیلەسوفێکی رەواقی رۆمانی بوو، لە سەردەمی نێرۆدا ژیاوەو هاوڕێی بووە. خۆییو پۆلۆنیای ژنی بۆئەوەی بەرامبەر بە چەوتیو نالەباری سەردەمەکەیانو رژێمەکەی نێرۆ بەرپرسیار نەبن، لەبەر چاوی شاگردەکانی دەماری دەستیان دەبڕنو هەرچی خوێن لەناو لەشیاندا هەیە ڕۆی دەکەنە سەر زەوی. یەکێك لە پزیشکەکانی نیرۆ، پۆلۆنیا رزگار دەکاتو پۆلۆنیا چەند ساڵێك دوای سنیکا دەمرێت.

هەستكردن نامێنێتو ئازاریش لە قەوارەی "بوون"ی دەرباز دەبێت. بەمجۆرە مرۆڤ دەگاتە خۆشیەكی هەمیشەیی (ازلی). ئەمە جۆرێكە لە لێكدانەوەی بۆچوونەكەی هێجسیاس كە دەقاودەق بیرو باوەڕێكی "بوودی"یانەو گەیشتنە بە نیرڤانە. لێكدانەوەیەكیدیش بۆ مەسەلەی خۆكوشتن لەلای ئەبیگۆریەكان پەیوەستە بە هیوا بوونی مرۆڤ و رووخانی دەروونیەوە. ئەم لێكدانەوەیە وەك ئەوەیە بڵێین، لەبەر ئەوەی ژیان پڕە لە ئازارو ناخۆشیو منیش ناتوانم بگەم بە ئامانجەكانم، كەوابوو ژیان بێهودەیە پێویست ناكات بژیم.* هێجسیاس كە یەكێكە لە پێشەوایانی ئەم فێرگەیە بە پەیامبەری مردن ناسرا، زۆر لە شاگردەكانی خۆیان كوشت. "بەتلیمۆس"ی پاشای ئەتین بڕیاریدا فێرگەكەی دابخات. هێجسیاسیش بە تۆمەی فریودانو سـەرلێشێوانی لاوان لە ئەتێن وەدەرنرا.[56] پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر ئەم فێرگەیەدا "ئەنكریز" توانی جارێكیدی دایبمەزرێنێتەوەو چەند گۆڕانكاریەكی تێدا بەرپابكات. بۆنموونە، جگە لە خۆشی هەستەكی ئەنكریز گۆپەستی (ادعاء) خۆشی هۆشەكی كردو لەم ڕووەوە دەڵێت: ئێمە دەتوانین نیشتیمانمان خۆش بوێتو قوربانی بۆ بدەینو لە پێناوی كۆمەڵدا بژین. كە دەنوارینە تابلۆیەكی هونەری هەست بە

* ئەمە لێكدانەوەیەكی بێهودەیی "عبثي" كوێرانەیە كە هەرگیز لەگەڵ بێهودەیی بوونخوازەكان یەكناگرنو دانویان پێكەوە ناكوڵێت. ڕاستە بوونخوازەكان ژیان بە بێهودە دادەنێن، چونكە بە ڕای ئەوان هیچ خوایەك دروستی نەكردوە، بەڵام لەهەمان كاتدا تواناو دەسەڵاتی مرۆڤ فەرامۆش ناكەن. مرۆڤ بەگوێرەی دیدی ئەوان دەتوانێت مانا بە ژیان بداتو بێهودەیی لەبن بەرێت.

56 ـ اسماعیل مظهر، *فلسفة اللذة والألم*، ل 19



خۆشی دەكەین، ئەمجۆرە خۆشیە خۆشیەكی هەستەكییەو "مرۆڤی بەختەوەرو زانا ئەو كەسەیە كە لە پێناوی گەلو نیشتیمانو هاوڕێیەتیدا تێدەكۆشێت".[57]

سێیەم فێرگە كە لە دوای مردنی سوكرات دروست بوو فێرگەی میگارییەو خاوەنەكەشی "ئەكلیدیس"ی میگارییە. ئەم فێرگەیە وەكو كۆشكێك وەهایە كە بناغەكەی پارمەنایدێسی بێتو دیوارەكانیشی سوكراتانە، چونكە بیردۆزە ئەنتولۆجیەكەی پارمەنایدێسو بۆچوونە ئاكاریەكەی سوكراتی لەیەكداوە. لەلای پارمەنایدێس "بوون" یەك "بوون"ـەو گۆڕانی بەسەردا نایەت، وەكو چۆن لای سوكرات چاكە یەك چاكەیەو گۆڕانكاری تێدا ڕونادات. جا ئەگەر بڕوامان بە یەك چاكە هەبێت دەبێ ئەو "بوون"ـە بێت كە پارمەنایدێس باسی دەكات، چونكە هیچ "بوون"ێكیدی نیە خسڵەتی چاكەی بخەینە پاڵ. ئەم "بوون"ـەش لەبەر ئەوەی ڕەهایە (مطلق) چاكەكەش هەروا ڕەهایە. ئەوەی هەیە "بوون"ـە، "بوون"یش چاكەیە، كەوابوو خراپە لە "بوون"دا نیەو ئەگەر هەبێتیش وەهمییەو نادروستە. بەمپێیە واتای چاكە لە دوای سوكرات بە سێ جۆر لەلایەن شاگردەكانیەوە باسكراوەو ئەم سێ دیدەش لەگەڵ یەكدیدا ناكۆكن.

57 ـ یوسف كرم، *تاريخ الفلسفة اليونانية*، ل 213

## ئەفلاتۆن

جگە لەم فێرگانە لە هەموویان گەورەترو قوڵتر ئەکادیمیەکەی ئەفلاتۆنە کە نزیکەی بیست ساڵ دوای مردنی سوکرات دامەزرا. ئەفلاتۆن (Plato) (347–427پ.ز) دوای مردنی مامۆستاکەی ئەتێنی بەجێهێشتو روویکردە میگاراو میسرو ئیتالیا، دوایی گەڕایەوە بۆ ئەتێنو فێرگەکەی دامەزراند. وەکو فەیلەسوفێکی خاوەن گەنجینەیەکی بیری بە سامان کۆمەڵێك دیالۆگی بۆ بەجێهێشتوین، کە تێیاندا بەدرێژی باسی بیرو باوەڕەکانی خۆیو سوکراتی کردوەو روونی کردونەتەوە. ئەم دیالۆگانەش بە تێکڕا دەکرێن بە سێ دەستەوە:

<u>دەستەی یەکەم</u> لە پێش گەشتەکەیدا بۆ میگاراو میسرو ئیتالیا نوسراوەتەوە. لەم دیالۆگانەدا کە پێکهاتون لە دیالۆگی "هیپپیاس، مینۆ، کریتۆن، پڕۆتاگۆراس"و چەند دانەیەکیدی باسی بیرو باوەڕەکانی سوکراتی مامۆستای کردوە. ئەم دیالۆگانە بە گشتی کورتنو باسی فەلسەفەکەی ئەفلاتۆن ناکەن.

<u>دەستەی دووەم</u> پەیوەندی بە پەرەسەندنی بیرکردنەوەی ئەفلاتۆن هەیە لە گەشتەکەیدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی بیرو باوەڕی ئیلیاییەکان کاری تێدەکاتو هەوڵدەدات فەلسەفەکەی خۆی دابمەزرێنێتو زەمینەی بۆ خۆش بکات. لەم گەشتەدا ئەفلاتۆن بیردۆزە ئایدیالیستیەکەی دامەزراند. دیالۆگەکانی ئەم دەستەیەش بریتین لە "گیورگیاس، تیاتیتۆس، پارمەنایدس".



<u>دەستەی سێیەمیش</u> خۆی لە دیالۆگەکانی "سیمپۆزیۆم (المائدە)، فیلیبوس، تیماوس، کۆمار، فیدون، فیدروس و ناموس"دا دەبینێتەوە، کە ئەفلاتۆن بەوپەڕی کارایی تواناوە هێناونیە بەرهەم.

هەرچەندە بیردۆزی زانیاریو میتافیزیکی ئەفلاتۆن لەیەك جیاناکرێنەوە باشتر وایە لە بیردۆزە زانیاریەکەیەوە تێهەڵچینو لەوێوە سیستەمە میتافیزیکیەکەی شیبکەینەوە. بیردۆزە زانیاریەکەشی لە رەخنەکانی ناو دیالۆگی "تیاتیتۆس"ـەوە دەستپێدەکات کە ئاراستەی "پڕۆتاگۆراس"ی کردوە. لەمەوبەر باسی ئەوەمان کرد کە پڕۆتاگۆراس "زانین" دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەزموونی هەستەکی واتە ئەوەی دەیزانین لە هەستەکانەوە پێمان دەگات. هەستکردنی تاکەکانیش جیاوازنو لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیدی دەگۆڕێت. بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن، هەوڵدەدەین رەخنەکانی ئەفلاتۆن لەسەر ئەپستمۆلۆجی پڕۆتاگۆراس بکەین بە حەوت بەشەوە:

<u>یەکەم</u>: ئەگەر زانین پەیوەست بێت بە هەستکردنەوەو هەستکردنیش خۆپێز (زاتی) بێت، ئەوا فێرکردنو بەڵگەو سەلماندنی هەموو شتێك مەحاڵ دەبێتو مامۆستایەك زیاتر لە شاگردەکەی نازانێت، خۆ ئەگەر بشزانێت، ناتوانێت بیگەیەنێت بە شاگردەکەی چونکە ئەزموونە هەستیەکانی لە ئەزموونی شاگردەکەی جیاوازە.

<u>دووەم</u>: ئەگەر زانین هەستکردن بێتو مرۆڤیش پێوەری هەموو شتێك بێت دەبێت ئاژەڵیش پێوەری هەموو شتێك بێت، چونکە ئاژەڵیش هەست دەکات.

<u>سێیەم</u>: پڕۆتاگۆراس خۆی بەدرۆ دەخاتەوەو دەڵێت ئەوەی بۆ من ڕاستە بۆ کەسێکیدی درۆیە. کەوابوو ئەم بیردۆزەش کە لەلای پڕۆتاگۆراس ڕاستە لای کەسێکیدی درۆیەو ناڕوات.

چوارەم: ئەزموونە هەستەکیەکان ناکۆکن. دارێك لە دوورەوە بچوك دیارەو لە نزیکەوە گەورە، کورسیەك لەچاو پەڕاوێکدا سەنگینەو لەچاو تەنێك تەختەدا سوکە، ڕەنگی سەوز لەچاو ڕەنگی سپیدا تێرەو لەچاو ڕەشدا کاڵە. بەمپێیە کورسیەکە سەنگینیشەو سوکیشە، دارەکە گەورەشەو بچوکیشە، ڕەنگی سەوز تێریشەو کاڵیشە. ئەم ناکۆکیانە بەهۆی هەستکردنمانەوە پەیدا بوون، نازانین کامیان دروستەو کامیان نادروست.

پێنجەم: بیردۆزەکەی پرۆتاگۆراس بابەتگەری ڕاستەقینە ڕەتدەکاتەوە. هەر کەسە بەگوێرەی دیدی خۆی شتێك بە ڕاست دادەنێتو شتێکیدی بە ناڕاست. لەهەمان کاتدا ناشتوانین هیچ کامێك لەو دوو دیدەیە بسەلمێنین. کەوابوو هەموو شتێك ڕاستەو هەموو شتێك ناڕاستە، هەموو شتێك خراپەو هەموو شتێکیش چاکە.

شەشەم: بەڕای پرۆتاگۆراس ئەوەی بەلای کەسێکەوە ڕاستە بەلای کەسێکیدیەوە ڕاست نیە. ئەم دیدە مەرج نیە لەگەڵ پێشهاتەکانی داهاتوماندا بگونجێت، بۆنموونە، ڕەنگە کەسێك بیر بکاتەوە کە لە داهاتوودا ببێت بە سەرۆکی شارەوانی، کەچی پاسەوانی شەویشی دەستناکەوێت.

حەوتەم: لە زانیاریەکانماندا چەند بابەتێك هەن کە لە ڕێگای هەستکردنەوە پەیدانەبوون. کەوابوو ناتوانین بڵێین هەموو زانیاریەکانمان هەستەکین. لە شوێنێکیدی ئەم نوسراوەدا باسکرا کە دەڵێین "مێزەکە قاوەییە" مێزو ڕەنگی قاوەیی دوو چەمکی هەمەکینو لە ڕێگای "هەست"ـەوە نەهاتوون، بەڵکو هۆش دروستی کردون.



ئەفلاتۆن لێرەدا وەکو سوکرات بەرەو لایەکیدیمان دەباتو بڕوا بەجۆرێك زانیاری دەکات کە دەبێت بە سەرچاوەی ڕاستیو لە هەستکردنەوە نەخوڵقاوە. ئەویش بریتییە لە زانیاریە هۆشەکیەکان کە چەمکە هەمەکیەکان پێناس دەکەن. ئەفلاتۆن پتر لە سوکرات پێی داگرتوەو بڕوای هەیە بە بوونی ڕاستەقینەی ئەم چەمکانە لە جیهانێکی بەدەر لە ماتریالدا.

## جیهانی بینراو و جیهانی نەبینراو

ئەنەکساگۆراس بەر لە سوکراتو ئەفلاتۆن بنەمای میتافیزیکی دامەزراندو "بوون"ی کرد بە دوو بەشەوە. ئەفلاتۆن سیستەمە میتافیزیکیەکەی خۆی لەسەر ئەم ڕێبازەی ئەنەکساگۆراس بنیاتناو بەرەو پێشی برد. ئەفلاتۆن دوای گەڕانەوەی بۆ ئەتین، لە نزیك پەیکەری ئەکادیمۆس جێگایەکی دەستنیشان کردو فێرگەیەکی بەناوی "ئەکادێمی"یەوە بۆ فێرکردنی شاگردەکانی لە ساڵی 385پ.ز کردەوە. ئەگەر بە وردی سەرنجی فەلسەفەکەی ئەفلاتۆن بدەین دەبینین کە جگە لەوەی بیردۆزە زانیاریەکەی ڕووی نەرێی (نێگەتیڤ) بیردۆزەکەی "پرۆتاگۆراس"ـە، لە زۆرلاو فێرگەیدیشەوە بیرکێشی کردوەو بیرو باوەڕەکانی خۆی پاراو کردوە. بۆنموونە، پیتاگۆراسو هیراکلایدسو پارمەنایدسو سوکرات کاریان تێکردوەو جێپێی خۆیان لە بیرو باوەڕەکانیدا بەجێهێشتوە. "بوون"ی ڕەهای ئیلیاییەکان بووە بە بنچینەی بیردۆزە ئایدیالیستەکەی. گۆڕانە هەمیشەیەکەی ناو فەلسەفەکەی هیرکلایدس بووە بە خسڵەتێکی گرنگی جیهانی خوارەوەو ڕواڵەتە ماتریالیەکان. لە "سوکرات"یشەوە

بیردۆزی بیرەوەرییەکەی هێناوەو وەکو ئەریستۆش باس دەکات، سوودی لە ژمارەگەری پیتاگۆراس وەرگرتوە.[58]

جیهان لەلای ئەفلاتۆن وەکو زانیاریە هەستەکیو هۆشەکیەکانمان دەبێت بە دوو بەشەوە: جیهانی خوارەوە کە ئێمەی زیندەوەری تێدا دەژین ئەم جیهانە ماتریالیەو وێنەیەکی ساختەو شێواوەی جیهانە ڕاستەقینەکەیەو دەکەوێتە ژێر باری "کات"و "شوێن"ـەوە. هەر بابەتێك لەم جیهانەدا هەبێت تاکەو لەژێر فەرمانی کاتو شوێندایەو سەرەتاو کۆتایی هەیەو گۆڕانی بەسەر دادێت.

جیهانی دووەمیش لە ماتەر بەدەرەو بەرزە، جیهانێکی ڕاستەقینەیەو کەوتۆتە ئەودیو سنوری "کات"و "شوێن"و زەبری گۆڕانکاری. جگە لەمەش، ئەم جیهانە بەرزە جیهانێکی نەبینراوەو تەنیا فەیلەسوفەکان دەرکی پێدەکەنو دەتوانن پێیبگەن. بابەتەکانی ناو جیهانە بەرزەکە نەتاکن، نەماتریالین، بەڵکو فۆرمێکی هەمەکی پەتینو ناوەڕۆکی بوونەوەرەکانی جیهانی ماتریالین.

وەکو دەبینین، ئەفلاتۆن جگە لەوەی "ناوەڕۆك"ی لە "بوون" جیاکردۆتەوە، ئەو ناوەڕۆکەیشی لە جیهانێکی دوورو بەرزدا داناوە بەبێ ئەوەی ئەو "ناوەڕۆك"ـە بە "بوون"ـەوە ببەستێتەوە. ناوەڕۆکەکان یان فۆرمەکانی جیهانی ئایدیا هەمەکین. بۆنموونە لەم جیهانەدا بابەتی زۆرمان هەیە، وەکو مرۆڤ، ئەسپ، مێز... بۆ هەریەکێك لەمانەش فۆرمێك لە جیهانە بەرزەکەدا هەیە. مرۆڤی تاکمان زۆرە، هەندێك ڕەشن هەندێك سپی، هەندێك خەڵکی ناوچە شاخاویەکانن هەندێکیش خەڵکی سەر دەریان، هەندێك چەوساوەن

58 ـ هەمان سەرچاوە.



هەندێکیش چەوسێنەرن. بەڵام بۆ هەموویان لە جیهانە بەرزەکەدا تەنیا یەك فۆرمی هەمەکی "مرۆڤ" هەیە. کەوابوو مرۆڤە ڕاستەقینەکە ئێمە نین، ئێمە سێبەری ئەوین یان کۆپی ئەوینو فڕێدراوینە ناو جیهانی ماتریاوە. فۆرمە هەمەکیەکان خسڵەتگەلی دیشیان هەیە. ئەفلاتۆن ئەمانە بە "بوون"ێکی هەمیشەیی دادەنێتو هیچ هێزێك دروستی نەکردون، نە سەرەتایان هەیەو نە کۆتایی. بەم پێیەش ناشێت لە چوارچێوەی کاتو شوێندا بنو گۆڕانیشیان تێدا ڕوونادات. ژمارەی ئەم فۆرمانەش دەتوانین بڵێین هێندەی ژمارەی ئەو بابەتانەن کە لەم جیهانەدا هەن، چونکە جیهانی خوارەوە کۆپی دەقاودەقی جیهانی ئایدیالە. ئەوی لێرە هەبێت لەوێش لە فۆرمێکی ماتریال– بەدەردا هەیە.

ئەفلاتۆن پەیڕەوی ڕەوتی دووالیزمی کردووە. ماتریا لەناو "هیچ"، واتە (عدم)ـەوە هەڵناهێنجێت، بەڵکو بە هاوبووو هاوڕێی خوای دادەنێت. ئەمەش جیاوازیەکی گەورەیە لە نێوان خوای سوکراتو خوای ئەفلاتۆنو خوای ئەریستۆو خوای موسڵمانەکان. بەڕای فەیلەسوفە یۆنانیەکان هیچ شتێك لە "هیچ"ـەوە نەهاتووەو نابێت. خواش گیانەکیەو نابێت بە سەرچاوەی "بوون"ـە ماتریالیەکە. ماتریا هەر بووەو نافەوتێت، خوا ئافەریدی نەکردوە، بەڵکو فۆرمی داوەتێو بابەتە تاکەکانی لێپێکهێناوە. ئەریستۆ یەکەم کەس بوو ڕەخنەی لە بیردۆزە ئایدیالیەکەی ئەفلاتۆن گرتو جیهانە ئایدیالیەکەشی بە جیهانێکی ئەندێشەیی دانا. بە ڕای ئەریستۆ، ئەفلاتۆن باسی پەیوەندی نێوان "بوون"و "ناوەڕۆك"ی نەکردوە. بابەتە تاکەکانی جیهانی خوارەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت بەڵام فۆرمە بەرزەکانیان نەگۆڕو چەسپاون. وەکو ئەفلاتۆن دەڵێت فۆرمێکی تەواوو پڕن بۆیە

پێویستیان بە گۆڕان نیەو خۆ ئەگەر گۆڕانیان تێدا ڕوویدات ئەوا جوانیو بەرزیان کەم دەبێتەوە.

لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین ئایا گۆڕانی بابەتەکان لە کوێوە هاتوون؟ بە ڕای ئەریستۆ، ئەفلاتۆن نەیتوانیوە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. جیهانی خوارەوە جیهانێکی ماتریالیە، ناتەواوەو پڕیەتی لە ناخۆشیو شەڕو ئاژاوە. جگە لەوەش گوتمان کۆپی دەقاودەقی جیهانە بەرزەکەیە. بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین ناخۆشیو شەڕو ئاژاوەی ئەم جیهانە وەکو هەموو ڕواڵەتەکانیدی کۆپی فۆرمەکانی جیهانە بەرزەکەن؟ ئەگەر فۆرمی ناخۆشیو شەڕو ئازارمان لە جیهانە بەرزەکەدا نەبێت، ئەی لە کوێوە هاتوون؟ دیسانەوە ئەفلاتۆن وەڵامی ئەم پرسیارانەشی بۆ ئامادە نەکردوین.

ئەفلۆتین[59] (Plotinus) (204پ.ز–70ن) کە لە سەدەی دووەمی زاینیدا ژیاوە، وە ڕێبازەکەی بە "ئەفلاتۆن"یی نوێ ناسراوە، توانیویەتی هەندێك گۆڕانکاری بهێنێتە کایەو وەکو سۆفیەك بڕوانێتە "بوون"ی مرۆڤ. بە ڕای ئەفلۆتین جیهانی ئایدیال جیهانێکی دینامیکیو نەوەستاوەو تاکەکان تێیدا دەژین.[60] جگەلەوەی کە مرۆڤ چەند جارێك لە ڕێگای لاشەگۆڕکێوە (reincarnation) دێتەوە ژیانو دەمرێتەوە، ئەفلاتۆن باسی ئەوەی نەکردوە کاتێ مرۆڤ دەمرێت چی بەسەر دێتو بۆ کوێ دەڕوات، ئایا خۆی لەناو مرۆڤەکەی جیهانە بەرزەکەدا دەتوێتەوە یان نا؟ ئەفلۆتین بە پێچەوانەی "ئەفلاتۆن"ـەوە لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤە تاکەکان دوای ئەوەی لە

59 ـ بە پێویستم زانی لێرەدا باسی ئەفلۆتین بکەم تاکو باشتر لە فەلسەفەی ئەفلاتۆن بگەین.

60 ـ امين احمد وزكي نجيب محمود، *قصة الفلسفة اليونانية*، ل 156



گوناهەکانیان پاك دەبنەوە لە جیهانە بەرزەکەدا ژیانی نەمری بەدەست دێنن. ئەم دیدەی ئەفلۆتین دیدێکی مەسیحیانەیە. ئەم ئاینە بایەخی زۆری داوە بە تاکەکان گوایە مرۆڤ گوناهەکانی خۆیو ڕەگەزەکەی هەڵدەگرێتو ڕووبەڕووی خوا دەبێتەوە. لای ئایینی مەسیحی مرۆڤ بەرپرسیارە بەرامبەر بە یەکەم گوناهی ئادەمو حەوا، واتە گوناهی ئادەمو حەوا گوناهی هەموو نەژادی مرۆڤەو لە ڕێگای بابو باپیرانەوە پشتاوپشت بۆ نەوەکانی داهاتوو ماوەتەوە. مرۆڤ ئەگەر بشتوانێت خۆی لە گوناهەکانی ڕۆژانەی بپارێزێت یان خۆی پاك بکاتەوە لێیان ئەوا گوناهـی یەکەمـی، واتە گوناهـە میراتیـەکەی (original sin) هەر لەسەر شان دەمێنێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئایینی مەسیحی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بەدبوو (سلبی) دادەنێت.

ئەفلۆتین سێ نهۆمی سەرەکی بۆ جیهان داناوە. بەرزترین نهۆم "خوا"یە، کە بە ژمارە یەك دادەنرێت. دووەم نهۆمیش بریتییە لە "هۆش"ی هەمەکی کە ناوەڕۆکێکی پەتیەو لە خواوە دەرچووە، وەك چۆن تیشك لە خۆرەوە دەردەچێت ئەمیش ئاوا دەرچووە. سێیەم نهۆمیش دەروونی هەمەکیەو سەرچاوەی ژیانی بوونەوەرەکانە.[61] ئەمیش لە هۆشی هەمەکیەوە دەرچووە.

دەروونی هەمەکی دەکرێت بە دوو بەشەوە، هەر بەشەیان لە کۆمەڵێك دەروونی ئەتۆمی پێکهاتوە. ئەتۆمە دەروونیەکانی بەشی یەکەم توشی عەشقی ماتریال دەبنو ڕۆڵی (غەریزە) دەبینن. ئەتۆمەکانی بەشی دووەمیش دوورەپەرێز لە ماتەریال دەوەستنو دەیانەوێت لە ڕووی هەڵکێشانەوە بگەڕێنەوە نهۆمی یەکەم. دوای ئەم

61 ـ د. محمد عبدالرحمن مرحبا، *من الفلسفة اليونانية الى الفلسفة الاسلامية*. ل 237

سێ نهۆمە بەرزانە نزمترین بەشی "بوون" جیهانی ماتریالیە. ئەم بیردۆزەیەی ئەفلۆتین هەرچەند بۆ یەکەمجار لەلای هیندیەکان باسکراوە، کارێکی زۆریشی کردۆتە سەر فەیلەسوفو سۆفیەکانی ئیسلام. لە "کەندی"یەوە تا "فارابی"و "ئیبن سینا"و زانایانی "اخوان الصفا"و جێگایەکی گرنگیان بۆ بیردۆزی "الفیض" لە سیستەمە میتافیزیکیەکەیاندا داناوەو بڕوایان پێیکردووەو خۆیان لە دەستی میتافیزیکیەکەی ئەریستۆ ڕزگارکردوە کە بەرەو "دووالیزمی"مان دەباتو ماتریال بە هەمیشەیی دادەنێت. زانا موسڵمانەکان هەرچەندە شاگردێکی دڵسۆزی ئەرستۆ بوون نەیانتوانیوە دژی قورئان بوەستنو دەسەڵاتی خوا لە دروستکردنی ماتریالدا کەم بکەنەوە. لە لایەکیدیشەوە نەیانتوانیوە هەموو لایەنێکی فەلسەفەکەی ئەریستۆ ڕەتبکەنەوەو پەیڕەوی "لۆجیك"ـەکەی نەکەن. لەنێوان ئەم دوو ڕێگایەدا شوێن ئەفلۆتین کەوتوون، لەلایەك دڵی لایەنگرانی ئەرستۆیان لە خۆیان نەڕەنجاندوەو لەلایەکیدیش دڵی مەلاکانیان ڕازی کردوە. ئەفلۆتین وەکو زانا موسڵمانەکان بڕوای بە هەمیشەیی ماتریال نەبوو، بە پێچەوانەی ئەفلاتۆنەوە سەرەتاو کۆتایی بۆ ماتریال داناوەو هەمیشەیی دەخاتە پاڵ خوا. بەگوێرەی دیدی ئەو هۆش لە خواوە هەڵدەقوڵێت، لە هۆشیشەوە دەروون پێکدێتو لە دەروونیشەوە ماتریال.[62] دەروونیش وەکو لەمەوبەر باسمانکرد، شیتەڵ دەبێتەوە بۆ ئەتۆمەکانی. ئەم ئەتۆمانەش لە ئاستی دەروونە گشتیەکەدا وەك پیتگەلێك وەهان کە ڕستەیەکی زمان پێکدێنن.

62 ـ هەمان سەرچاوە.



ئەفلۆتین لە دواییدا ماتریال دەکات بە دوو بەشەوە. بەشێکیان دەلکێنێت بە هۆشەوەو ناوی دەنێت "هیۆلی هۆشەکی"، ئەم بەشە وەستاوەو گۆڕانکاری تێدا ڕونادات. بەشەکەیدیش بریتییە لە ماتریالە هەستپێکراوەکەی جیهانی دەروونە ئەتۆمیەکان یان ئەو ماتریالەی کە ئێمەی تێدادەژین.[63]

کەوابوو، لەبەرئەوەی کە ماتریال لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێو دەروونیش لە هۆشەوەو هۆشیش لە خواوە، دەتوانین ماتریال بە بەشێك لە خوا دابنێین، بەڵام خوا خۆی وجودی ماتەری نیە. ئەمجۆرە بۆچوونە سۆفیگەریانە دوورە لە دیدی یەکانەی بوونەوە (وحدە الوجود). زانایانی سەر بە دیدی یەکانەی بوون خواو سروشت لەیەك جیاناکەنەوە، واتە هەردووکیان بە یەك ڕاستەقینە دادەنێن. ئەفلۆتینو فارابیو ئیبن سیناو هەموو ئەوانەی پەیڕەوی بیردۆزی دەرچوون (الفیض)یان کردوە، لەو باوەڕەدان کە سروشت بەشێکە لە خواو سێ نهۆم لەژێر خواوەیە. ماتریال لەشی خوا یان بوونی فیزیکی خوا نیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە خواوە پەیدا بووەو بەبێ بوونی خوا ناتوانێت لە خۆیەوە بێتە کایە. واتە بوونی خوا سەرچاوەی هەموو بوونەکانیدیەو بوونەکانیدیش لە هۆشی هەمەکیەوە هەتا بچوکترین زیندەوەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێنو توانای بوونیان هەیە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو جۆرە بوونە بوونی "زەرورە"و بوونی "مومکن" وەکو پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام وایە، بەبێ یەکەم دووەم نایەتە دی. بەگوێرەی بیردۆزی دەرچوون (الفیض) بوونەوەرەکان بەشێکن لە خوا، بەڵام خۆیان خوا نین. مرۆڤ بەشێکی بچوکە لە خوا

63 ـ عبدالرحمن بدوي، *خريف الفكر اليوناني*، ل 173

وەكو پەیوەندی نێوان دڵۆپی ئاوێكو دەریایەك، بەڵام خۆی خوا نیە. مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێی هەڵكێشانەوە لەگەڵ زاتی خوادا یەكبگرێتو وەكو دڵۆپە بارانێك تێكەڵی دەریاكە بێتەوە.

لێرەدا دەشێت جیاوازیەكیدیش لەنێوان زاتی خواو مرۆڤدا بخەینە ڕوو: خسڵەتەكانی مرۆڤ وەكو ژیانو ویستو توانایی‌و زانین ...هتد لە خسڵەتەكانی خوا دەچن، بەڵام چەندایەتیان جیاوازە. خوا زانیاری دەربارەی جیهان هەیەو مرۆڤیش هەیەتی، خوا توانایی هەیەو مرۆڤیش هەیەتی، بەڵام توانای خوا بێسنورەو سەرچاوەی توانای مرۆڤە. بەهەمان شێوە زانیاری خوا بێسنورەو سەرچاوەی زانیاری مرۆڤە. واتە چونكە بوونی مرۆڤ لەڕێگای داكشانەوە لە بوونی خواوە بەرپا بووە خسڵەتەكانیشی لە خسڵەتەكانی خواوە هەڵقوڵاوە، بەڵام هەرگیز نابن بە یەك. مرۆڤ لە هەموو ڕوویەكەوە سنوردارە، ئەگەر لە ڕووی چۆنیەتیەوە لە خوا بچێت، ئەوا لە ڕووی چەندەكیەوە لە یەك دوور دەكەونەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە شێخ ئەحمەدی سەرهەندی (ئیمام ڕەبانی) ڕەخنە لەو سۆفیانە دەگرێت كە لاف خوایەتی لێدەدەن.

## بوون لاي ئەريستۆ

ئەریستۆ (Aristotle) (384–322پ.ز) دوای ئەوەی لە ئەفلاتۆنی مامۆستای جیا بووەوەو ئەكادیمیای بەجێهێشت خۆی لە دەست مێتافیزیكە ئەندێشاویەكەی ئەفلاتۆن ڕزگاركردو زیاتر ڕووی كردە ئەو ڕاستەقینە بەردەستیەی كە دەكەوێتە ژێر ڕۆشنایی زانیاریەكانمان. هەرچەندە ئەم هەنگاوە بە كارێكی پێشكەوتوانە



دادەنرێت ئەریستۆش وەكو فەیلەسوفێكی نزیك لە ڕاستەقینەوە دێتە پێش چاو بەڵام بۆچوونە ڕامیاریەكانی ئەم فەیلەسوفە كۆنەپەرستانەن. ئەفلاتۆن لەم ڕووەوە لە سیستەمە ڕامیاریەكەیدا تەنانەت گەلێك لە ئەریستۆ پێشكەوتنخوازترە. ئەفلاتۆن لە "كۆمارە"كەیدا جیاوازیەكانی نێوان پیاو ژنی لابردوەو بڕوای بە كۆیلایەتی نیە. تەنانەت ژیانێكی كۆمونیستی بەسەر فەیلەسوفەكانو فەرمانبەرانی كۆمارەكەیدا دادەسەپێنێتو ڕێگانادات ببن بە خاوەنی سامانو دارایی. ئەریستۆ بەپێچەوانەوە بڕوای بە ڕژێمی كۆیلایەتی هەیەو ڕێگاش نادات ژن پێبنێتە ناو كۆڕی ڕامیاریەوەو شان بە شانی پیاو كار بكات، چونكە بە ڕای ئەو ژن كەمتر لە پیاو هۆشی پێدراوە.

بەهەرحاڵ، با واز لەم باسە بهێنین بپەڕینەوە سەر كێشەی "بوون". بابزانین ئەم فەیلەسوفە چۆن باسی بوونی كردووە. مەبەست لە ڕوونكردنەوەكەی سەرەوە تەنیا ئەوەبوو كە سەرنجی خوێنەر بۆ هەڵوێستە كۆنەپەرستانەكەی ئەریستۆ ڕابكێشمو لەم لایەنەی بیردۆزە ڕامیاریەكەی ئەریستۆ ئاگادارتان بكەم. فەلسەفەكەی ئەریستۆ دوو لایەنی هەیە. لایەنی نێگەتیف كە بەرپەرچی سیستەمە مێتافیزیكیەكەی ئەفلاتۆن بەتایبەتی بیردۆزی نموونەیی‌و كێشەی ناوەڕۆك دەداتەوە. لایەنی دووەمیش، بریتییە لەلایەنی پۆزێتیڤ. ئەم لایەنە فەلسەفەو سیستەمەكەی ئەریستۆو بیرو باوەڕەكەی ڕوون دەكاتەوە. ئەریستۆ كە شاگردی ئەفلاتۆنە بەشێوەیەكی لۆجیكمەندانەو شارەزاییانە فەلسەفەی مامۆستاكەی دەخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنەو لە پەڕتووكی "مێتافیزیك"دا كەموكورتیەكانی

بیردۆزی نموونەیی شی دەکاتەوە.[64] ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا باسی بکرێت بۆئەوەی بزانین جیاوازی نێوان ئەفلاتۆن‌و ئەریستۆ چیە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدی دەکرێن:

1– ئەریستۆ بڕوای بە جیهانی بەرزو بیردۆزی نموونەیی نیە.

2– ئەریستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتۆنەوە ناوەڕۆك لە بوون جیا ناكاتەوە.

3– ناوەڕۆك لەلای ئەریستۆ فۆرمێکی هەمەکی پەتی نیە، بەڵکو یەکەیەکی هەمەکی‌و هەندەکیە.

4– تاقیکرندەوە هەستەکیەکان گرنگن‌و زانیاریەکانیشمان بۆ ناسینی بابەتەکانی دەوروپشتمان پێویستن.

لەمەوبەر ئەو خاڵەمان ڕوونکردەوە کە ئەفلاتۆن ناوەڕۆکی لە بوون جیاکردۆتەوەو لە جیهانی بەرزدا دایناوە. ناوەڕۆك وەکو لایەنێکی گرنگی بوون نابێت لە بوون جیابکرێتەوەو لە شوێنێکی دیکەدا دابنرێت، دەنا هیچ ڕۆڵـێك لە بووندا نابینێت. ڕاستە کاتێ ئێمە لە زماندا باسی بوون‌و ناوەڕۆك دەکەین بە دوو شتی جیاوازیان دادەنێین، بەڵام لە ڕاستیدا جیاکردنەوەیان لەیەکدی بێمانایە. ناوەڕۆك هەموو لایەنێکی بوون دەگرێتەوەو دەبێتە هۆی بزواندنی بوون. ئەگەر ناوەڕۆك لە بوون دوور بخرێتەوە ئەوە ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بزوێنەرە ببینێت. هیۆلی‌و ناوەڕۆك وەیان بوونی ماتریالی‌و ناوەڕۆك وێکڕا

64 ـ زاراوەی "میتافیزیك" ئەریستۆ بەکارینەهێناوە، دوای مردنی ئەو یەکێك لە شاگردەکانی بە ناوی "ئەندرۆنیکۆس" نووسراوەکانی ئەریستۆی کۆکردەوەو بڵاویکردنەوە. لە پێشەوە ئەو نووسراوانەی ریزکرد کە لە سروشت دەکۆڵنەوەو ناوی‌لێنا "فیزیك"و دواییش ئەو نووسراوانەی ریزکرد، کە پەیوەندییان بە بوونی بنۆسی یەکەمەوە هەیەو ناوی "میتافیزیك"ی بۆ دانا.



دەبنە نەژادی بوون. هیۆلیش وەکو ماتریالەکەی سوکرات‌و ئەفلاتۆن هەمیشەییە هیچ هێزێك دروستی نەکردوە. هیۆلی لەسەر شێوەی ئەپیریۆنەکەی ئەنەکسمیندەر هێزێکی پەتیەو هیچ فۆرمێکی نیە،[65] بەڵکو فۆرمەکەی لەلایەن ناوەڕۆکەوە دەچەسپێندرێت. هیۆلی‌و ناوەڕۆك لەیەکدی جیانابنەوە. ناوەڕۆك بەبێ هیۆلی نابێت‌و هیۆلیش بەبێ ناوەڕۆك نابێت. هەموو بونەوەرەکانیش لە هیۆلی‌و ناوەڕۆك پێکهاتوون.[66]

ئەنجا بابزانین ناوەڕۆك بەلای ئەریستۆوە چیە؟ ئایا بریتییە لە فۆرمە هەمەکیەکان یان شتێکی دیکەیە؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە پێویستە بزانیین چ جۆرە بابەتێك بە ناوەڕۆك دادەنرێت. وەکو فەیلەسوفەکان باسی دەکەن ناوەڕۆك بریتییە لەو بابەتە کە خۆی دەبێت بە بناغە بۆ بوونی خۆی‌و پشت بە هێزێکی دەرەکی نابەستێت. بۆنموونە، لەلای ئایدیالیستەکان‌و پیاوە ئاینییەکان خوا ناوەڕۆکە چونکە هیچ هێزێکی دەرەکی ئافەریدی نەکردوەو بڕیاری لەسەر بوونی نەداوە, بەڵکو بوونێکی سەربەخۆیەو بناغەی بوونی خۆیەتی. ئەنجا بابگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێشوومان. ئەفلاتۆن فۆرمە هەمەکیەکانی وەکو "پیاو، مێز، کورسی، دار، چاکە، جوانی، هتد.." بە ناوەڕۆك داناو لە بوونی بابەتە تاکەکانی جیاکردونەتەوەو لە جیهانە بەرزەکەدا دایناون. ئەوەشمان باسکرد کە بە ڕای ئەریستۆ ناوەڕۆك نابێ لە بوون جیابکرێتەوە دەنا هیچ پەیوەندیەکیان لەنێواندا نابەسترێت. دیسان با بپرسین کە چۆن

65 ـ ارسطوطاليس، *الطبيعة*، الجزء الأول، ل 72

66 ـ هەمان سەرچاوە، ل 90

ئەم فۆرمانە دەتوانن سەربەخۆبن‌و بەبێ بابەتە تاکەکان هەبن؟ ئەریستۆ وەڵامێکی نەرێی (سلبی) ئەم پرسیارەی داوەتەوە، چونکە فۆرمەکان سەربەخۆ نین‌و پشت بە بوونی تاکەکان دەبەستن، واتە بەبێ تاکەکان ناتوانن هەبن. کاتێ کە دەڵێین مێزەکە قاوەییە لەم لافەدا مێز بابەتێکی ماتریالی تاکەو قاوەیی دۆخە یان خسڵەتێکی هەمەکیەو یەکێکە لە فۆرمەکانی ئەفلاتۆن. بۆئەوەی ڕەنگی قاوەیی بناسین پێویستە هەموو کاتێك بگەڕێینەوە سەر بابەتێکی قاوەیی. بەمشێوەیە هەموو خسڵەتەکان ناتوانن بەبێ بابەتەکان بن‌و نیشن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەم خسڵەتانە لە مێزەکە داماڵین‌و بەتەواوی مێزەکە رووت بکەینەوە ئەوە مێزەکەش نامینێت‌و دەگۆڕێت. کەوابوو بوونی خسڵەتەکان یان فۆرمە هەمەکیەکان پەیوەستە بە بابەتەکانەوەو بوونی تاکەکانیش لەسەر فۆرمەکان وەستاوە. واتە هیچ بابەتێك بەبێ خسڵەت نیەو هیچ خسڵەتێکیش بەبێ بابەت نابێت. نە فۆرمەکان بە تەنیا دەتوانن ببن بە ناوەڕۆك‌و نە بابەتەکانیش بەبێ فۆرمەکان. ناوەڕۆك نە فۆرمە نە بابەت، بەڵکو هەردووکیانە، واتە یەکبوونی فۆرم‌و بابەتە.

گرنگی بۆچوونەکەی ئەریستۆ تەنیا میتافیزیکی نیە. دەتوانین بە ئاشکرا ئەم بیردۆزەیەی ببەستین بە چۆنیەتی زانیاریەکانمانەوە، بەتایبەتی بە دەستنیشان کردنی نەخشی ئەزموونە هەستەکیەکانمان‌و زانیاریە هۆشەکیەکانمان. هەستکردن بابەتەکانمان پێدەناسێنێت‌و هۆشیش فۆرمەکانمان پێشان دەدات. ئەریستۆ بابەتەکان‌و فۆرمەکان بە توندی بەیەکەوە گرێدەدات لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئەزموونە هەستەکیەکان‌و ئەزموونە هۆشەکیەکان یەك بخەین‌و پەیوەندیەیکی هێزیان لەنێواندا دروست بکەین.



هیۆلی هێزێکی پەتییەو ناوەڕۆکیش کردەیەو هێزەکی‌و کردەکی تەواوکەری یەکن. کردە پێویستی بە هێز هەیە هێزیش پێویستی بە کردە هەیە. دینامیکی بوونیش لە گۆڕانی هێز دایە بۆ کردە. بۆنموونە، مێشکی مرۆڤ هێزەو بیرکردنەوەش کردەیە. لەکاتی بیرکردنەوەدا دینامیکیەك لە هێزەوە بۆ کردەوە ڕوو دەدات. بەبێ مێشکیش بیرکردنەوە مەحاڵە. لێرەدا دەشێ بپرسین، ئایا کامیان پێش کامیان دەکەوێت؟ ئەگەر هیۆلی یاخود هێز پێش کردە بخەین ئەوە روو دەکەینە ڕەوگەی ماتریالیستی‌و ناوەڕۆك بە پاشکۆی ماتریال دادەنێین. ئەگەر ناوەڕۆك پێش بخەین، ئەوە دەگەڕێینەوە سەر ڕەوگە ئایدیالیستیەکەی بارکلی‌و هێگڵ‌و فیختە. ڕەوگەکەی ئەریستۆ نەماتریالیستیەو نە مۆنیستیە، ناتوانین بارکلی‌و ئەریستۆ بخەینە یەك تای تەرازوو. راستە هەردووکیان ئایدیالیستن، بەڵام ڕەوگەکانیان جیاوازن. بارکلی بوون دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆش‌و بڕوا بە ماتریال ناکات، ئەوەی کە هەیە بۆ ئەم ئایدیایە (بیر). ئەریستۆ بوونی ماتریال ڕەت ناکاتەوەو هیۆلی بە هەمیشەیی دەزانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنۆسی یەکەم ماتریالی ئافەرید نەکردوە یان بوونی ئەو پێش بوونی ماتریال نەکەوتووە، بەڵکو هەردووکیان هەبوون‌و هەمیشەیین. بنۆسی یەکەم گیانەکیە، یان با بڵێین هۆشێکی رەهایەو هیۆلیش ماتریالیە. هۆش‌و ماتریال دوو بابەتی جیاوازن‌و نابن بە سەرچاوەی بوون بۆ یەکدی. ئەگەر بنۆسی یەکەم هیۆلیشی لە ماتریالێکی دیکەوە ئافەرید کردبێت ئەوا پێویستە ئەو ماتریالەش کە هیۆلی لێ دروست کراوە هەمیشەیی بێت. بەمجۆرە ناگەینە ئەو بڕوایەی کە بنۆسی یەکەم هیۆلی ئافەرید کردبێت یان هیۆلی لە بنۆسی یەکەمەوە هەڵقولابێت. ئەم ئایدیالیزمە، وەکو لە پێشەوە باسمانکرد

ئایدیالیزمی دووالیزمییە. هیۆلیو ناوەڕۆك وێکبەستنو لە یەك جیانابنەوە. هیچ کامێکیان ناکەوێتە پێش ئەوەیدیو ناکرێت وەك سەرچاوەیەکی ئەنتۆلۆجی تەماشایان بکرێت بۆ یەکدی. ئەریستۆ لەو بڕوایە دایە کە هەموو هێزێك بۆئەوەی ببێت بە کردەکی پێویستی بە هێزێکی پاڵپێوەنەری گشتی هەیە.[67] ئەو هێزە دەرەکیەش وەك بنوسێك بڕیار لەسەر غایەی کردەوەکە دەدات.

لێرەدا ئەریستۆ بیردۆزی "هۆیەکی" لە فەلسەفەکەیدا دەگەڕێنێتەوە سەر بنچینەیەکی هۆشەکی. واتە باسی هۆیەکی هۆشەکی دەکات نەك هۆیەکی میکانیکی فیزیك کە جولانی دوو تۆپی بلیارد دێنێتە گۆڕێ. بە ڕای ئەریستۆ لە پشت هەموو بوونێکەوە یان گۆڕانێکەوە هۆشێك هەیە کە بڕیاریان لەسەر دەداتو غایەیان بۆ دەستنیشان دەکات. جیهانەکەی ئەو سەربەخۆ ناسوڕێتەوە. ڕاستە هیۆلی هەمیشەییەو بنۆسی یەکەم نەیهێناوەتە توێی "بوون"، بەڵام جیهان لەم فۆرمەدا دەستکردی بنۆسی یەکەمەو ئەو بەڕێوەی دەبات، هیۆلی لە خۆیەوە ناجولێتەوەو ناگۆڕێت.

لە ئاستی بۆچوونەکەی ئەریستۆدا بەتایبەتی ئەو پەیوەندیە پێویستەی لەنێوان هیۆلیو ناوەڕۆکدا دایناوە توشی چەند ناکۆکیەك دەبین:

یەکەم: ئەریستۆ بنۆسی یەکەم بە ناوەڕۆکێکی پەتی دادەنێتو بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیۆلی هەبێت. کەوابوو ناتوانین بڵێین ناوەڕۆك بەبێ هیۆلی نابێت، چونکە بنۆسی یەکەم بوونی ماتریالی نیە.[68]

67 ـ هەمان سەرچاوە.

68 ـ هەمان سەرچاوە، ل 72



لەوەوپێش گوتمان هێزەکیو کردەکی بەبێ یەکدی ناتوانن هەبن، کەچی لێرەدا کردەکی لە هێزەکی جیا دەکەینەوەو بنۆسی یەکەم بەکردەیەك دادەنێین کە پێویستی بە هێز نەبێت. کەوابوو بنۆسی یەکەم وەکو جیهانە ئایدیالەکەی ئەفلاتۆن پڕەو ناگۆڕێت. بەڵگەی ئەریستۆ بۆ ئەم بۆچوونە لە خسڵەتی دینامیکی جیهانەکەی ئێمە دایە کە جیهانێکی ناتەواوەو گۆڕانەکان بەرەو تەواوکۆی (الکمال) دەبات، بەڵام بنۆسی یەکەم کەموکورتی نیەو بوویەکی تەواوە پێویستی بە گۆڕان نیە. خۆ ئەگەر گۆڕانی تێدا ڕوو بدات، وەکو ئەفلاتۆن دەڵێت، ئەوا لە خسڵەتی جوانیو تەواوکۆیی کەم دەکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیە بوونی بنۆسی یەکەم لەسەر گۆڕانە دیالێکتیکیەکانی هێزەکیو دەرەکی ڕانەوەستاوەو هەموو قۆناغێکی بڕیوەو گەیشتوە بە تەواوکۆیی.

دووەم: ئەگەر هیۆلیو ناوەڕۆك، هێزو کردە، لە یەکدی جیا بکەینەوە ئەوا پەیوەندیەکی پێویستی نەگۆڕ لە نێوانیاندا نامێنێت. ئەو پەیوەندیە دەبێتە شتێکی گۆڕاو، واتە لە بابەتێکدا پێویست دەبێتو لە بابەتێکی دیکەدا (وەکو بوونی بنۆسی یەکەم) پێویست نیە. لە ئەنجامدا ئەریستۆ بە پێچەوانەی هەموو بوونەوەرەکانی دیکەوە بنۆسی یەکەم بە ناوەڕۆکی ناوەڕۆك، بە کردەکی پەتی یان بە بیری بیر دادەنێت بەبێ ئەوەی بوونی تێکەڵاوی هیۆلی بووبێت. یاخود دەڵێت: "بنۆسی یەکەم هەموو شتێك دەجولێنێت، هۆی هەموو شتێکە، بەڵام کەس ئەو ناجولێنێتو کەسیش نابێت بە هۆی ئەو". کەوابوو بنۆسی یەکەم دواجولێنەرە یان یەکەم هۆیە.

لە جیهانی ماتریالیدا چوار هۆ بەشداری لە پەیدابوونی بابەتێکدا دەکەن. ئەم بۆچوونە "چەند–هۆیەکی"یەی ئەریستۆ لە بیردۆزە

هۆیەکیەکەی "میل"ی فەیلەسوفی ئینگلیزی نزیك دەکاتەوە. هەر دوو ئەم فەیلەسوفانە بڕوایان بە زیاتر لە هۆیەك هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا میل وەکو ئەریستۆ چارەسەری کێشەکەی نەکردووە. راستە میل لە ئاستی پێشهاتی دۆخێکدا بڕوای بە چەند هۆیەك هەیە. بۆنموونە، "مردن" پتر لە یەك هۆی هەیە. ئەم هۆیانە مەرج نیە وەکو هۆیەکانی ئەریستۆ هەموو کاتێك بۆ ڕووداوێك کۆ ببنەوە. هەروەها میل لەم بۆچوونەیدا پەیوەندیە پێویستەکەی لە نێوان هۆو ئەنجامدا هەڵوەشاندوەتەوە. وەکو دەڵێت هۆ لە هەمان بارودۆخدا هەمان ئەنجام دەدات بەدەستەوە، بەڵام مەرج نیە هەمان ئەنجام هەموو کاتێ لە هەمان هۆوە پەیدا ببێت. ڕووناکی ژوورێك لە شەودا گڵۆپ یان چرا دروستی دەکات، بەڵام بە ڕۆژ خۆر دروستی دەکات پێویستی بە چرا نیە. ڕووناکی لەم حاڵەتەدا لە دوو سەرچاوە یان بە یارمەتی دوو هۆوە دەگات پێمان. بەلای ئەریستۆوە ئەگەر یەکێك لە هۆیەکانی ڕووناکی کەم بکەینەوە ئەوا ڕووداوەکە پێك نایەتو ئەنجامەکە نایەتە دی. وەکو لەسەرەوە باسمانکرد لەم بیردۆزەی ئەم فەیلەسوفەدا چوار هۆمان هەیە:[69]

1ـ هۆی ماتریالی،

2ـ هۆی بکەر،

3ـ هۆی ئامانج،

4ـ هۆی فۆرمی.

ئەنجا بابزانین، چۆن ئەم چوار هۆیە لە بابەتێکدا کۆدەبنەوە؟ باشترین نموونە دەتوانین لە پەیکەرەکەی هۆنەری نەمر "پیرەمێرد"دا

69 ـ محمد علي ابوريان، *تاريخ الفكر الفلسفي*، الجزء الثاني، ل 69



بە دەست بهێنین. "عەتا قەزاز" وەکو بەرهەمێکی هونەری پێشکەشی شاری سلێمانی کردو پەیکەرەکە لە گۆرەپانێکدا دانرا. پێش هەموو شتێك، بۆ ئەوەی پەیکەری پیرەمێرد دروست بکەین پێویستمان بەو ماتریالە هەیە کە بۆ پەیکەرسازی بە کاری دەهێنین. با بڵێین پەیکەرەکە لە برۆنز دروست دەکەین. لێرەدا برۆنز دەبێت بە هۆیەکی ماتریالی بۆ پەیکەرەکە. برۆنزیش وەکو ماتریالێکی ڕەقو بێگیان توانای گۆڕانو جوڵانی نیە تا خۆی سەربەخۆ فۆرمەکەی خۆی بگۆڕێت. بەڵکو پێویستی بە هێزێکی دەرەکی هەیە. پێویستە هونەرمەندێکی وەکو عەتا قەزاز هەبێت کار لەسەر برۆنزەکە بکاتو لە فۆرمە سەرەتاییەکەیەوە بیگۆڕێت بۆ فۆرمی پیرەمێردی هۆنەر. هونەرمەندەکە یان عەتا قەزاز هۆیەکی بکەرە. دوای جێگیر بوونی ئەم دوو هۆیە دەمانەوێ بزانین نیاز لە مەبەستی عەتا قەزاز لە دروستکردنی ئەو پەیکەرە چیە؟ ئایا ئەو مەبەستی ڕازاندنەوەی گۆڕەپانەکانی شاری سلێمانییەو هیچیدی یان دەیەوێت ناوی پیرەمێردی هۆنەر زیندوو بکاتەوەو ڕێز لە هۆنەرانو نوسەرانمان بنێت بۆئەوەی ژیاری وێژەو کەلەپوری کوردەواریمان کوێر نەبێتەوە؟

ئەنجا هەر ئامانجێك لە دوای دروستکردنی پەیکەرەکەوە هەبێت ئەو ئامانجە هۆیەکی دیکەیەو ئەریستۆ ناوی دەنێت هۆی ئامانجی.[70] لە قۆناغی چوارەمدا دوای بەکارهێنانی برۆنزەکەو گۆڕینی لە فۆرمە سەرەتایەکەیەوە بۆ فۆرمی پیرەمێرد، شێوەی پیرەمێردی هۆنەرمان بۆ بە دەست دێت. ئەم هۆیەش هۆی فۆرمییە.

70 ـ احمد امين وزكي نجيب محمود، *قصة الفلسفة اليونانية*، ل 239

دوای ئەمە، ئەریستۆ بە نیازی کەمکردنەوەی ژمارەی هۆیەکان هۆی بکەرو ئامانج و فۆرمی لە یەك داوە، چونکە هەرسێکیان پەیوەندیکی بەهێزیان پێکەوە هەیەو لەگەڵ دروستکردنی پەیکەرەکە سەر هەڵدەدەن. بەڵام هۆی ماتریالی جیایە لەو سێ هۆیەی دیکەو ئەوەندە پەیوەندی بە پەیکەرەکەوە نیە. ئەگەر پەیکەرەکەی پیرەمێرد دروست بکەین یان نا، برۆنز لە بازاڕدا وەکو خۆیەتیو بوونی وەکو فۆرم یان ئامانج نەبەستراوە بە بوونی پەیکەرەکەوە. لەبەرئەوە ئەریستۆ ئەم چوار هۆیانە دەکات بە دوو بەشی سەرەکیەوە: هۆی ماتریالیو هۆی فۆرمی.

## کات و شوێن

ئەفلاتۆن "کات"ی بەستۆتەوە بە جوڵانو سووڕانەوەی ئەستێرەکان شوێنیشی بە هەمیشەیی داناوە. ئەفلۆتین لەسەر بیردۆزی دەرچوون "الفیض" ڕۆیشتووەو کاتو شوێنو ماتریالی بە هەمیشەیی دانەناوەو بڕوای بە خاڵی سەرەتاو کۆتاییان هەبووە. بۆچوونەکانی ئەریستۆ لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەفلاتۆنو ئەفلۆتین جیاوازی هەیە. هیۆلی هەمیشەییەو جوڵانیشی هەمیشەییە. کەوابوو کاتیش هەمیشەییە، چونکە جوڵانی هیۆلیو کات پەیوەندیەکی پتـەویان پێـکەوە هەیە.[71] بۆئەوەی بزانین "کات" چیەو چۆنە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکەی کە هیۆلییە. هیۆلیش وەکو لە پێشەوە باسمانکرد، هەمیشەییە. ئەم بۆچوونەی ئەریستۆ لە خۆیدا

71 ـ ارسطوطالیس، *الطبیعة*، ل 131



ئاسانەو لۆجیکمەندانەیە، چونکە چۆنیەتی هیۆلی بڕیار لەسەر چۆنیەتی کاتو شوێن دەدا.

کە دەڵێین جوڵان سەرچاوەی کاتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە جوڵان خۆی لە خۆیدا کاتە، بەڵکو کات پێوەری جوڵانەکەیەو جوڵان بە ژمارە نیشان دەدات.[72] جوڵانو گۆڕانەکانیش بەگشتی دەکرێن بە چوار بەشەوە، هەندێکیان لە هێزەکیەوە بۆ کردەکیەو[73] هەندێکیشیان میکانیکین. بەشەکانی گۆڕانیش بریتین لە:

1– جوڵانی ماتریال لە ڕووی زۆربوونو کەمبوونەوە. ئەمەش پێیدەگوترێت گۆڕانی چەندەکی.
2– جوڵانی میکانیکی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیدیکە، وەکو سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا.
3– گۆڕانی ماتریال لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیدی، وەکو گۆڕانی ئاو لە دۆخی شلەوە بۆ دۆخی گاز یان بوون بە هەڵم. ئەمەش گۆڕانی چۆنیەتی ماتریالە.
4– گۆڕانی کاتی، وەکو هاتنی شەوو ڕۆژ، کە لە گۆڕانە میکانیکیەوە زۆر نزیکە.

جوڵانەکانی هیۆلی پێویستیان بە هێزێکی دەرەکی هەیە. لە جیهانی سەرەوەی گەردوونی مانگدا کە لە ئەستێرەکانو ئەسیر پێکهاتوە، هەموو جوڵانێك بازنەییەو هێزی ناوەکی ئەستێرەکان پێکیدەهێنێت، چونکە ئەستێرەکان زیندونو گیانیان هەیە. لە

72 ـ هەمان سەرچاوە، ل 142

73 ـ هەمان سەرچاوە، ل 321

جیهانی خوارەوەی گەردوونی مانگدا، کە جیهانێکی ناتەواوەو پڕە لە ناکۆکیو کەموکورتیو دەیەوێت لە ڕێی جوڵانو گۆڕانەوە خۆی تەواو بکات، جوڵانەکەی بازنەیی نیە، بەڵکو لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕواتو ئامانجێکی تایبەتی لە دوایە. تۆو دەبێت بە نەمام، نەمام بە دارو داریش گوڵ دەکاتو گوڵیش دەبێت بە میوەو میوەش لەلایەن مرۆڤەوە دەخورێت. وەیان دەڵێین، چاو بۆیە دروست کراوە تاکو مرۆڤ دنیای پێببینێت. بەمشێوەیە ئەریستۆ هەموو جوڵانو گۆڕانو پەرەسەندنێك لە چنگ ڕێکەوت ڕزگار دەکاتو دەیخاتە ژێر باری ئەو ئامانجەوە کە هۆش بۆ جیهانی دیاری دەکات. جوڵانی بەردێك بەستراوە بە جوڵانی باوەو جوڵانی بایش بەستراوە بە جوڵانی تەنێکی دیکەوەو جوڵانی ئەو تەنەش بەستراوە بە جوڵانی زەویەوە. جوڵانی زەویش بەستراوە بە هێزی بنۆسی یەکەمەوە، هێزی ئەویش بەستراوە بە "خۆ"ی خۆیەوە. کەوابوو بنۆسی یەکەم یەکەم جووڵێنەرەو لەوەوە جوڵان دەست پێدەکات بەبێ ئەوەی خۆی بجوڵێتو هێزێکی جووڵێنەری دی لە پشتیەوە هەبێت.

جوڵانەکان یان سەرچاوەی کات ئەگەر بە وردی تەماشا بکرێن هێندێکیان هەمیشەیینو هێندێکیان هەمیشەیی نین. جوڵانی هێوڵی بەگشتی وەکو ئەریستۆ باسی دەکات یان جوڵانی ئەستێرەکانی سەرووی مانگ هەر هەبوونو هەتا هەتایە دەمێننو هەمیشەیین. کەوابوو کاتەکەیان کاتێکی رەهایە. لەناو ئەو کاتەدا بوونەوەرە نەگۆڕەکان دەژین بەبێ ئەوەی کاریان تێبکات یان بڕیار لەسەر گۆڕانیان بدات. دووهەمیش، جوڵانەکانی جیهانی خوارەوەی گەردوونی مانگە لەژێر ڕۆشنای زانینی مرۆڤدانو وەکو چۆن جوڵانی زەوی بە دەوری خۆردا یان هەموو ئەو جوڵانانەی هەستیان پێدەکەین



دەبنە هۆی دروست کردنی کاتی تایبەتی دەتوانین بیانخوێنینەوە. بۆنموونە، لەلای ئێمە ئێستا ئێوارەیە. ئەم کاتە تایبەتیەو تەنیا بۆ ئێمەیە، چونکە لەهەمان کاتدا لەلای کەسانی دیکەو لە جێگایەکی دی بەرەبەیانە، یاخود نیوەشەوە، وە یان سەرلەبەیانیە.

ئەریستۆ دیسانەوە شوێن دەکات بە دوو بەشەوە. بەشێکیان شوێنێکی گشتینو نەبڕاوەن، بەشێکی دیکەشیان شوێنی تایبەتین کە بوونەوەرەکانی دیکەو ئێمە تێیداینو لەناویدا دەژین. بۆنموونە، من لەسەر کورسیەك دانیشتووم، کورسیەکە لە ژوورێك دایە، ژوورەکەش لە گوندی ئاوەکەڵەیە، ئاوەکەڵەش لە کوردستانە، کوردستانیش سەرزەمینێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشێکە لە کیشوەری ئاسیا، ئاسیاش بەشێکی زەوی پێکدەهێنیت، زەویش یەکێکە لە پلانێتەکانی کۆمەڵەی خۆرو لە کەلێنی ئاسمانداو لەناو سیستەمێکی ڕۆژیدا جێگرە. بەڵام ئایا بەتەواوی لە کوێی ئاسماندا جێگرە؟ نازانین. بەمجۆرە لە شوێنە تایبەتیەکانەوە توانیمان بگەینە شوێنێكو نەبڕاوە بێت. شوێنی تایبەتی پەیوەندی بە بابەتە تاکەکانەوە هەیە، وەکو چۆن دەگوترێت "ئەو لە باخچەکە دانیشتوە" یان "شاگردەکە لە پۆلەکە دایە"، یان "جووتیارەکە لە کێڵگەکە جووت دەکات". باخچە، پۆل، کێڵگە، شوێنی تایبەتینو سنووریان هەیە، بەڵام شوێنە گشتیەکە (واتە گەردوون) سنووری نیە.[74]

74 ـ هەمان سەرچاوە، ل 42

## دەروون

هەموو فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان گیانێکی سەربەخۆیان بە دەروونی مرۆڤ داوەو لە لەشیان جیاکردۆتەوە. واتە مرۆڤیان کردوە بە دوو بەشەوە "لەش"و "دەروون". هەرکام لەم دوو بەشە خسڵەتی تایبەتی خۆی دراوەتێ. ئەنجا با بپرسین چۆن دەتوانین دەروون بناسین‌و خسڵەتی بخەینە پاڵ، لە کاتێکدا کە دەروون وەکو لەش هەستی پێناکرێت نابیندرێت؟ بۆ دۆزینەوەی خسڵەتەکانی دەروون فەیلەسوفەکان نەهاتوون دەروون بخەنە تاقیگەوە (مختبر)و لەژێر میکرۆسکۆپدا ببینن. زاناو فەیلەسوفەکان‌و دەروونناسەکان لە ڕێگای لەشەوە توانیویانە دەروون بناسن. وەکو دەڵێن ئەگەر دەروون هەبێت ئەوە ئەو دەروونە تووخمێکی جیاوازە لە لەش یان هەردووکیان دوو توخمی ناکۆکن، ئەنجا دۆزینەوەی خسڵەتەکانی لەش دەبێتە هۆی دۆزینەوەی خسڵەتەکانی دەروون. ئەگەر لەش توخمێکی ماتریالی بێت ئەوە دەروون گیانەکیە، چونکە هەردووکیان دژ بە یەکن‌و ناگونجێت هەردووکیان یەك خسڵەتیان هەبێت. ئەگەر لەش بابەتێکی لێکدراو بێت‌و لەژێر دەسەڵاتی کات‌و شوێن‌و گۆڕاندا بێت ئەوا دەروون دەبێت ساکار بێت‌و لەودیو سنووری دەسەڵاتی کات‌و شوێن‌و گۆڕاندا بێت. بەمشێوەیە فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان خسڵەتیان بۆ دەروون داناوەو بڕوایان پێی هەیە بەبێ ئەوەی دەروون ببینن. ئەوان دەروون بە بابەتێکی نەبیندراو دەناسێنن کە مرۆڤ ناتوانێت هەستی پێبکات، چونکە دەروون ماتریال نیە، ئەوەی هەستی پێدەکەین یان دەیبینین بریتییە لە لەشی مرۆڤ نەك دەروونی. ئەنجا ئەگەر دەروون بوونی



ڕاستەقینەی مرۆڤ بێت ئەوە ئێمە یەکدیمان نەدیوەو نەناسیوە، بەڵکو تەنیا لەشی یەکدیمان دیوە کە وەکو سندوق لەناویدا بەندین.[75]

هەندێك لە موعتەزیلەکان (معتزلین) لەو بڕوایەدا بوون کە کەس پێغەمبەری نەدیوە یان کەس دایك‌و باوکی خۆی نەدیوە، بەڵکو تەنیا سندووقەکانی لەشیان دیوە، چونکە مرۆڤ لەش نیە بەڵکو دەروونە.[76] لێرەشەوە ئەم زانایانە ڕوویان کردۆتە کێشە ئاکاریەکان‌و گوناەو سزادان. ئەگەر دەروون لێپرسراو بێت‌و بە هەموو کارێك هەڵبستێت، دەی بۆچی لەش سزا بدرێت‌و لە ئاگردا بسووتێت؟ نەگۆڕان‌و دانانی دەروون لە دەرەوەی بازنەی کات‌و شوێن خسڵەتی نەمری پێدەبەخشێت. لاشە دەگۆڕێت‌و کۆن دەبێت‌و دەڕزێت، بەڵام دەروون هەمیشە لاوەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هێزێك هەبێت هێندەی گەردێکی لێکەم بکاتەوە. بەگوێرەی دیدی ئایدیالیستەکان دەروون دەتوانێت بەبێ لەش بژی یان لێی جیاببێتەوە. خۆ ئەگەر جیاش ببێتەوە ئەوە ئازادییەو پەڕینەوەیە لەم جیهانە ناخۆش‌و ماتریالیە بۆ جیهانێکی بێگەردو بەرز. سوکرات لەکاتی "ژەهرنۆشی"یەکەیدا سوپاسی پاسەوان‌و دەسەڵاتدارانی "ئەتین"ی کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە تاکو بتوانێت لەم جیهانە بچێت بۆ جیهانێکی دیکە.

لە فەلسەفەکەی ئەفلاتۆندا زانیمان کە مرۆڤ لەوەپێش لە فۆرمە هەمەکیەکەدا لە جیهانە ئایدیالیەکەدا بووەو هەمیشەییە. دوای کۆپیەکانی یان با بڵێین مرۆڤە تاکەکانی فڕێدراونەتە جیهانی خوارەوە.

---

75 ـ د. ماجد فخري: *ارسطو المعلم الأول*، ل90

76 ـ البغدادی، *الفَرق بين الفرِق*, ل135

ئەفلاتۆن هۆی ئەم رووداوەی بۆ ئاشکرا نەکردوین. بەڵام لەهەمان کاتدا وەکو کەسێکی مەسیحی بوونی مرۆڤ لەسەر ئەم پلانێتە بە بوونێکی گوناهبارانە دەداتە قەڵەمو وەکو کەسێکی هیندوو بڕوای بە لاشەگۆڕکێش (reincarnation) هەبووە. ئەفلاتۆن لە زۆر شوێندا لە فەلسەفەکەیدا هەناسەتەنگ بووەو سوودی لە بیرو باوەڕە ئاینیەکانو میتۆلۆجیا وەرگرتووە تاوەکو بتوانێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. بێگومان ئەوەش لاوازیو کەموکورتی ناو فەلسەفەکەی نیشان دەدات. تەنانەت نازانین بۆچی ئەفلاتۆن بڕوای بە لاشەگۆرکێ هەیە. ئایا وەکو هیندووەکانیش لەم دیدەوە وازی لە گۆشت خواردن هێناوە یان نا؟

عەبدولرەحمان بەدەوی (عبدالرحمان بدوی) لەم ڕووەوە دەڵێت، ئەفلاتۆن ویستوویەتی سزای دەروونە گوناهبارەکان بداتو ڕێگایان نەدات بە گوناهەکانیانەوە بگەڕێنەوە جیهانە ئایدیالە بەرزەکە، بۆیەش بە ڕای ئەو پێویستە هەموو دەروونێك چەندان جار لاشە بگۆڕێتو هەر جارەش بەپێی سەرگوزەشتی کردەوەکانی لاشەی زیندەوەرێك یان مرۆڤێکیدی بۆ ئامادە دەکرێت.[77] بەپێچەوانەی ڕاکەی پێشووەوە، ئەفلاتۆن لە دیالۆگی "تیماوس"دا دەڵێت دەروون بە ئارەزووی خۆی هاتۆتە ناو لەشەوە کەس بەندی نەکردوە. ئەفلاتۆن لەهەمان دیالۆگدا دەروون دەکات بە سێ بەشەوەو هەربەشیان لە لایەکی لەشدا نیشتەجێ دەکات. مەبەست لە سێ بەشی دەروون سێ جۆر دەروون نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە

77 ـ عبدالرحمن بدوي، *افلاطون*، ل 204



دەروون سێ هێزی هەیە هەر هێزەیان کارو فەرمانی خۆی پێسپێدراوە:

هۆش: ئەم بەشە لە کەللەی مرۆڤ نیشتەجێیە، سەرچاوەی زانینو زاناییە. فەیلەسوفەکان ئەم بەشەی دەروون پەیوەست دەکەن بە "هێز"ەوەو لەو بڕوایەدان کە فەرمان بەسەر لەشدا دەکات.

دەروون یان نەفس: ئەم بەشە لە سینەدایەو سەرچاوەی ئازایەتیو بلیمەتیو تووڕەبوونە.

ئارەزوو: ئەم بەشە لە سکدایەو سەرچاوەی بەرهەمهێنانو منداڵ دروستکردنە.

ئەفلاتۆن لە ڕوانگەی ئەم بیردۆزە مێتا—بایۆلۆجیەوە لە "کۆمار"ەکەیدا کۆمەڵگەی مرۆڤ دەکات بە سێ چینەوە:[78]

1− چینی فەرمانبەران یان ئەوانەی کۆمارەکە بەڕێوەدەبەن: لە ژیانی ئەم چینەدا هێزی هۆش دەسەڵاتڕەوایی دەکات، وەکو فەیلەسوفەکان.

2− چینی پاسەوانان یان سەربازەکان. نەفس لە ژیانی ئەم چینەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێتو ئەوان ئازاوو بە جەرگنو کۆمارەکە دەپارێزن.

3− کرێکاران، ئەمانە خاوەنی هێزی ئارەزوونو کاریان بەرهەمهێنانو سەرچاوەی پەرەسەندنی ئابوورین لە کۆمارەکەدا.

ئەفلاتۆن پرۆگرامێکی کۆمونیستی بۆ چینی فەرمانبەران داناوەو ناهێڵێت خاوەنداریو خێزانیان هەبێت تاکو بیر لە بەرژەوەندی کۆمەڵ

78 ـ افلاطون، *الجمهورية*، ترجمة د. فؤاد زكريا، ل 299

بکەنەوەو بەرژەوەندی خۆیان پاش بەرژەوەندی کۆمەڵ بخەن. بەڵام ئەم پرۆگرامە چینەکانی دیکە ناگرێتەوە. هەروەها لە کۆمارەکەدا سیستەمی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر دانایەت. جگە لەوەی چینی کرێکار ناتوانێت بەشداری دەسەڵاتڕەوایی بکات، ئەفلاتۆن لەو بڕوایەدایە کە ئەم چینە لە نەژاددا ئەو توانایەیان پێ نەدراوە کۆمەڵ بەڕێوەبەرن. جا ئەو کەسەی کە بە کرێکاری لە دایك دەبێت، هەر بەکرێکاریش دەمرێت. لەم رووەوە کۆمارەکەی ئەفلاتۆن کۆمارێکی ئەریستۆکراتیە. ئەریستۆش وەکو ئەفلاتۆنی مامۆستای سێ جۆر دەروونی بۆ دیاری کردوین، بەڵام سیستەمو پرۆگرامە ڕامیاریو کۆمەڵایەتیەکەی نابەستێت بە دەروونەوە. ئەم بەپێچەوانەی ئەفلاتۆنەوە لە سیستەمە ئاکارییەکەوە بۆ ڕامیاری دەچێت.

یەکەم: لە هەموو زیندەوەرەکاندا (وەکو مرۆڤ و ئاژەڵو ڕووەك) دەروونی خۆراکی هەیە. ئەرکی سەرشانی ئەم دەروونە بریتییە لە خواردنو زاوزێو گەشەکردن.[79]

دووەم: دەروونی هەستیار. ئەم دەروونە لە دەروونی خۆراك بەرزترەو هێزی هەستکردنە لە مرۆڤ و ئاژەڵداو لە پێنچ هەستەکان پێکهاتووە.[80] ڕووەك لەم دەروونە بێبەش کراوە.

سێیەم: دەروونی هۆشەکی (النفس العاقل). ئەم دەروونە تەنیا لە مرۆڤدا هەیەو دەکرێت بە دوو بەشەوە:[81]

79 ـ ارسطوطاليس، *كتاب النفس*، ترجمة د. فؤاد الأهواني، ل 50

80 ـ هەمان سەرچاوە، ل 59

81 ـ هەمان سەرچاوە، ل 112



هێزی کارتێکراو. ئەم هێزە هێزێکی هیۆلییەو لەگەڵ لەنێوچوونی لەشدا ئەمیش لەنێو دەچێتو دەمرێت.

هێزی کاریگەر. ئەم هێزە هەمیشەییەو نەمرە، توانایەکی بەتینی هەیە بە لێکدانەوەی ئەو زانیاریانەی لە ڕێی هەستەوە پێمان دەگەنو ناوەڕۆکی بابەتەکان دەدۆزێتەوە.

ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەم ڕایەی ئەریستۆ کراوە چونکە پێمان ناڵێت بۆچی ئەم هێزە نەمرە؟ دوای مردنی مرۆڤ بۆ کوێ دەچێتو چی بەسەردێت؟

## بةلَطةكاني ئةفلاتؤن بؤ سةلماندني نةمري دةروون

ئەفلاتۆن لە دیالۆگی "فیدون"دا چوار بەڵگەی بۆ نەمری دەروون هێناوەتەوە:

بەڵگەی وەبیرهاتنەوە.[82] لەوەبەر باسی ئەوەمان کرد کە دەروونی مرۆڤ پێش ئەوەی فڕێ بدرێتە ناو قەفەزی لەشەوەو لەسەر ئەم پلانێتە نیشتەجێ بکرێت لە جیهانێکی بەرزدا ژیاوەو هەموو شتێکی زانیوە. بەڵام لەبەر ئەو کارەساتەو لەبەر دابەزینی بۆ ژێر دەسەڵاتی کاتو شوێنو گۆڕانە ماتریالیەکان، ئەوەی زانیویەتی لە بیری چۆتەوەو ئێستا پێویستی بە بابەتەکان هەیە، کە بیانبینێتو زانیاریەکانی وەبیر بهێنێتەوە. کاتێك کە بۆ یەکەمجار مێزێك دەبینین، لە راستیدا مێزەکە بابەتێکی تازە نیەو ئەوەی لە بارەیشیەوە فێریدەبین هەر تازە نیە، چونکە لەوەپێش لە جیهانە بەرزەکەدا

82 ـ افلاطون، *فيدون*، ترجمة نجيب علوي وجماعة، ل 53

مێزمان بینیوە. بەگوێرەی ئەم دیدە، مرۆڤ هیچ شتێکی تازە فێرنابێت، بەڵکو وەبیری دێتەوە.

بەڵگەی دژایەتی.[83] بە ڕای ئەفلاتۆن جیهان لە دژەکان پێکهاتووە. ئەم دژانەش دەبن بە سەرچاوە بۆ یەکدی. بۆنموونە، لە دوای شەو ڕۆژ دێت، لەدوای لاوی پیری دێت. ژیانو مردنیش دوو دژن دەبن بە سەرچاوەی یەکدیو دوای ژیان مردن دێتو دوای مردنیش ژیان.

بەڵگەی جوڵان. ژیان بەپێچەوانەی هیۆلییەوە سەرچاوەی جوڵانەو پێویستی بە هێزێکی دەرەکی نیە بیبزوێنێت. دەروون کە سەرچاوەی ژیانە خۆی دەجووڵێنێت. هەر شتێکیش خۆی جوڵاند سەرەتای نیەو کۆتاییشی نابێت، چونکە هیچ هێزێك لە پشتیەوە نیەو نەبووە، کەوابوو دەروون هەمیشەییە.[84]

## "ئەثیطۆري"یەکان و "رەواقي"یەکان

دوای گەشتەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی[85] بۆ میسرو وڵاتانی ڕۆژهەڵات، شارستانیەتی یۆنانی گۆڕانی بەسەردا هاتوو ئاشنایی

83 ـ هەمان سەرچاوە، ل 44

84 ـ هەمان سەرچاوە، ل 70

85 ـ ئەسکەندەری مەکدۆنی کوڕی "فیلیپ"ی پاشای مەکدۆنیا لە ساڵی 356پ.ز لە دایکبووە. لەژێر دەستی ئەریستۆ خوێندویەتیو لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووە بە پاشا. لە ساڵی 334پ.ز لەشکری داریوشی سێیەمی فارسی شکاندو لە ساڵی 331پ.ز شاری ئەسکەندەرییەی لە میسر دروستکردو دوای ئەوە لە ڕێی ئەفغانستانەوە روویکردە هیند. لە



لەگەڵ ئاینەکانی ڕۆژهەڵات پەیداکرد. ئەم سەردەمە کە لەگەڵ گەشتەکەی ئەسکەندەرو مردنی ئەریستۆ دەست پێدەکات، بە سەردەمی هێلێنیستی ناسراوەو تایبەتمەندیو خسڵەتی خۆی هەیە. هەرچەندە فێرگە فەلسەفیەکانی ئەم سەردەمە بەشەکانیدی فەلسەفەیان (وەکو مێتافیزیكو ئەپستمۆلۆجی) فەرامۆش کردوە، بەڵام بایەخێکی زۆریان بە ئاکار داوە.

ئەپیگۆریەکان بیردۆزێکی نوێیان لە بابەت بنەماو نەژادی "بوون"ـەوە دانەهێناوەو سوودیان لە بۆچوونە کۆسمۆلۆجیەکەی هێراکلایدیسو دێموکریتیس وەرگرتووە بەستویانە بە بەشەکانیدی سیستەمەکەیانەوە.

لەلایەکیدیکەوە بیرو باوەڕی کەلبیەکانو قۆرینابییەکانیان لەناو بیردۆزە ئاکارییەکەی خۆیاندا داڕشتوە. لە ئەریستۆشەوە فێربوون کە هەستکردنەکانمان بێبەها نینو سەرچاوەیەکی بنەڕەتین بۆ زانین.

ئەو خاڵەی ئەپیگۆریەکانو ڕەواقیەکان لەیەك نزیك دەکاتەوە ئەپستمۆلۆجییە. هەردووکیان لەو باوەڕەدان کە هۆش خاوەنی زانیاری زگماکی نیە، بەڵکو وەکو پەڕەیەکی سپیو بێگەرد وایەو لە ڕێی درك پێکردنی هەستەکیەوە پڕدەبێتەوە. هەروەها ئەم دوو فێرگەیە پتر بەرەو بۆچوونێکی ماتریالیستی ڕۆیشتوون. ئەپیگۆر[86] (Epicurus) (341–271پ.ز) لەو باوەڕەدایە، کە "بوون" لە کۆمەڵێك ئەتۆمی لە ژمار نەهاتوو پێکهاتووە کە لەناو بۆشاییدا

گەڕانەوەیدا بۆ مەکدۆنیا لە ساڵی 323پ.ز لە شاری بابل توشی نەخۆشی مەلاریا دەبێو دەمرێت.

86 ـ کارل مارکس نامەی دکتۆراکەی لەسەر فەلسەفەی ئەپیگۆر نووسیوە.

دەسوڕێنەوە. ئەمەش دەقاودەق فەلسەفە کۆسمۆلۆجییەکەی "دێمۆکراتیس"ـە. بەڕای ئەپیکۆر ناسینی نەژادی بوون لە ڕێگای کۆسمۆلۆجیەوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ترسو ئاڵۆزی لە دەروونی مرۆڤدا، کە لە ڕێگای نەزانینو ئایینو ئەفسانەکانەوە پەیدابووە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بەهۆی زانستەوە ترسەکان لەناوبەرێت ئەوە دەتوانێت بە ئاسودەیو بەختەوەری بژی. ترس لە خواو لە سزاو لە ناخۆشی دوای مردنو ئەو چارەنوسە ڕەشانەی دەستی قەدەر بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت، خۆشیو بەختەوەری مرۆڤ دەخنکێنێت.[87] مرۆڤ بەبێ خواو بەبێ ئایین بەختەوەرترە.

ئەپیکۆر وەکو قۆرینایییەکان چاکە بەخۆشی دادەنێت. لێرەدا خۆشی ئەو هەستکردنە کاتیە ناگرێتەوە کە پەیوەندی بە ساتێکی ئێستامانەوە هەبێت. زۆرجار مرۆڤ بۆئەوەی لە داهاتودا بەخۆشی بژی ڕێگای ئازارو ژان دەگرێتە بەر. خۆشی مەرج نیە ئێستا بێتە کایەوەو تەنیا خۆشی هەستەکی نیە، بەڵکو مرۆڤ لە ژیاندا ڕەدووی خۆشی هۆشەکیش دەکەوێت. گوێگرتن لە پارچە هۆنراوەیەکی نایاب یان تەماشاکردنی تابلۆیەکی هونەری خۆشی دەدەن بە دەروون. بابزانین ئەپیکۆر چۆن ترسی مردن لە دەروونی مرۆڤ دەردێنیت؟

ئەوانەی بڕوایان بە هەمیشەیی دەروونی مرۆڤ هەیە وەکو ئایدیالیستەکانو پیاوە ئاینیەکان مردن بە کارەسات دانانێن، بەڵکو مردن بەلای ئەوانەوە کۆچکردنی دەروونە لە لاشە ماتریالیەکەوە بۆ جیهانێکی گیانەکی. واتە دەبێت بەخۆشیەوە بە پیر مردنەوە بچین، نەك بە ترسو لەرزەوە. خاوەنانی ئەم بۆچوونە بەپێچەوانەی ئەو

87 ـ محمد علي ابوريان، *تاريخ الفكر الفلسفي*، الجزء الثاني، ل 258



هەڵوێستەی خۆیانەوە هەمیشە لە مردن دەترسن، ئەمەش لەخۆیدا بیرو باوەڕەکەیان ئاڵودەی ناکۆکی دەکات، ئەگەر بڕوامان بە نەمری دەروون هەبێت نابێت لە مردن بترسین.[88] ئازارو ناخۆشی لە ڕێگای هەستکردنەوە پێمان دەگەن. مردن کۆتایی بە هەستکردنی مرۆڤ دەهێنێت. ئەنجا ئەگەر هەستکردن نەبێت ئازاریشمان نابێت، کەوابوو مردن کۆتایی بە ئازارو ناخۆشی دەهێنێتو پێویست ناکات لێی بترسین.

فێرگەی ڕەواقی لە ساڵی 300پ.ز لەلایەن "زینۆ"وە دامەزراو لە سەرەتادا هەر لەلایەن ئەوەوە ڕابەری کراوە. زینۆ بە بۆنەی بازرگانیەوە ڕووی کردە یونان. لە گەشتەکەیدا کەشتیەکەی لە دەریادا نوقم بووەو لە بازرگانیەکەیدا نابوت بووە. ئەم ڕووداوە بوو بەهۆی ئاشنایەتی زینۆ بە فەلسەفەو ژیانی ڕۆشنبیریی ئەتێن، بۆیە خەمی بۆ پارەو سامانی نەخواردوە.

دوای زینۆ "کلیانتیس"و "کرسیپۆس" پەرەیان بە فێرگەی ڕەواقیەکاندا، بەتایبەتی کرسیپۆس بە زانایەکی هەرە مەزنی ئەم فێرگەیە دادەنرێت. ئەم زانایە پتر لە 700 پەرتووکی نووسیوە بنچینەی تیۆری ئەم فێرگەیەی دامەزراندوە. ئەم فێرگەیە نەك تەنیا لە یۆناندا بەڵکو لە زۆر شوێنی دیکەش (بۆنموونە لە ڕۆما) سەرنجی زاناو فەیلەسوفەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو خەڵك بە دوای بیرو باوەڕەکانی کەوتوون.[89] ڕەواقیەکان لەگەڵ هەر قۆناغێکی بەرەو پێشەوەچوونی فێرگەکەیاندا سوودیان لە فەیلەسوفەکانی پێش خۆیان

88 ـ هەمان سەرچاوە، ل 265

89 ـ سنیکاو مارکۆسو ئاورۆلیۆسو ئەپیکتیۆس سەربەم فێرگەیە بوون.

(وەکو هێراکلایدس، ئەفلاتۆن، ئەریستۆ) وەرگرتووە. تەنانەت لە ساڵەکانی دوایی ئەم فێرگەیەدا بیروباوەڕی ڕەواقیەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاینی مەسیحی نزیك بووەتەوە.[90]

فەلسەفە ئایدیالیستەکەی ئەفلاتۆن دوو خاڵی سەرەکی بۆ دەستنیشان کردوین:

زانین لە ڕێگای هەستەکانەوە نادروستەو هۆش دەتوانێت ڕاستەقینە بدۆزێتەوە. ڕاستەقینەش بریتیی نیە لە بابەتە تاکەکانی دەورو پشتمان، بەڵکو فۆرمە هەمەکیەکانەو لە جیهانە بەرزەکەدا جێگیرە. ڕەواقیەکان ئەم دوو خاڵەیان ڕەتکردۆتەوە. لەلایەکەوە زانین دەگەڕێننەوە بۆ تاقیکردنەوەی هەستەکیو لەلایەکی دیکەوە بڕوایان بە بابەتگەری (موضوعیە)و سەربەخۆیی فۆرمە هەمەکیەکان نەبووە بە ڕاستەقینەیان دانەناوە.[91] لەو دیدەوە، کە گوایە زانیاریەکانمان دەگەڕێنەوە بۆ تاقیکردنەوە هەستەکیەکان، هەستەکان تەنیا تاکەکانمان پێدەناسێننو تاکەکانیش واقیع پێکدەهێنن. فۆرمە هەمەکیەکانیش، کە ئەفلاتۆن بە "واقیع"یان دادەنێت لە ڕێی داماڵینەوە (تجرید) لەناو هۆشی مرۆڤدا دروست دەبن. هۆشی مرۆڤیش توانای تێگەیشتنو داماڵینی هەیە، واتە لە زگماکەوە زانیاری لەخۆیدا هەڵنەگرتووە بەبێ پاڵپشتی تاقیکردنەوە هەستەکیەکان ناتوانێت ئایدیاو فۆرم پێکبهێنێتو جیهانی دەرەوە بناسێت. لە ڕوانگەی بۆچوونە لۆجیکەکەی ڕەواقیەکانەوە دەگەینە ئەو بڕوایە کە ڕاستەقینە خاوەنی کیانێکی میتافیزیکی نیەو لە ڕێی

90 ـ د. عثمان امین، *الفلسفة الرواقية*، ل 46

91 ـ هەمان سەرچاوە، ل 120



هەستکردنەوە دەدۆزرێتەوە. هەروەها بە ئاسانی دەتوانین بپەڕینەوە بۆ ناو فەلسەفە کۆسمۆلۆجیەکەی ڕەواقیەکانو بە تێڕوانیان بۆ "بوون" ئاشنا ببین. ئەوەی هەستکردن پێمان ڕادەگەیەنێت بریتییە لە بابەتە ماتریالییەکان. هەر ئەم بابەتانەشە کە بوون پێکدەهێننو ئەوەی هەیەو ئەوەی هەستی پێدەکەن تەنیا ماتریالە. تەنانەت خواو دەروونی مرۆڤیش هەر ماتریالین. شاگردانی ئەم فێرگەیە بڕوایان بە خوا هەیە، بەڵام خواو سروشت بە یەك شت دادەنێنو لە یەکدیان جیا ناکەنەوە. خوا وەکو هێزێکی کاریگەر ئاگرەو لەناو سروشتدایە، سروشتیش لایەنێکی کارتێکراوی "بوون"ـەو بەبێ هێزە کاریگەرەکە ناجوڵێت.[92]

ڕەواقیەکان بە پێچەوانەی ئەو زانایانەی کە بڕوا بە یاسای میکانیزمی کوێرانە دەکەن هەموو جوڵانێك بە کاری خوا دادەنێنو بە جوڵانێکی کوێرانەو بێهودەی لەقەڵەم نادەن. پەیوەندی نێوان خواو سروشت وەکو پەیوەندی نێوان دەروونو لەش وایە. لەش بەبێ فەرمانەکانی دەروون ناتوانێت هیچ کارێك ئەنجام بدات، دەروونیش دەتوانێت تەنیا لەناو لەشدا هەبێت وە لێی جیا نابێتەوە. هەروەها دەروونی مرۆڤ ئاگرەو بەشێکە لە خوا. ئاگرو خوا یان دەروون بە تەنیا نابن بە ناوەڕۆك. خواو سروشت، دەروونو لەش، پێکەوە ناوەڕۆك دروست دەکەن.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دیدی یەکانەگی بوون (وحدە الوجود) دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی تاڵو سەربەستی مرۆڤ دەسڕێتەوە. مرۆڤ بوونێکی تەنیاو سەربەخۆ نیە، بەڵکو بەشێکی

92 ـ هەمان سەرچاوە، ل 151

بچووکە لە خوا لەژێر یاساکانی خوادا بەرفەرمان (محکوم) کراوە. بەهەمانشێوە گۆڕانەکانی مێژووش پەرەسەندنو داڕووخانو هەموو جولآنێك لە بووندا پابەندی ئامانجو مەبەستەکانی خوانو مرۆڤ ناتوانێت لێیان یاخی بێتو پەیڕەویان نەکات.

ڕەواقیەکان بیردۆزی ئاکاریان لەسەر بنچینەی فەلسەفە کۆسمۆلۆجییەکان داناوە. وەکو لەوەوبەر گوتمان، لە فەلسەفە کۆسمۆلۆجیەکەدا بوون لەژێر دەسەلآتی خوادایە ئەو دەستورو یاساکانی بۆ داناوە، هەروەها گرنگترین لایەن لە بوونی مرۆڤدا هۆشە، واتە هۆش بەشێکە لە خوا یان لە ئاگرە هۆشەکیەکە.

ئەمەش ئەو مانایە دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێویستە جۆرێك ژیان هەلّبژێرێت کە لەگەلّ سروشتو یاساکانی سروشتدا بگونجێت، چونکە خوا دایناون یان مرۆڤ دەبێت پەیڕەوی یاساکانی هۆش بکات. هۆشو سروشت یەك شتن، ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی یاساکانی سروشتی کرد، ئەوا ملکەچی فەرمانڕەوای هۆشیەتیو لە ژیاندا بەختەوەر دەبێتو وابەستەی دەستورەکانی خوا دەبێت، خواش سەرچاوەی هەموو چاکەیەکەو کاری خراپەی لێناوەشێتەوە.

## فێرگەی گومانکاری

گومانکاری لە فەلسەفەدا لەو دیدەوە هاتووە کە تواناو بڕستی زانینی مرۆڤ ناتوانێ ڕاستەقینەی بوون بدۆزێتەوە. واتە ئەو ڕاستەقینەیە بە ڕووبەستەیی دەمێنێتەوەو ڕووناکی مێشکی مرۆڤی ناگاتێ. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، ئەوەی دەیزانین تەواو نیەو پێویستە گومانی لێبکرێ. هەرچەندە ئەفلاتۆن لەوەوبەر گومانی لە بابەتە



هەستکیەکان کردو زانیاری بەستەوە بە فۆرمە هەمەکیەکانی جیهانە بەرزەکەوە، لە ڕاستەقینەدا گومانکاری رەها (مطلق) لە "پیرۆن"ـەوە (Pyrrho) (360–275پ.ن) دەستیپێکرد.[93] بە ڕای پیرۆن مرۆڤ ناتوانێت ڕاستەقینەی بوون بدۆزێتەوەو بزانێت سروشتی بابەتەکانی دەوروپشتی چیە. زانیاریەکانمان لە ڕێی هەستکردنو هۆشەوە پەیدادەبن، هەستکردنەکانمان تەنیا ڕوخسارو ڕوالّەتی بابەتەکانمان پێڕادەگەیەننو ناتوانن ناوەڕۆکی بوون بپێکن. هۆشیش پەنا دەباتە بەر ئەو کەرەسە زانینانەی کە هەستەکان دەگەیەننو ناتوانێت لە سنووریان بچێتە دەرەوە.[94] هەلّوێستی پیرۆن لە ئاستی ڕاستەقینەی بووندا وەکو گەشتە گومانکاریەکەی دێکارتو غەزالی وایە. بەلآم ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەم سێ زانایە بخەینە ڕیزی یەك. چرای گومان لە مێشکی "پیرۆن"دا هەرگیز نەکوژاوەتەوەو ئەو ئومێدی بە ڕزگاربوونو خۆدەربازکردن نەبووە. دێکارت پشتی بە هۆشو زانیاریە زگماکەکان بەستووە. غەزالی نەتوانی وەکو پیرۆن خۆی بخاتە ژێر فەرمانی گومانی ڕەهاوە نە وەکو "دێکارت"یش پشتی بە هۆش بەست، بەلّکو ڕێگای عیرفانی هەلّبژارد. ئەم خۆی لە کۆتو کەموکورتیەکانی تاقیکردنەوە هەستەکیو هۆشەکیەکان ڕزگار کردو پشتی بە بڕواو تاقیکردنەوەی سۆفیگەرانە بەست. بە ڕای سۆفیەکان مرۆڤ لە "اشراقە"دا پەردە لەسەر نهێنیەکانی بوون هەلّدەداتەوەو ناوەڕۆکی شتومەکەکان دەدۆزێتەوە.

---

93 ـ پیرۆن لەگەلّ ئەسکەندەری مەکدۆنی چوو بۆ ئێرانو هیند. فەلسەفەی هیندی کاریکردۆتە سەر بیرکردنەوەی.

94 ـ عبدالرحمان بدوي، *خريف الفكر اليوناني*، ل 71

لەم ڕووەوە، بەگوێرەی بیرو باوەڕەکانی پیرۆن ئەگەر بگەینە زانیاریەکی رەها یان ئەگەر حوکم بەسەر هەر شتێکدا بدەین لەناو گۆمی دۆگمادا دەچەقین‌و ناتوانین بە هیچ لایەکدا بڕۆین. ئەو مرۆڤەی لە گوماندا دەژیت ناتوانێت هیچ ڕایەك بدات، ئەوەی دەیزانێت ئەوەیە کە نایزانێت. ئەمەش لە خۆیدا دۆخێکی نێگەتیڤەو ئەگەر کۆتایی پێنەیەت وەکو دارێکی بێبەر هیچ میوەیەك نادات. مرۆڤـ تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت هیچ نازانێت‌و ڕاستەقینەش نادۆزێتەوە.



## بەشی سێیەم

## کێشەی بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

### فەلسەفەو ئایین

لەمەوبەر باسی کێشەکانی "بوون"مان لە لای فەیلەسوفە یۆنانیەکان کرد. لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکی‌و کەموکورتیانەدا، کە تووشمان بوون، نابێت چاو لەو راستیە بپۆشین کە فەلسەفەی یۆنانی چراخانێکی رۆشنی هۆش‌و زانینە، کەلەپورێکی گەورەی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە. وەکو شوێنەوارێکی دێرین پاچ لە هەر زەوییەك بدەین گەنجینەی زێڕو گەوهەری نایابی تێدا دەدۆزینەوە. فەلسەفە نوێیەکانیش رەگەکانیان بە ناخی زەمینەی مێژوودا رۆدەچن‌و لە نیشتمانی فەلسەفەی یۆنانەوە خۆراك هەڵدەمژن‌و لق‌و پۆپ دەردەکەن. ئەگەر تەماشای بیروباوەڕەکانی دێکارت‌و بیکۆن‌و لۆك‌و هۆبزو هێگڵ‌و شۆپنهاوەرو نیتشە بکەین ئەم راستییەمان بۆ

دەردەکەوێت. هەر یەکێك لەم زانایانە کەڵکیان لە بیروباوەڕەکانی هێراکلایدیس‌و پرۆتاگۆراس‌و دیمۆکریتیس‌و ئەفلاتۆن‌و ئەریستۆ وەرگرتووە. ڕەنگە هەندێك واتێبگەن، کە لە بڕیار دانەکەمدا زیادەڕۆییم کردووەو زۆر پێم داگرتووە، یان هیچ مافێکم بە فەلسەفە نوێیەکان نەداوەو ڕەسەنیی فێرگەی فەلسەفی نوێم ڕەت کردۆتەوە. ئەمە وانیە، بێگومان من نامەوێ گیانی داهێنان‌و نوێخوازی بمرێنم‌و بگرە لەو بروایەشدام، کە نوێ لە خۆیدا خاوەنی ڕەسەنیی‌و داهێنانە، هەر بۆیەش بە نوێ ناو دەبرێت. بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو بەرهەمێکی نوێ, چ نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ, پەیوەندی بە کۆنەوە هەیە. ئەگەر بەرهەمە کۆنەکەمان یان کەلەپورەکەمان گیانی تێدابێت‌و ڕۆشنایی تێدا بەدی بکرێت, نابێ ماف بخۆین‌و کوێرانە ڕەتی بکەینەوە. هەروەها مێژووی فەلسەفە لەو زنجیرە دەچێت, کە ئەڵقەکانی تێکهەڵکێشی یەکن‌و لێکنەترازاون. بۆنموونە کە باسی هێگڵ دەکەین, یان بمانەوێت لە فەلسەفەکەی هێگڵ بگەین, دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هێراکلایدیس‌و ئەفلاتۆن‌و ئەریستۆ. ڕاستە هێگڵ سیستەمێکی نوێی داهێناوە, بەڵام ئەم داهێنانە نوێیەی جێ‌پەنجەی فەیلەسوفەکۆنەکانی تێدا دیارە. ئەمەش بە پێچەوانەی زانستەوەیە.

ئەگەر بمانەوێت بیردۆزەکەی "ئاینشتاین" فێر ببین، پێویست ناکات ئەکلیدس‌و نیوتن بخوێنین، وە یان باشترە بڵێین، دەتوانین بەبێ ئەکلیدس‌و نیوتن لە بیردۆزەکەی ئاینشتاین بگەین. فەلسەفە نابێت بە چاوی قۆناغییەوە تەماشای بکرێت. ڕاستە لە هەموو سەردەمێکدا جۆرێك فەلسەفە لە دایك دەبێت، بەڵام ئەو ڕاستەقینەیەی کە فەلسەفە بە دوویدا دەگەڕێت خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژەو لە هەموو سەردەمێکدا هەناسە دەدات، ئەوەی



دەگۆڕێت تەنیا بۆچوونەکانی ئێمەی مرۆڤە. بوون وەکو بابەتێکی گشتی فەلسەفە لە هەموو سەردەمێکدا خراوەتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکەش زۆر لایەنی ڕاستی "بوون"ی نیشان دابێت، ئەوا توانیویەتی سەردەمەکەی جێبهێڵێت‌و لە سەردەمێکی دیشدا بژی.

کۆپێرنیکۆس سەلماندی، کە زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە، بیردۆزەکەیشی هەتا ئەمڕۆ هەر پەیڕەوی دەکرێت‌و وەکو کەلەپورێکی بێگیان تەماشای ناکرێت. مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی کۆن‌و نوێ نیە، بەڵکو مەسەلەی دەرخستنی ڕاستەقینەیە. هەموو شارستانیەتێك لەسەر کۆڵەکەی بیرو کردەوە ڕاوەستاوە. پێشکەوتن‌و لەناوچوونی شارستانیەتیش دەکەوێتە سەر پەرەسەندنی ئەم دوو کۆڵەکەیە. من نامەوێت باسی ئەو هۆیانە بکەم، کە بوونەتە کۆسپ‌و تەگەرە لە ئاستی پەرەسەندنی شارستانیەتی یۆناندا، بەتایبەتی دوای ئەسکەندەری مەکدۆنی، بەڵکو دەمەوێت سەردەمێکی تاریك‌و سامناك دیاری بکەم، کە زیانێکی بێکۆتایی لە تەواوی شارستانیەتی مرۆڤایەتی داوەو گەشەوهەڵدانی فەلسەفەی لاواز کردووە. سەردەمی تاریك لەگەڵ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی بە سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی دەستی پێکرد. لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتی تووشی نەهامەتی‌و کلۆڵی بووە. کڵێساو پیاوانی ئایین بەپێی ئایینەکەیان‌و دەستوری کڵێسا بڕیاریان لەسەر نەرێت‌و ژیانی کۆمەڵ داوە، هەر کەسێکیش سەرپێچی کردبێت‌و یاخی بووبێت لە ناویان بردووە.

لە ساڵی 529 زاینیدا جۆستینان بڕیاری داخستنی هەموو فێرگە فەلسەفیەکانیدا. لە سەدەی شەشەمی زاینیدا زەبرو زەنگی کڵێسا

هێندە توندوتیژ بوو، کە رۆشنبیرێك نەما سەر بۆ دەستورەکانی کڵێسا دانەنەوێنێتو بەئاشکرا سەرپێچیان بکات. هەر زانایەك خۆی بە فەلسەفەوە خەریك بکردایە سزا دەدراو بگرە دەکوژراش. هەندێك زاناو رۆشنبیرو فەیلەسوف وەکو هیباشیا (کە ژنێکی خەڵکی رۆم بوو) بەنهێنی خۆیان بە فەلسەفەوە خەریك کرد. بەڵام کاتێك کڵێسا پێیزانین, هێباشیای دەستگیر کردو لە بازاڕی رۆماوە هەتا دەروازەی کڵێسا بەدوای گالیسکەیەکدا راکێشی کرد. کەشیش "کیرلیس" بڕیاری سەربڕینی داو، کەشیش "پێترۆس" بە دەستی خۆی بڕیاری سەربڕینەکەی جێبەجێ کردو بە چەقۆیەکی تیژ گۆشتی لە ئێسقانی جیاکردەوەو سوتاندی.[95] هەروەها بروونۆی فەیلەسوفی ئیتالی, کە کەشیشەکان بە زیندوویی سووتاندیان,[96] گالیلۆو سپێنۆزاو زۆری دیش سزا دراونو تووشی تاڵیو ناخۆشی بوون.

سەرەڕای تاریکیو باری ئاڵۆزی سەدەکانی ناوەڕاست چەند زانایەك لە رێگای ئایینەوە توانییان ئەوەی لەناو فەلسەفەدا لەگەڵ ئاییندا دەگونجێت, بژاری بکەنو لە کێڵگەی بیروباوەرەکانیاندا بیچێنن. لەهەمان کاتدا ئەم لێکدانو گونجاندنەی فەلسەفە لە چوارچێوەی رەزامەندی ئایینو پیاوانی کڵێسا دەرباز نەبووەو تێپەڕی نەکردووە. ئەنجا بابزانین, ئەم کارە تا چ رادەیەك سەرکەوتوو بووە؟ چۆن دەتوانرێت فەلسەفەو ئایین لێکبدرێت, لەکاتێکدا فەلسەفە بەرهەمێکی هۆشەکیەو لەسەر بەڵگەو لۆجیك وەستاوەو ئایینیش بڕوایەو پشت بە هۆشو لۆجیك نابەستێت؟

---

95 ـ برتراند رسل، *تاريخ الفلسفة الغربية*، الجزء الثاني، ل 103

96 ـ احمد امين زكي ونجيب محمود، *قصة الفلسفة الحديثة*، ل 40



ئەم هەوڵدانە کارێکی هێندە ئاسان نیە, فەلسەفەو ئایین لەیەکەوە دوورن, تەنانەت ناکۆکنو دانووپان بەیەکەوە ناکوڵێت. هەندێك زانا بەجۆرێك بۆ فەلسەفە چوون, کە هۆشی مرۆڤ دەستی کورتەو ناتوانێت ناوەڕۆکی بوون بدۆزێتەوە, بۆیەش پێویستە خۆمان بخەینە ژێر باری ئاینەوەو بڕوا بەو راستەقینەیە بکەین, کە نوسراوە ئایینیەکان باسیان کردووە. ئەم هەڵوێستە هەوڵدانو تێکۆشانی مرۆڤ بە لاوازو نەخۆشو بابردەڵە دەداتە قەڵەم, وەکو چۆن "تۆماس ئەکوینۆس" دەڵێت: "مادام ئایینەکان پێمان رادەگەینن, کە خوا جیهانی ئافەرید کردووەو سەرەتای بۆ داناوە, ئەوا پێویستە بڕوای پێبکەین". وەیان مەلایەکی لای خۆمان دەڵێت: "مادام ئەو باسە لە قورئاندا هاتووە. نابێت سەری خۆمان بیەشێنینو بەدوای بەڵگەو سەلماندنیدا بگەڕێین".

دەبینین لە سەردەمی تاریکدا ئەو کەشیشانەی کوێرانە خۆیان نەخستووەتە ناو ئاگری بڕواوە, هەوڵیانداوە فەلسەفە بەلای ئاییندا رابکێشنو بڕواکەیان لەسەر بنچینەیەکی هۆشەکی دابمەزرێننو فەلسەفە بخەنە بەر خزمەتی ئایین. بۆنموونە ئاوگوستینو بۆناڤێنتوراو ئەریجینو ئەلبێرتی گەورەو تۆماس ئەکوینۆس لەم بوارەدا دەستێکی باڵایان هەبووە.

لەناو موسوڵمانەکانیشدا کەندیو فارابیو ئیبن سیناو زۆر فەیلەسوفی موسوڵمانیدی هەوڵیان داوە, کە پردێك لەنێوان فەلسەفەو ئاییندا هەڵببەستن. ئەمڕۆش ئەم زانایانە بە فەیلەسوفی مەسیحیەوە یان بە فەیلەسوفی ئیسلامی ناسراون, کە لەبنەڕەتدا ئەم ناوە, واتە فەلسەفەی مەسیحی یان ئیسلامی, بێناوەڕۆکە, هەرچەندە ئایینو فەلسەفە بەدوایی راستەقینەی "بوون"دا دەگەڕێنو تاکو رادەیەکی

ئەوتۆش بابەتی گەشتەکەیان لەیەك دەچێت، بەڵام هەرگیز نابن بەیەك.

فەلسەفەو ئایین دوو رێگای ناکۆکو جیاوازن، یەکەمیان لەژێر رۆشنایی چرای زانیاریەکانی مرۆڤەوە لە بوون دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەکانیش دەخاتە ژێر بەڵگەو سەلماندن، بەڵام دووەمیان لە رێگای بڕواوە تێهەڵدەچێتو جێگا بۆ بەڵگەو سەلماندنی لێکۆڵینەوەکانیان ناکاتەوە. ئەگەر مەلایەك ویستی بەڵگە بۆ بڕواکەی بهێنێتەوە، ئەوا گۆڕەپانی ئایین بەجێدەهێڵێتو خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرگای فەلسەفە. فەلسەفە سیستەمێکی تەواوی "بوون"ـەو هەموو لایەکی ژیان دەگرێتەوە، ئایینیش ویستویەتی باسی زۆر شت بکات، بەڵام زۆر بە کەموکورتیو نیوەچڵییەوە، بێئەوەی خۆی بە سیستەمێکی تەواوەوە ببەستێتەوە، ئاماژەیان دەکات. ئەوەی کە ئایین دەیخاتە روو، چ مێتافیزیك، ئابوری، کۆمەڵایەتی یان رامیاری، دێمی نەکێشاوەو زۆر هەژارە.

جگە لە هۆیە ئابوریەکە، کە بۆتە هاندەر بۆ سەرهەڵدانی ئایین، دەتوانین هۆیەکیدیش دیاری بکەین. منداڵێك باوکی بەهێزێکی گەورەو قەڵای پاراستن دادەنێتو لەکاتی تەنگانەدا هاواری بۆ دەکات، ئەوانەی ئایین دەکەن بە پێوەری هەموو شتێك لە ژیانیاندا باوکێکی گەورەتر لە ئاسماندا بۆ خۆیان دەستنیشان کردووەو لەکاتی تەنگانەدا هاواری بۆ دەبەن.

منداڵەکە لە بارێکی دەروونی تایبەتیدا دەژیو ویستی لە دەست دەداو بڕوای بە خۆی نامێنێت. هەمان شێوەش پیاوانی ئایینی تووشی ئەم حاڵەتەی (فقدان الارادة) بوون، وا هەست دەکەن، کە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشە لە بوونیان دەکرێتو، هەمیشە لە ناکۆکییەکی



دەروونیدا دەژین، کە ئایا کێ دەتوانێت رزگاریان بکاتو سەبوری بە دڵیان بگەیەنێت؟ جگە لەو باوکە بە هێزە، کە خۆی نەمرەو لەوان گەورەترەو بەهێزترە، کەسیدی ناتوانێت دەستی یارمەتی بۆ ئەوان درێژ بکات. ئەم دۆخە دەروونیە نێگەتیڤە فەلسەفەی دروست نەکردووە، بەڵکو سەرسوڕمان هێناویەتە کایە، کاتێك مرۆڤ بە شەو تەماشای تریسکانەوەی ئەستێرەکانی کردووەو بە رۆژیش هاژەی دەریاکانو خوڕەی بارانو، هەورو خۆرهەڵاتنو خۆرئاوابوون هەزاران پرسیاریان لە مێشکیدا دروستکردوەو سەریان کاس کردووە.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئایینی مەسیحیو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی رامیاری لەلایەن کڵێسا ژیانی مرۆڤ لە رۆژئاوا گۆڕاوە. کڵێسا دەرگای لێکۆڵینەوەی فەلسەفو زانستی داخستو دنیای ئەدەبی مۆر کرد، مرۆڤی بە زیندەوەرێکی گوناهبار دانا، کە لە ئاستی خوا رووڕەشەو دەبێت لە رێگای ئایینەوە خۆی لە سزاو تۆڵەی خوا بپارێزێت.

بابەگەورەی مرۆڤ "ئادەم" لە فەرمانەکانی خوا یاخی بوو، فڕێدرایە سەر ئەم پلانێتە، کوڕەکانی ئادەم واتە "کاین"و "ئابڵ" لەسەر خوشکەکەیان کەوتنە مشتومڕو "کاین" "ئابڵ"ی کوشت.[97] بەمجۆرە رەگەزی مرۆڤ بوو بە رەگەزێکی گوناهبار. مەسیح هات تا لە گوناهەکان رزگارمان بکات، پێی رازی نەبووینو لە خاچماندا. ئایینی مەسیحی مرۆڤ ئیفلیج دەکاتو هەستی گوناهباریو ئازاردانی ویژدانی بەهێزتر دەکات، وەکو چۆن لە ئینجیلدا نووسراوە: "ئێوە هەموو کۆیلەی گوناهن".[98] مرۆڤ لەو ساتەوە لە دایك دەبێت، یەکەم گوناه

97 ـ بڕوانە "سفر التكوين" بەشی چوارەم

98 ـ بڕوانە ئینجیلی یۆحەنا، بەشی هەشتەم

(الخطيئة الاولى–The Original Sin) له ڕێی زگماکەوە دەهێنێتە گۆڕێو پشتاوپشت وەکو نەخۆشیەکی میراتی دەیگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی. ئێمە بمانەوێو نەمانەوێ لێپرسراوین بەرامبەر بەو گوناهە، دەبێت هەر سزا بدرێین.

زۆر لە زانا مەسیحییەکان رەخنەیان لەم بۆچوونە مەسیحییە گرتووەو دەڵێن ناشایستەیە لێپرسینەوەی گوناهی دایكو باوك بخەینە ئەستۆی منداڵەکانمان. بەڵام رەخنەی ئەم زانایانە نەیتوانی هیچ لە مەسەلەکە بگۆڕێت. مەسیحی بە گشتی دەکرێت بە دوو بەشەوەو[99] بەشێکیان کەسایەتی "مەسیح" بە مرۆڤ دادەنێنو خسڵەتی خوایەتی پێنابەخشن. بەشەکەیدی "مەسیح" بە خوا دادەنێن، کە لە شێوەی مرۆڤدا هاتووەتە ناو بازنەی کاتو شوێنەوەو بە تاقیکردنەوەی ویژدانەکانیدا دەڕوات.[100] لە ئینجیلدا نوسراوە: "بەر لەوەی هەر شتێکیدی هەبووبێت، مەسیح هەبووە، ئەو لەگەڵ خوادا هەمیشە زیندووە، بگرە خۆی خوایە".[101]

مەسیح خۆی دەڵێت: "ئەگەر منتان بناسیایە، باوکمتان دەناسی".[102] "لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی ئەم جیهانەی دروست کردووە، کاتێك هات کەس نەیناسیەوە".[103]

---

99 ـ دەستەو گروپی مەسیحیانە زۆرن، لێرەدا دابەشکردنیان بەستراوەتەوە بە بۆچوونەکانیانەوە بەرامبەر کەسایەتی مەسیح.

100 ـ دوای مردنی بودا هەندێك لە شاگردەکانی وەکو مەسیحیەکان بودایان بە خوا دانا.

101 ـ ئینجیلی یۆحەنا، بەشی یەکەم.

102 ـ هەمان سەرچاوە، بەشی هەشتەم.

103 ـ هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم.



زاناکانی سەردەمی تاریك لەو بڕوایەدا بوون، کە فەلسەفە ناتوانێ بگاتە ناو جەرگەی ڕاستەقینەی "مەسیح"و ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن خوا دابەزییە خوارەوەو بوو بە مرۆڤ، یان خوا چۆن بوونی پێکهێنا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەنا بەرینە بەر زانیاریە ئایینیەکان، کە خوا لە ڕێگای ئیلهامەوە ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی. لەم سەردەمەدا دوو فێرگەی مەسیحی دامەزرا. یەکەم بە فێرگەی ئەفلاتۆنی ناسراوە. ئەم فێرگەیە لەلایەن کەشیش "ئاوگوستین"ـەوە دامەزرا، ئەم کەشیشە هەوڵیدا بیروباوەڕەکانی ئەفلاتۆن لەگەڵ ئینجیلدا بگونجێنێ. دووەم، کە بە "ئەریستۆ– تۆمایی" ناوی دەرکردووە، لەلایەن "تۆماس ئەکوینۆس" (St Thomas Aquinas) (1224–1274ز)و "ئالبێرت"ی گەورە (St Albert the Great) (1200–1280ز) هاتە کایەوە. ئەم دوو زانایە بیروباوەڕەکانی "ئەریستۆ"یان لەگەڵ ئینجیلدا خستە پاڵ یەك. هەر لەگەڵ هاتنی تۆماس ئەکوینۆس کڵێسا دەرگای بۆ تێڕوانینەکانی ئەریستۆ خستە سەر پشتو پێشوازی لێکردن.

فەلسەفەی ئەفلاتۆن لەبەرئەوەی فۆرمە هەمەکیەکان بە بابەتی دادەنێتو بوونێکی ڕاستەقینەیان دەداتێ, پێیدەگوترێت "ریالیزم". جیهانە بەرزەکەی ئەم ڕێبازەش بریتییە لەو جیهانە گیانەکیە, کە ئایینەکان بڕوای پێدەکەن. "فیلۆن"ی فەیلەسوف جولەکە دەڵێت, ئەفلاتۆن بەر لە موسا تەوراتی زانیوە. "ئاوگوستین"یش وەکو ئەفلاتۆن بابەتە گشتیەکان (الکلیات), وەکو مرۆڤ, دار، ئەسپ, هتد.. بەڕاستەقینە دادەنێتو لەوێوە تەماشای بوون دەکات. لەهەمان کاتیشدا وەکو سۆفیەك پشت بە (إشراقە) دەبەستێتو بە تاکە ڕێگەی زانیاری دادەنێتو لەگەڵ "بۆناڤێنتورا"دا لەو بڕوایەدایە یەك

دەگرنەوە, کە هەندێ زانیاری لای مرۆڤ زگماکین‌و پێویست بە بەڵگە هێنانەوەو سەلماندنیان ناکات. بۆنموونە, بۆناڤێنتورا دەڵێت, بوونی خوا لەلای مرۆڤ زگماکە. لەبارەی پەیوەندی نێوان فەلسەفەو ئایینەوە ئاوگوستین دەڵێت, "هۆش پێش بڕوا دەکەوێت, بڕوایش پێش هۆش دەکەوێت بڕواکردن بۆ پەیداکردنی هۆشە".[104] تۆماس ئەکوینۆس بە پێچەوانەی "ئاوگوستین"ـەوە (St Augustine) (354–430ز) بابەتە گشتیەکان بە (واقعی) دانانێت. ئەم شوێن ئەریستۆ کەوتووەو بڕوای بە بابەتە تاکەکان هەیە. هەروەها پەنای بردۆتە بەر لۆجیك‌و هەوڵی داوە بوونی خوا بسەلمێنێت‌و بەڵگەی کۆسمۆلۆجی ئەریستۆی شیتەڵ کردووەتەوە.[105]

## فێرگەی ئەفلاتۆنی ـ ئاوگوستینی

بوون لای فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکرێت بە دوو بەشەوە. یەکەمیان بریتییە لە بوونی هەمیشەیی. ئەم "بوون"ـە بەبێ هێزێکی دەرەکی دەجوڵێت‌و هەر بووەو سەرچاوەی هەموو جوڵانێکە, ئەمەش بوونی خوا دەگرێتەوە. دووەم بریتییە لەو "بوون"ـە, کە خوا ئافەریدی کردوەو سەرەتاو کۆتایی بۆ داناوە. ئاوگوستین لەم روانگە دوالیزمە نوێیەوە تەماشای جیهانی دەرەوە دەکات. بیروباوەڕەکانی لەسەر بنەمایەکی ئایینی‌و فەلسەفی دادەمەزرێنێت. وەکو خۆی دەڵێت, دەیەوێت ئەو مرۆڤە نوستووانە ڕاپەڕێنێت کە بڕوایان بە

104 ـ عبدالرحمن بدوي، *فلسفة العصور الوسطى*، ل 21

105 ـ هەمان سەرچاوە، ل 160



بوونی خوا نیە. لەلای ئاوگوستین خوا بوونی یەکەمە، ئەم ماتریالی ئافەرید کردوە, کەوابوو ماتریال هەمیشەیی نیەو دروست کراوە. لە "نەبوون"ـەوە (عدم) پەیدابووە. ماتریال نابێت بە سەرچاوەی خراپە، ئەوەی خوا دروستی دەکات جوانەو چاکە. خراپە بەستراوە بە گێلی‌و نەزانی مرۆڤەوەو ویستی مرۆڤ دەیهێنێتە کایەوە. ئاوگوستین لێرەدا هەموو بنچینە مێتافیزیکیەکانی بۆ بوونی خراپە هەڵوەشاندوەتەوە. مرۆڤ بەرپرسیار دەکات بەرامبەر کارە ناپەسندو خراپەکان. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە چاکە دەبەستێتەوە بە دەستوورو فەرمانەکانی خواوە. ئەوەی خوا دایناوە, چاکەو مرۆڤ پێویستە پەیڕەویان بکات. لادان‌و یاخی بوون لە فەرمانەکانی خوا یان سەرکەشی‌و سەرمەستی مرۆڤ و گوێنەدانی بۆ ئەو یاساو دەستورانەی خوا دایناون, دەبنە هۆی خراپەکاری.[106] ئاوگوستین هەڵبژاردنی مرۆڤ بە دەستورەکانی خواوە یان بە یاسا سەپێنراوە مێتافیزیکیەکانەوە دەبەستێتەوە ، چونکە ئەو یاسایانە مرۆڤ داینەناون، مرۆڤ پابەندی دەکەن: "هۆش پێویستە دەست بگرێت بەسەر هەستەکاندا، لەهەمان کاتدا سەر بۆ خودا دابنەوێنێت".[107] ویستی مرۆڤ بەستراوە بە ویستی خواوە، خراپەش لە کاتێکدا پەیدا دەبێت، کە ویستی مرۆڤ لە خۆبایی‌و لە ویستی خوا یاخی دەبێت. بەهەرحاڵ، بۆچوونەکانی ئاوگوستین وەکو ڕوانگەیەکی ئایینی وەکو خۆی دەهێڵینەوەو دەستکاری ناکەین، بەڵام چۆن باسی ئەو ئاژاوەو خراپەو ناخۆشیانە بکەین لە سروشتدا، کە تەقینەوەی شاخێکی

106 ـ یوسف كرم، *تاريخ الفلسفة الأوروبية فى العصر الوسيط*، ل 198

107 ـ هەمان سەرچاوە، ل 37

ئاگرین (ڤولکان)، یان لافاوێك بەرپای دەکەنو هەزارەها کەس ماڵوێران دەکەن؟ ئایا ئەم ماڵوێرانیە لەسەر ویستی خوا ڕاوەستاوە یان خواستی مرۆڤە؟

ئاوگوستین لە لایەکیدیکەوە سەرچاوەی خراپە دەگەڕێنێتەوە بۆ لەشو شوێن کەوتنی حەزو ئارەزووەکانی لەش. ئەم تێڕوانینە لە بنەڕەتدا ناکۆکەو جێگای بڕوا نیە. لەش بوونێکی ماتریالی هەیەو پێویستی بە دەروون هەیە بیجووڵێنێت وە بەبێ فەرمانی دەروون ناتوانێت هیچ کارێك ئەنجام بدات. واتە، ئەوەی لێپرسراوە لە هەڵسوڕانی کارەکان، بریتییە لە دەروون، نەك لەش. شەیتان، کە یەکەم سەرچاوەی ئاژاوەو ناخۆشیەکانی ژیانە، لەشێکی ماتریالی نیە، بەگوێرەی قورئان لە ڕووناکی (النور) دروست کراوە، کەچی سەرپێچی خوای کردو پەیڕەوی فەرمانەکانی نەکرد. هۆی ئەم کارەی شەیتان لە حەزو ئارەزوەکانی لەشیدا نەبوو، بەڵکو ویستی شەیتان بوو، کاتێکیش ئادەمو حەوا گوناهەکەیان ئەنجامدا, لە جیهانی گیانەکیدا بوون.[108]

وەکو باسمان کرد، ڕەوتە دووالیزمەکەی ئاوگوستین لە دووالیزمەکەی ئەفلاتۆنو ئەریستۆ جیاوازە. لەلای ئاوگوستین خواو ماتریال یەك شت نین، لەهەمان کاتیشدا ماتریال هەمیشەیی نیە، بەڵکو خوا ئافەریدی کردووە. لە سەرەتادا خوا تۆوی هەموو زیندەوەرەکانی دروست کردووەو لە سروشتدا دایناوون. تۆوەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو هەر یەکە بووە بە زیندەوەرێكو دوایین فۆرمیان وەرگرتووە، وەکوو چۆن تۆوی دارێك دەبێت بە نەمامو

108 ـ جیلسون، *روح الفلسفة في العصر الوسیط*، الجزء الاول، ل 223



گەورە دەبێتو بەر دەگرێت. کەوابوو بوونەوەرەکان دوو هۆیان هەیە، هۆی یەکەم (Prime Cause) تۆوەکانیانە، کە خوا دروستی کردوون. هۆی دووهەمیش (Secondary Cause) بارودۆخی سروشتیە، کە کاریان کردووەتە سەر تۆوەکانو گۆڕانیان بەسەردا هێناون. بۆنموونە، ئاودانی تۆوەکە، وەرگرتنی تیشکی خۆر، هەڵمژینی خوێی تواوەی ناو گڵ، ئەمانە هەموو خۆبەخۆ ڕوو نادەن، بەڵکو خوا دەیخوڵقێنێتو جێگەیان بۆ خۆش دەکات (العنایە الالهیە).[109]

ئایا دەروونە تاکەکان چۆن دروست بوون؟ ئایا لە ڕێیی باب‌وباپیرانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو؟ یان لە لاشەیەکەوە دەچێتە ناو لاشەیەکیدی؟ ئایا کاتێك منداڵێك لە دایك دەبێت، خوا دەروونێکی تازەی دەخاتە ناویەوە؟ ئاوگوستین شوێن ڕای یەکەم دەکەوێت. ئەم لەو باوەڕەدایە، کە دەروون بە میرات لە باوکەوە بۆ منداڵەکانی دەگوێزرێتەوەو گوناهی یەکەم لە خۆیدا هەڵدەگرێت. کەشیش "ئەنسێلم" (St Anslem) (1033–1109ز) دانەری بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی، زانایەکیدی ئەم فێرگەیەیە، گەشتەکەی لە بڕواوە دەست پێدەکاتو لە هۆشدا کۆتایی پێدێنێت: "هۆش بە تەنیا تێشوی گەشتەکەمان ناداتێ، بڕواش بە بێهۆش لەم گەشتەدا ماندوو دەبێتو ناگاتە جێ. هۆشو بڕوا، فەلسەفەو ئایین لە خزمەتی یەکتردانو تەواوکەری یەکن". خوا لەلای ئەنسێلم هێزێکی ڕەهایەو ماتریالی لە نەبوو ئافەریدکردوە بەڵام نەبوو ڕەها نیە، چونکە پێش ئەوەی ماتریال هەبێ، بیری ماتریال، یان فۆرمەکەی لەلای خوا

109 ـ هەمان سەرچاوە، ل 179

هەبووە، وەکوو چۆن ئێمە پێش دروستکردنی کورسیەك بیری کورسیەکەمان لە مێشکدا هەبووە. ئەنسێلم شاگردێکی دڵسۆزی ئاوگوستین بووەو خۆی لە ڕێبازە بیردۆزیەکەی ئەو لانەداوە. "سکۆت ئەریجین" زیاتر خۆی لە ئەفلۆتین نزیك کردۆتەوەو ماتریالی بە بەشێکی دەرچوو یان هەڵقوڵاو لە بوونی خوا داناوە. ئەم دەرچوونەش بە ڕای ئەریجین دوای گوناهی یەکەم ڕوویداوە،[110] واتە ماتریال لەوەپێش نەبووەو جیهانی یەکەمی ئادەمو حەواش جیهانێکی گیانەکی پەتی بووە، شێکارە ماتریالیەکانیش بۆ مانای بەهەشتو جیهانی یەکەم لە پەڕتووکە ئایینیەکاندا بێ مانایە.

بۆناڤێنتورا کەشیشێکی‌دی ئەم فێرگەیەیە، ئەم لاهوتی لە تاقی سەرەوە داناوەو لە فەلسەفەش گرنگترو بەنرختر لە قەڵەم داوە، هەموو زانستەکانیشی کردووە بە کۆرپەی ساوای لاهوت. بۆناڤێنتورا پێش دێکارت بیری خوای گەڕاندووەتەوە سەر زانیاریە زگماکەکان.[111] "خوا, بۆئەوەی مۆرکی خۆی لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدا دابنێت, بیری خوای خستە دەروونمانەوە". ئەگەر بۆچوونەکەی بۆناڤێنتورا ڕاست بێت, ئەوا هەموو کەسێك دەزانێت, کە خوا هەیەو بڕوای پێدەکات, کەچی لەناو گەلانی جیهاندا بڕواکەرو بێبڕوا زۆر هەن. هەندێکیش لە ڕواڵەتە سروشتیەکان, وەك مانگو ئەستێرەو ڕووبارو ئاگرو شتی‌دیش دەپەرەستن. بۆناڤێنتورا دەڵێت, ئەم جۆرە ناکۆکیانە لە بیردۆزەکەی من کەم ناکەنەوە, چونکە ئەمە دەکەوێتە سەر کورتبینیو تێنەگەیشتنی مرۆڤ.

---

110 ـ يوسف كرم، *تاريخ الفلسفة الأوروبية*، ل 57

111 ـ عبدالرحمن بدوي، *فلسفة العصور الوسطى*، ل 96



لەم قۆناغەدا, لەکاتی گەشەکردنو پەرەسەندنی فێرگەی "ئاوگوستین"دا, "پێلاگۆس"[112] یەکەم کەشیش بووە هەوڵی دابێت ڕاستەقینەکان لەژێر دەسەڵاتی کڵێسا ڕزگار بکاتو مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بەهێزو سەربەست دابنێت, پێلاگۆس وەکو زانایەکی بوونخواز (وجودی) گومانی لە ئایینو بیردۆزەکانی ناو ئایین کردووەو بە ڕاستیان دانانێت. مرۆڤ بەڕای ئەو بێگوناهەو ناشێت بە نێگەتیڤ باسی بکرێتو لە بەهەشتەوە فڕێ نەدراوەتە سەر زەوی, بەڵکو لەسەر ئەم زەوییە دروست بووەو لێرەش دەمرێتو هیچ هێزێك ناتوانێت خۆی بەسەردا بسەپێنێت. مرۆڤ سەربەستەو خاوەنی خۆیەتی‌و لە ئاستی کردەوەکانیدا ڕووبەڕووی خۆی بەرپرسیارە.[113] ئاوگوستین بیروباوەڕەکانی پێلاگۆسی بە لەڕێلادەرو زیانبەخش داناوەو دەڵێت: مرۆڤ لە ڕێگای خواپەرەستی لادەدات. بەم بۆنەیەوە نامەیەکی بۆ سەرۆکی کەشیشەکانی ئۆرشەلیم (قدس) نوسیوە, تاکو ئاگای لە پێلاگۆس بێتو ڕێگای نەدرێت لەوە زیاتر زیادەڕۆیی بکاتو لەژێر جلوبەرگی کەشیشیدا دژی ئایین بدوێ. کڵێسا دەنگی پێلاگۆسی کپ کردو نەیانهێشت بەرهەمەکانی بگاتە دەست هەموو خوێنەران.

---

112 ـ پێلاگۆس ناوێکی یۆنانیە واتە "دەریاوان"، ئەم زانایە هاوسەردەمی ئاوگوستین بووەو خەڵکی شاری "وێلز"ە لە بریتانیا.

113 ـ جیلسون، *روح الفلسفة في العصر الوسيط*، ل 161

## فێرگەی ئەریستۆ ـ تۆمایی[114]

تۆماس ئەکوینۆس هۆشو بڕوای بە دوو گۆڕەپانی جیاواز دانا. هۆش لە ڕواڵەتی بوون دەکۆڵێتەوەو بڕواش وەیان ئایین ڕاستەقینە مێتافیزیکیەکان دەخاتەڕوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە, کە بڕوا لە ژوور هۆشەوە دادەنرێت. بایەخدانی ئەکوینۆس بە"بڕوا" پشتهەڵکردن لە فەلسەفە نیە, بەڵکو ئەکوینۆس "هۆش" فەرامۆش ناکات, بەتایبەتی لەلای ئەم زانایە "هۆش" فەرمانبەری "ویست"ـەو جڵەوی گرتوەو بەڕێوەیدەبات. کێشەی هۆشو ویستو جێگیرکردنی یەکێکیان لە پێش ئەویدیدا دەمانکێشێت بە زۆر لادا. بۆ یەکەمجار دێنز سکۆتس گرینگی ئەم کێشەیەی ساخ کردەوەو بە پێچەوەانەی "ئەکوینۆس"ـەوە "ویست"ی لە پێش "هۆش"ـەوە دانا.[115] ویست سەرچاوەی حەزو ئارەزووەکانەو خۆی بە هیچ کۆتو پێوەندێکەوە نابەستێتەوە, واتە سەربەستە. ئەگەر ویست بخرێتە ژێر دەسەڵاتی "هۆشەوە"ـەوە, ئەوا پێویستە شوێن ئەو پێوەندەو مەرجانە بکەوێت, کە هۆش دایدەنێتو دەبێت بە کۆیلەی هۆشو سەربەستیەکەی لە دەستدەدات. بەستنەوەی ئەم کێشەیە بە "ویست"ی خواوە ئەوە دەگەیەنێت, کە خوا لە ئافەریدکردنی جیهاندا سەربەست نەبووەو بە تەنێ لەبەر ئەو هۆیانە جیهانی دروست کردوە, کە هۆش بۆی داناوە. کەوابوو خوا سەربەست نیەو "ویست"ی گیرۆدەی "هۆش"ـە.

114 ـ مەبەست لە تۆمایی "تۆماس ئەکوینۆس"ـە.

115 ـ احمد امين وزكى نجيب محمود، *قصة الفلسفة الحديثة*، الجزء الأول، ل 33



دوای سکۆتس, شۆپنهاوەرو نیتشە هەمان کێشەیان زیندوو کردەوەو "ویست"یان بە ناوەڕۆکی "بوون" داناو "هۆش"یان کرد بە یەکێك لە ڕواڵەتە زیندوەکانی ویست. ئەوەی لەلای شۆپنهاوەر هەبێت بریتییە لە "ویست"و خۆدەرخستنی "ویست", تەنانەت سروشتو لەشیش ویستنو ویستیش کوێرەو بیرناکاتەوە. جیهان یاسایەکی کوێر بەڕێوەیدەبات. ئەکوینۆس لەگەڵ "سکۆتس"دا ڕێکنەکەوت، چونکە لەو باوەڕەدا بوو، کە خوا هەتا نەزانێت چیەو ئاکامەکەی بە چی دەگات هیچ کارێك بە ئەنجام ناگەیەنێت. خوا جیهانی لەبەر خاتری حەزێکی پەتی نەهێناوەتە کایەوە، بەڵکو دەزانێت، بۆچی دروستی کردووە. شاگردانی فێرگەی تۆمایی جیاوازیو ناکۆکی بنەڕەتییان لەگەڵ فێرگەی "ئاوگوستینی"دا هەیە. بوونی ڕاستەقینەی فۆرمە هەمەکیەکانیان ڕەتکردەوە، هیۆلیو ناوەڕۆکیان بە گرێیەکی توند بەیەکەوە بەستەوە. جگە لە بوونی خوا بڕوایان بە بوونێکیدی نیە، کە لەم دوو لایەنە پێکهاتبێت. ئەم لاینگرانەی ئەکوینۆس، لەبەرئەوەی مەسیحی بوون، بڕوایان بە ئینجیل هەبووەو شوێن ڕەوتە دووالیزمەکەی ئەریستۆ نەکەوتوون. هەروەها بڕوایان بە هەمیشەیی ماتریال (هیۆلی) نەبووە، نەیانتوانیوە پەیڕەوی ئینجیل نەکەن: "ئەگەر ئایین ڕای بگەیەنێت، کە هیۆلی هەمیشەییە، ئەوا دەبێت بڕوای پێبکەین".[116] "ئەوانەی جیهان بە هەمیشەیی دادەنێن ڕاستن، ئەوانەش بە هەمیشەیی دانانێن هەر ڕاستن. لە هەر دوو حاڵەتدا ناتوانین بە بەڵگەی هۆشەکی ڕایەکانیان بسەلمێنین،

116 ـ عبدالرحمن بدوي، *فلسفة العصور الوسطى*، ل 158

لەبەرئەوە پێویستە پەنا ببەینە بەر زانیاریەکانی ناو ئایین".[117] لێرەدا وا دەردەکەوێت، هەر کاتێك ئەکوینۆس گوڕو تینی فەلسەفەی تیا نەمابێتو بیری ماندوو بووبێت، لەژێر سێبەری ئاییندا ماندوویەتی خۆی حەواندووەتەوەو هانای بردۆتە بەر ئینجیل. لەلای ئەم زانایە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان خواو جیهاندا هەیەو خوا سەرپەرشتی هەموو جوڵانو گۆڕانێك دەکات، بەبێ ئەوەی ئەم کارە بداتە دەست هێزێکیدی. ئەستێرەکانیش بێهۆشنو خوا خۆی بەڕێوەیاندەبات. هەروەها دەروونی مرۆڤیش لە ڕێگای زاوزێوە ناگوێزرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو، بەڵکو لە کاتی لە دایکبووندا خوا دەروونی تازە دەکات بە بەری هەموو مرۆڤێکدا. لێرەوە دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین، کە ئەکوینۆس بڕوای بە گواستنەوەی گوناهی یەکەمو گوناهبارکردنی ڕەگەزی مرۆڤ نیە، چونکە بەبێ هیچ بەڵگەو لۆجیکێك ناتوانین دەروونە تازەکان بەرامبەر گوناهی دەروونە کۆنەکان گوناهبار بکەین. ئاوگوستین لێرەدا لە ئەکوینۆس ڕاپەڕیوەو بیردۆزە دەروونیەکەی خستۆتە ژێر نەشتەری ڕەخنە. تەنیا ڕێگایەك بواری ئەوەمان بداتێ، ڕەگەزی مرۆڤ بەرامبەر بە گوناهەکەی ئادەم گوناهبار بکەین، بیردۆزی گواستنەوەی دەروونە لە باوکەوە بۆ منداڵەکەی. وەکو دەردەکەوێت، ئەکوینۆس نەیتوانیوە وەڵامی ئاوگوستین بداتەوەو بیرو باوەڕە ئایینیەکەشی نەیهێشتووە بە یەکجاری دەستبەرداری گوناهی یەکەم ببێت.

117 ـ هەمان سەرچاوە، ل 158



## بەشی چوارەم

## کێشەی بوون لە فەلسەفەی نوێدا

### فێرگەی هۆشەکی و فێرگەی هەستەکی

شۆڕشی زانستیو پیشەسازی لە ئەورووپا دامودەستگای سیستەمە دەرەبەگایەتیو ئایینیەکانی ڕوخاندو سەردەمێکی ڕووناکتری هێنایە کایە. فەلسەفەش لە ئەنجامی ئەم شۆڕشە مەزنەدا لە زیندانە تاریکەکانی کڵێسا دەرباز بوو. مێژوونووسانی فەلسەفە "دێکارت" (Rene Descartes) (1596–1650ز) بە باوکی فەلسەفەی نوێ دادەنێن, چونکە ئەو یەکەم کەس بوو, خۆی لە دەستی کۆتی فەلسەفەی کڵێسا ڕزگار کردو ڕێگایەکی نوێی گرتەبەر. جگەلەوەی دێکارت باوکی فەلسەفەی نوێیە, لەهەمان کاتدا ڕابەری فێرگەی "هۆشەکی"یشە لە سەردەمی نوێدا. لەلایەکی تریشەوە "فرانسیس بیکۆن" بە ڕابەری فێرگەی "هەستەکی" دادەنرێت. دوا بەدوای ئەم

دوو فەیلەسوفەش "پاسکاڵ"و "مالبرانش"و "لایبنیز"و "سپینۆزا"و "بارکلی"و "لۆك"و "هیوم" لە پەرەپێدانو پێشخستنی ئەم دوو فێرگەیە دەستی باڵایان هەبووە. سەرەڕای ناکۆکیەکانی نێوان دێکارتو بیکۆن دەتوانین لە هەندێ ڕووەوە بۆچوونەکانیان لەیەك نزیك بکەینەوە. هەردووکیان بۆ دامەزراندنی پرۆگرامەکەیان شۆڕشیان بەسەر ڕابردوودا کردووە.[118] هەردووکیان داوایان کردووە, کە زانستەکان لە پێناوی بەرژەوەندی مرۆڤدا بەکار بهێندرێنو سروشت بخرێتە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤەوە.[119] دێکارت وەکو فەیلەسوفێکی ڕەسەنو نوێخواز زەمینەیەکی نوێی بۆ فەلسەفەکەی هەڵبژاردووە. لەسەرەتاوە سەهۆڵبەندانی هەموو ئەو زانیاریانەی شکاندووە, کە لە منداڵیەوە بەرگوێی کەوتوونو خراونەتە مێشکیەوە.[120]

بۆئەوەی لە زەمینە نوێیەکەمانەوە دەست پێبکەین, پێویستە هەموو شتێك ڕەت بکەینەوەو بیانخەینە ژێر چرای گومانەوە. بەڵام ئەم گومانکردنەمان لێرەدا گومانکردنەکەی پیرۆن نیە. ئەو گومانکردنە لەگەڵ خۆمان نابەینە گۆڕ, بەڵکو ڕێگایەکی کاتیە, دەیگرینەبەرو مەڵبەندی یەقینی پێدەدۆزینەوە. هەرلەبەر ئەم هۆیەشە, کە گومانەکەی دێکارت بە گومانێکی پرۆگرامڕێژی دادەنرێت, پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو ڕاستەقینەو گەیشتن پێی.[121] با گومان لە هەموو شتێك بکەین, لە ژوورەکەمان, لە کەلوپەلی ناو

118 ـ د. كمال فتاح، *مدخل الى فلسفة ديكارت*، ل 40

119 ـ د. عثمان امين، *ديكارت*، ل 287

120 ـ ديكارت، *تأملات ميتافيزيقية*، ترجمة عثمان امين، التأمل الأول، ل 71

121 ـ يوسف كرم، *تاريخ الفلسفة الحديثة*، ل 69



ژوورەکەمان, لە شاخەکان, دارەکان, ڕووبارەکان, ئەستێرەکان. با گومان لە هاتنی شەوو ڕۆژ بکەین, باگومان لە هاژەی چەمەکانی بەهارو بەفری زستانو گەڵاڕێزانی پاییز بکەین. با گومان لە زەویو ئاسمانو هەموو ئەو مرۆڤانەی لە گەڵماندا دەژین, بکەین. بەڵام شتێك هەیە کە گومانی لێناکرێ, ساتێك لێی وون نابین, ساتێك لێمان جیانابێتەوە. ئەویش"بوون"ی خۆمانە. هیچ کەسێك لە ئێمە ناتوانێت گومان لەوە بکات, کە خۆی هەیە.[122]

ئایا من چیم؟ ئەو بوونەوەرەم, کە هەموو ئێوارەیەك پیاسە دەکەم, ڕۆژی سێجار نان دەخۆم, دەخەوم, خەون دەبینم, یان شتێکیدیکەم؟ ئەگەر من ئەو بوونەوەرە نەبم, یان ئەگەر نان نەخۆم, پیاسە نەکەم, نەخەوم, ئایا دەتوانم بڵێم, من هەم؟ هەموو دەزانین, مرۆڤ بەبێ ئەوەی نانی بەیانی بخوات, یان واز لە نانی شێو بهێنێت, هەر مرۆڤە. بەبێ ئەوەی ئێواران بچێت بۆ پیاسە یان شەو نەخەوێت, هەر مرۆڤە. ئەم خسڵەتانە ناوەڕۆکی "مرۆڤ" یان "من" دەرناخەن. ئەو ناوەڕۆکەی لە بوونی مرۆڤدایەو مرۆڤی کردوە بە مرۆڤ و لە بوونەوەرەکانیدی جیادەکاتەوە, نان خواردنو خەوتن نیە بەڵکو بیرکردنەوەیە. لێرەدا کۆجیتۆکەی دێکارت خۆی تەواو دەکات, کە دەڵێت: "من بیردەکەمەوە, کەواتە من هەم". لەم کۆجیتۆیەوە دێکارت دەست بە گەشتە فەلسەفیەکەی دەکاتو زەمینەیەکی نوێ بۆ فەلسەفە هەڵدەبژێرێت.[123] بیرکردنەوە ناوەڕۆکی مرۆڤەو پێش بوون دەکەوێت. واتە بەر لەوەی مرۆڤ بێتە ئەم جیهانە ناوەرۆکی هەربووەو

125 ـ ديكارت، *تأملات ميتافيزيقية*، ترجمة عثمان امين، التأمل الثانى، ل 123

123 ـ ديكارت، *كتاب مقالة الطريقة*، ترجمة وشرح د. جميل صليب، ل 49

لەلایەن هێزێکی مێتافیزیکیەوە بڕیاری لەسەر دراوەو دانراوە, مرۆڤ بە حازری دێتە بوونەوە. ئەنجا مادام ناوەڕۆك پێش بوون دەکەوێتو دەستکردی مرۆڤ نیە, ئەوا دەبێت بە خۆڕسکی مرۆڤ و گۆڕانی بەسەردا نایەت, یان بڵێین, مرۆڤ ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت. سەرەڕای ئەمەش ناوەڕۆك پەیوەندییەکی پێویستی بە بوونەوە نیە. مرۆڤ دەتوانێت بەبێ لەشی بژی و بوونی بەردەوام بێت, بەڵام ناتوانێت بەبێ ناوەڕۆکی بژی. ئەم بۆچوونە ئیدیالیستیەی دێکارت هەرچەندە بووە بە کلیلێك بۆ بوونخوازەکان (الوجودیون)و سارتەر سوودی لێوەرگرتوە, کۆجیتۆی بوونخوازەکان لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازی لەگەڵ کۆجیتەی دێکارت هەیە. پەیوەندی نێوان دێکارتو بوونخوازەکان وەکو پەیوەندی نێوان هێگڵو مارکس وایە. ڕاستە مارکس سوودی لە هێگڵ وەرگرتوە, بەڵام مارکسو هێگڵ ئاسمانو ڕێسمانیان لەنێواندایە. بوونخوازەکان "بوون" پێش ناوەڕۆك دەخەن: "من هەم, کەواتە من بیردەکەمەوە". مرۆڤ دێتە جیهانەوەو لە ئەنجامی ژیانو پێوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا بەبێ ئەوەی هێزێکی میتافیزیکی بڕیاری لەسەر بدات ناوەڕۆکی خۆی دروست دەکات, بوونیشی لە ناوەڕۆکی جیانابێتەوە. ئەگەر ناوەڕۆك پێش بوون بکەوێت، مرۆڤ سەربەست نابێتو لێپرسراویش نابێت، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونە ئیدیالیستیەکانەوە، بوونخوازەکان مرۆڤ بە سەربەستو لێپرسراو دادەنێن. ژیانی مرۆڤ پرۆژەیەکە لە ژێر دەستی خۆیدا، خۆی دروستی دەکات.

دێکارت "خۆ- زات"ی مرۆڤی لە دەوروبەر دابڕیوەو بایەخی بە پەیوەندیەکانی "خۆ"و دەوروبەر نەداوە. "من" خۆیەکی تەنیام، واتە بەبێ ئەوەی جیهانی دەرەوە بناسم، یان دەرگای هەستەکانم ئاوەڵا



بکەم، دەتوانم بە "خۆ"ی خۆمدا ڕۆچمو زانیارییە ڕاستەقینەکان هەڵبهێنجم. پێش ئەوەی باسی چۆنیەتی زانین بکەم، حەز دەکەم بزانین گومانەکەی دێکارت چی بە سەر دێت؟ لە سەرەتاوە، پێش ئەوەی دێکارت پێی بگاتە بنی دەریاکە، گومانی لە هەموو بوونەوەرەکان دەکردو هەموو زانیاریەکانی بە ناتەواو و گومانلێکراو دادەنا. لە دواییدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە گومانەکانی وردە وردە کەم دەبنەوە. وەکو ئەفلاتۆن یان پیرۆن گومان لە بابەتە هەستەکیەکان دەکات، بەڵام هەندێ زانیاری هەن، کە لە ڕێگای بابەتە هەستەکیەکانەوە نەگەیشتوونو پەیوەندییان بە هەستەوە نیە، بەڵکو زگماکنو لە ڕێی درکەوە (حدس) دەیاندۆزینەوە. ئەم زانیاریانەش خوا خستوونیەتە هۆشمانەوەو گومانیان لێناکرێت.[124]

زانیارییە ماتماتیکیەکانو ئاکارو لۆجیك وەکو بوونی خوا زگماکنو پێیان دەگوترێت زانیاریە هۆشەکییەکان. زانیارییە هەستەکیەکانمان جیهانی دەرەوەمان پێ‌دەناسێنن، ئەمانە گومانلێکراونو ناوکی ڕاستی ناپێکن،[125] کەوابوو دوو جۆر زانیاریمان هەیە. زانیاریە هۆشەکییەکان زگماکنو خوا خستوونیەتە هۆشمانەوە، زانیاریە هەستەکیەکانیش لە ڕێی تاقیکردنەوە هەستەکیەکانەوە دروست دەبن. جۆرێکیدیش زانیاری هەیە، کە زیاتر لە زانیاریە هەستەکیەکانمان نادروسترەو لە ڕێی ئەندێشەمانەوە دروست دەبێت، وەکو ڕووباری هەنگوین، ئەسپی باڵدار، کە لە ڕاستیدا (واقع)

124 ـ دیکارت، *تأملات میتافیزیقیة*، التأمل الثالث، ل 137

128 ـ هەمان سەرچاوە.

نین‌و ئەندێشەیین. دێکارت ئەم زانیاریانە ناو دەنێت فانتازی (الافکار الوهمیە).[126]

کۆجیتۆکەی دێکارت بڕیار لەسەر خۆڕسکێکی هەمەکی بۆ مرۆڤ دەداتو بەسەر هەموو تاکەکاندا دەیشواتەوە، جیاوازی نێوان تاکەکان ڕەت دەکاتەوە. زانایەکو نەخوێندەوارێك، مامۆستاو شاگرد، منداڵو گەورە هەموو وەکو یەك دادەنێتو یەك ناوەڕۆك یان خۆڕسکیان تێدا دەبینێت. دێکارت لەم بارەیەوە دەڵێت: "جیاوازی زانین‌و زیرەکی لە نێوان تاکەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هۆشیان یان خۆڕسکیان، بەڵکو پەیوەندی بە جیاوازی چۆنیەتی ژیانیانەوە هەیە".[127] جۆن لۆك لەم ڕووەوە دەڵێت: "ئەگەر زانیاریەکانمان زگماك بن، ئەوا منداڵێكو گەورەیەك، مامۆستایەكو شاگردێك وەکو یەك شت دەزانن، کوێرێكو کەرێك دەبێ ڕەنگەکان بناسن‌و بشزانن دەنگیش چیە". بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دێکارت، منداڵێك تا فێرنەکرێت هیچ نازانێت، کوێرێکیش ناتوانێ باسی ڕەنگەکانمان بۆ بکات، چونکە هەستی بینینی نیەو لەناو مێشکیدا بێجگە لە واژە زمانیەکەی ڕەنگ، هیچ وێناندنێکی (تصور) بۆ ڕەنگ نیە.

دەروونی مرۆڤ نەمرە، واتە لەش دەتوانێت بەبێ پشتبەستن بە ماتریال بژی. مرۆڤ ناتوانێت بەبێ دەروون بیر بکاتەوە، بەڵام بەبێ لەش دەتوانێت بیر بکاتەوەو بوونی بەردەوامە.[128] هەموو شتێك لە بووندا ڕووبەڕووی وەستان‌و لەنێوچوون دەبێتەوە، بەڵام دەروون

126 ـ هەمان سەرچاوە.

127 ـ هەمان سەرچاوە، ل 135

128 ـ د. کمال الحاج، *مدخل الی فلسفة دیکارت*، ل 79–80



هەمیشە لە جووڵاندایەو لەنێو ناچێت. دەروون ناوەڕۆکێکی ساکاری بەدەر لە ماتریالە، دابەش نابێت, لە هیچ توخمێکی لێکدراو پێك نەهاتووە, بۆیەش ناتوانین شیی بکەینەوە. دەروون خاوەنی دوو خسڵەتە, ئەوانیش بریتین لە "بیرکردنەوە"و "ویست". بیرکردنەوە سنووردارە, کەمڕەوە, بەڵام ویست سنووری نیەو بێکۆتاییە. ئەگەر بیرکردنەوە نەتوانێت جڵەوی ویست بگرێتو دەسەڵاتی خۆی بەسەردا نەسەپێنێت, ئەوا ئەسپی ویستمان بەتاو لەگەڵ خۆیدا هەڵماندەگرێتو ئەوەی حەزی لێبکات یان بییەوێت دەیهێنێتە ڕێمان, هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە مرۆڤ تووشی خراپە دەبێت.[129] لەلایەکی دیکەوە دەروون کەشتیەوانی لەشەو بەڕێوەی دەبات, کەشتیەکەش بەبێ سەوڵ لێدانی دەروون‌و فەرمانەکانی ناتوانێت لەجێی خۆی جوڵە بکات. پەیوەندیەکانی نێوان دەروون‌و لەش بە یارمەتی گلاندی سنەوبەر (الغدەالصنوبریە) ڕوو دەدەن.[130] کاتێك دەروون نیازی جوڵاندنی ئەندامێکی لەشی هەبێت, بە گلاندی سنەوبەری ڕادەگەیەنێت, ئەم گلاندەش فەرمانەکەی دەروون دەگەیەنێت بەو بەشەی لەش. کاتێکیش تەنێك بەر لەشمان دەکەوێتو تووشی ئازارمان دەکات, گلاندی سنەوبەری پەیامەکە دەگەیەنێت بە دەروون‌و ئەویش ئەو ئەندامە ئازار چێژەی لەش دەجووڵێنێتەوەو هەست بە ئازار دەکەین.[131] بەمشێوەیە دێکارت لە گومانەوە گەیشتە

129 ـ هەمان سەرچاوە.

130 ـ ئەم گلاندە دەکەوێتە ئەودیو گلاندی نوخامیو لە تەمەنی سی ساڵیدا نامێنێت. بڕوانە د. نوری جعفر، *الفکر طبیعته وتطوره*. ل 282

131 ـ د. کمال الحاج، *مدخل الی فلسفة دیکارت*، ل 82

کۆجیتۆکەی‌و بوونی خۆی وەکو بنچینەیەکی بەهێز بۆ سیستەمەکەی دامەزراند, بوونیشی کرد بە دوو بەشەوە: ناوەڕۆك‌و ماتریال, یان دەروون‌و لەش. دێکارت هەوڵیدا خسڵەتەکان‌و پەیوەندیەکانیان ڕوون بکاتەوە, بەڵام تەنیا ئەوەندە بۆ سیستەمێکی فەلسەفی بەس نیە, بەڵکو پێویستە بزانین "خۆ- زات" لە کوێوە هاتووە. لەمەوبەر گوتمان, کە ناوەڕۆك پێش بوونی مرۆڤ دەکەوێت. ئەنجا ئایا مەبەستمان لەم کێشەیە چیە؟ پێش ئەوەی مرۆڤ بێتە جیهانەوە ناوەڕۆکەکەی لەکوێ بووە, کێ دایناوە؟ ئەم پرسیارانە بەلای بوونی خوادا ڕامان دەکێشێت. بە ڕای دێکارت "خۆ" بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی بوونی خوا, چونکە "مادام من هەم, پێویستە هێزێك هەبێت منی ئافەرید کردبێت. باوکم ناتوانێت ئەو هێزە بێت, ئەویش پێویستی بە هێزێکی‌دی هەیە, ئەویش وەکو من خۆیەکی بچوکەو کەم توانایە, کەوابوو دەبێت "خۆ"یەکی هەرە بەهێزو بێسنور هەبێت کە من‌و باوکمی دروست کردبێت, ئەو "خۆ"یەش خوایە". دەبینین دێکارت لە سەرەتاوە گومانی لە هەموو شتێك کرد, تەنانەت گومانی لە بوونی خوایش کرد, دوایی بوونی خۆی لەناو دەریای گوماندا دەرهێنا لە سێیەم هەنگاویدا بوونی خوای سەلماند.[132]

بەڵگەکەی دێکارت وەکو بەڵگەی کۆسمۆلۆجی نیە, دێکارت لە بوونی خۆیەوە گەیشتوەتە بوونی خواو هێشتا باسی جیهانی ماتریالی نەکردوە. ئەریستۆ لە بەڵگە کۆسمۆلۆجیەکەدا بوونی جیهان دەکات بە بنچینەی بەڵگەکەی. واتە, مادام جیهان هەیە دەبێت هێزێك ئافەریدی کردبێت. لەلای دێکارت وادەردەکەوێت, بەپێچەوانە

132 ـ ئەمە تاکە بەڵگە نیە بۆ بوونی خوا، دێکارت باسی بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیشی کردووە.



تەماشای کێشەکەی کردبێت. ئەو لە دیدێکی دیکەوە خوا دەبینێت‌و دەڵێت: "من هەم, کەوابوو خوایش هەیە, خوا هەیە, کەوابوو جیهانیش هەیە", واتە خوا لە لای دێکارت بووە بە بەڵگەی بوونی جیهان. خواکەی دێکارت"خۆ"یەکە هیچی کەم نیەو تەواوە. تەواویەکەیشی بێکۆتاییە (الکمال اللامتناهی), وەکو خواکەی ئاوگوستین‌و ئەکوینۆس هەمیشەییەو تاکەو سەرچاوەی هەموو شتێکە. ئەم خوایە لەلایەکەوە ناوەڕۆکە چەسپاوەکانی داناوەو کەس ناتوانێت بیانگۆڕێت,[133] وەکو ئەو ڕاستەقینەیە کە "چوارگۆشە چوار لای هەیە", یان "ژمارەی چوار لە ژمارەی دوو گەورەترە" هەمەکی‌و نەگۆڕە. لەلایەکی دیکەوە خوا ماتریال دەجوڵێنێت‌و پێوەری ڕاستی‌و نادروستی زانیاریەکانەو دانەری ڕاستەقینەکانە,[134] ئەم زانیاریانەش مادام خوا دایناون, دروستن‌و ناگۆڕێن, مرۆڤ ناتوانێت لێیان کەم بکاتەوە یان بەدرۆیان بخاتەوەو، بەڕای دێکارت ئەو مرۆڤەی خوا نەناسێت‌و خوا نەکات بە پێوەری هەموو ڕاستیەك ناگاتە زانیاریەکی تەواوو دروست. ئەگەر خوا نەبێت ڕاستەقینەیەکی وەکو 2+2=4 نابێت.[135]

133 ـ گەشتە گومانکارییەکەی دێکارت‌و ئەلغەزالی لە یەك نزیکن‌و جیاوازییان لەوەدایە کە دێکارت پەنادەباتە بەر هۆش‌و ئەلغەزالی پشت بە "اشراقە" دەبەستێت‌و ڕێگەی تەسەوف دەگرێت.

134 ـ د. عثمان امین، *دیکارت*، ل 184

135 ـ هەمان سەرچاوە، 192

## جیهانی ماتریالی

جیهانی ماتریالی لە فەلسەفەکەی "دێکارت"دا ناوەڕۆکی دووەمەو خوا لەسەر شێوەیەکی ڕێکوپێك دایمەزراندوە.[136] واتە بوونی جیهانی ماتریالی بەستراوە بە بوونی خواوە،[137] هەتا خوا نەبێت، جیهانیش نابێت، ماتریال بە هەموو شوێنێکدا پەرشو بڵاو بووەتەوەو دینامیکییە. ئەم دوو خسڵەتە (واتە جووڵانو کشان) نەگۆڕن. لە هەر شوێنێکەوە ماتریال ببینین، ئەم دوو خسڵەتەش دەدۆزینەوە. خسڵەتەکانیدی ماتریال وەکو ڕەنگو بۆنو تامو دەنگ هەموو گۆڕانیان بەسەردا دێتو لە تەنێکەوە بۆ تەنێکیدی جیاوازنو ناوەڕۆکی ماتریال پێکناهێنن. دێکارت لە دینامیکیەکەی ماتریالەوە گەیشتووەتە زانستی مێکانیزمو بە گرنگی داناوەو لە سیستەمەکەیدا لە دوای مێتافیزیك جێی کردووەتەوە. هەروەها دەڵێت، جیهانیش وەکو تەنە ماتریالیەکان لە هەموو شتێکدا فۆرمێکی ئەندازەیی هەیە، کەوابوو ئەندازە لەدوای میکانیزمەوە دێتو زانستێکی گرنگە, هەموو تەنێکیش پێوانە (میقدار)و ژمارەی هەیە, کەوابوو ماتماتیك پێویستەو دەبێت شارەزایمان تێیدا هەبێت. بەمشێوەیە دێکارت بوونی ماتریالی دەخاتە ژێر ڕۆشنایی زانستی مێکانیزمو ئەندازەو ماتماتیکەوە, خواش دەکات بە پێوەریان.

لەڕاستیدا دێکارت بڕوای بە سێ توخمی هەمیشەیی هەیە: خوا, دەروونو ماتریال. دوای دێکارت, لایبنیز (Leibniz) (1646–

136 ـ هەمان سەرچاوە، ل 191

137 ـ هەمان سەرچاوە، ل 120



1716ز) هاتو ژمارەیانی زیاد کرد. سپینۆزاش هەموویانی گەڕاندەوە سەر یەك توخمو بڕوای بەیەك ناوەڕۆك هێنا. جا بابزانین, ئەم دوو فەیلەسوفە چۆن فەلسەفەکەی "دێکارت" یان گۆڕی و چۆن باسی بوون دەکەن؟

## مونادو پێکهاتنی بوون

لە فێرگەی ئەتۆمگەریدا "بوون" لە پارچەگەلی میکرۆسکۆپی بچوك پێکهاتووە, کە بە چاو نابینرێنو لە ناو بۆشاییدا دەسوڕێنەوە. ئەم پارچانەش گەردیلەن (ئەتۆم), ماتریالینو بنچینەی بوونن. فەلسەفەکەی لایبنیز لەم بۆچوونەوە گەلێك نزیکە، ئەم ئەتۆمە ماتریالەکانی گۆڕیوە بۆ "موناد"[138] (Monad)، یان ئەتۆمی گیانەکی. موناد ئەتۆمێکی گیانەکی وردیلەیە، هەموو بوونەوەرەکانی پێکهێناوەو بنچینەی بوونە، جا ئەو بوونە چ سروشتی بێت، چ گیانەکی. موناد لە هەمان کاتدا ناوەڕۆکێکی ساکارەو چیدی وورد نابێتەوەو پارچە پارچە ناکرێت.[139] هەر یەکێك لە مونادەکان جیهانێکی سەربەخۆو تایبەتیەو پشت بە مونادێکیدی نابەستێو پەیوەندی لەگەڵیدا نیەو لەیەکناچن. لە هیچ شوێنێکدا دوو موناد نادۆزینەوە لەیەکبچن. موناد جیهانێکی پڕە، نە لێی کەم دەبێتەوە، وە نە شتی تازەشی دەچێتە سەر. بە کورتیەکەی، موناد لە ژوورێکی

138 ـ مۆناد وشەیەکی یۆنانیە واتە "یەك شت".

139 ـ لایبنیز، *رسالة المونادلوجیا*، ترجمة عبدالغفار المکاوي، ل 115

بەستراوەدایەو دەرگای لەسەر خۆی داخستووە.[140] گۆڕانو جولانەکانی موناد هێزی ناوەکی دەهێنێتە ئەنجام، هێزە دەرەکیەکان کاری تێناکەن، خۆی خاوەنی هێزێکی خۆییە.[141] هێزی خۆیی لەناو مونادە هۆشەکیەکاندا وەکو مونادی مرۆڤ دەبێت بە مەیلو ئارەزوو، پاڵ بە مونادەوە دەنێت بە جیهاندا بگەڕێتو پەیوەندی لەگەڵ مونادەکانیدیدا هەبێت.[142] لایبنیز مونادی خوا بە گەورەو داهێنەر دادەنێت، ئەم مونادەکانی دیکەی دروست کردووەو هێزی ناوەکی پێبەخشیونو پڕیکردوون لە تواناو زانیاری. ئەم مونادە گەورەیەش دەتوانێت لەناویان بەرێتو تێکیان بشکێنێت.[143] مونادی خوا ئامانجی بۆ بوونەوەرەکان داناوە، لە هەموو شوێنێکدا ئامادەو هەیە، لە گەورەییدا بێسنوورە، هەموو بوونەوەرەکان تۆزقاڵێك لێی دوور ناکەونەوەو لە پێش چاوی وون نابن.[144]

جۆری دووەمیش لە مونادەکان لەسەر بیردۆزە دەروونیەکەی ئەریستۆ دامەزراوە، ئەمانە دەکرێن بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: بریتییە لە مونادە خۆراکیەکان، بە تایبەتی لەناو ڕووەکدا دەبیندرێن، ئەم مونادانە خاوەنی هێزێکی ناوەکین بۆ گەشەکردنو جولان، بەڵام هەست ناکەنو بیر ناکەنەوە.

140 ـ هەمان سەرچاوە، ل 177

141 ـ هەمان سەرچاوە، ل 121

142 ـ د. علي عبدالمعطي محمد، *لايبنيز فيلسوف الذرة الروحية*، ل 159

143 ـ لايبنيز، *رسالة المونادلوجيا*، ل 142

147 ـ لايبنيز، *رسالة المبادئ العقلية والفضل الألهي*، ترجمة عبدالغفار المكاوي، ل 107



بەشی دووەم: بریتییە لە مونادە هەستکەرەکان، ئەمانەش لەناو زیندەوەرەکاندا هەنو توانای هەستکردنیان هەیە. جگە لە هەست کردن ئەم مونادانە خاوەنی بیرەوەرین (ذاکرة)و دەتوانن تاقیکردنەوەکانی ڕابوردوویان بیربهێننەوە، بۆنموونە سەگێك خاوەنەکەی خۆی دەناسێتەوە.

بەشی سێیەم: بریتییە لە مونادەی گیانەکی، یان هۆشەکی، کە تەنیا لە مرۆڤدا هەیە. ئەم مونادەش وەکو مونادەی دووەم توانای بیرکردنەوەی هەیەو[145] لە هەر دوو جۆرەکانیدی بەرزترو پیرۆزترەو توانای داهێنانیشی هەیە.[146]

مرۆڤ بە تەنیا مونادی هۆشەکی نیە، بەڵکو لەشی لە مونادی سروشتی پێکهاتووە. مونادی هۆشەکی فەرمان بەسەر مونادە سروشتیەکاندا دەداتو دەیانجوولێنێت، بەبێ ئەوەی پەیامبەرێکی وەکو گلاندی سنەوبەری لە نێوانیاندا هەبێت. مونادە ماتریالیەکانیش هەمیشە لە گۆڕاندانو کار ناکەنە سەر مونادی هۆشەکی. مونادی ڕووەکیو هەستەکی خولیای مونادە ماتریالیەکانو خۆیان لەناو سروشتدا بەستۆتەوە, بەڵام مونادە هۆشەکیەکان سروشت بەجێ دەهێڵێنو دەیانەوێت بگەنە خوا. هەر پەیوەندیەکیش لەنێوان مونادی هۆشەکیو خوادا دروست بێت, لە ئەنجامی خۆشەویستیو ئەڤینەوە سەرهەڵدەدات. گەیشتن بەخوایش ڕێگایەکی دووری لەبەردا نیەو کەسیش ناتوانێت یارمەتی موناد بدات, چونکە مونادو خوا هەموو کاتێك دەتوانن ڕاستەوخۆ بگەنە یەك. ئەم بیروباوەڕەی لایبنیز کاری

145 ـ د. علي عبدالمعطي محمد، *لايبنيز فيلسوف الذرة الروحية*، ل 161

146 ـ لايبنيز، *رسالة المبادئ العقلية للطبيعة والفضل الألهي*، ل 107

کردە سەر "مارتین لوتەر"و زۆری دیکەشی لە سۆفیە مەسیحیەکان گەیاندە ئەو باوەڕەی کە کڵێساو پاپا ڕۆڵێك نابینن‌و ناتوانن ببن بە یاریدەدەر لەنێوان خواو مرۆڤدا, چونکە مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەگاتە خوا, نەك لە ڕێگای کڵێساو نوێژی پاپاوە.

یەکگرتنی مونادی هۆشەکی لەگەڵ مونادی ماتریالیدا فۆرمێکی هاوئاهەنگی (هارمۆنی) هەیە، کە لەگەڵ مونادەکاندا هاتووەتە کایەوەو لەلایەن خواوە ڕێکخراوە. ئەنجا لەو ڕۆژەوە خوا مونادەکانی دروستکردووە، پڕی کردوون لە هێزو زانیاریی‌و لەگەڵ مونادە ماتریالیەکاندا زۆر بە ڕێکوپێکی دایناون. وەکو چۆن هەموو ڕۆژێك یان هەفتەی جارێك کاتژمێرەکەمان کۆك دەکەین‌و بۆ هەفتەیەك کار دەکات‌و لە چرکە ناکەوێت، ئاوهاش مونادەکان‌و "بوون"یش بە گشتی لەلایەن خواوە کۆك دەکرێن‌و ساتێك پێش‌و پاش ناکەون.[147]

لایبنیز جیهان بە تەنێکی زیندوو دادەنێت, مونادە گیانەکیەکانیش چونەتە ناو مونادە سروشتیەکانەوە. هیچ شتێکی مردوو لە"بوون"دا نیە, هەموو بەشێکی ماتریال باخچەیەکی پڕ لە میوەیە یان چەمێکی پڕ لە ماسیەیە.[148] مردنیش گۆڕانی فۆرمەکانەو هیچیدی. مردنی تەواو بەمانای چوونە ناو "نەبوون"ـەوە نیە, ئەوەی هەیە گۆڕان‌و پەرەسەندن‌و کەمبوونەوەی پەرەسەندنە.[149] هیچ شتێك لە بەین ناچێت‌و موناد هەمیشە زیندووە.

147 ـ ئەم بۆچوونەی لایبنیز بە عەرەبی پێیدەگوترێت "الانسجام المسبق".

148 ـ لایبنیز، *رسالة المبادئ العقلية للطبيعة والفضل الألهي*، ل 155

149 ـ هەمان سەرچاوە، ل 159



## مونادو زانین

لایبنیز فەیلەسوفێکی ئیدیالیستی هۆشەکیە, بڕوای بەوەیە, کە موناد خاوەنی هێزێکی ناوەکی میتافیزیکیە, دەوڵەتێکی سەربەخۆیە, هەموو شتێك دەزانێت, پڕە, ئازوقەیەکی دەوڵەمەندە: "موناد بەبێ پەنجەرەیە, هیچی لێناچێتە دەرەوەو هیچیشی نایەتە ناوەوەی",[150] لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێت "موناد ئاوێنەی جیهانە",[151] "موناد جیهانی تێدا دەردەکەوێت".[152] ئەگەر موناد داخراوبێت‌و بێپەنجەرە بێت, دەبێت ئەوەندە زانیاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت کە بتوانێت جیهانی پێبناسێت‌و پێویستی بە تاقیکردنەوە هەستەکیەکان نەبێت. لەلایەکی دیکەوە وەکو لایبنیز دەڵێت, موناد جیهانێکی تایبەتیەو دوو موناد لەیەکناچن. هەریەکێك لە مونادەکان بە ڕەوتی تایبەتی خۆی جیهان دەناسێت‌و واتە مونادەکان وەکو یەك یان هێندەی یەك شت نازانن.

ئەم بۆچوونانەی لایبنیز لەو خاڵەدا کۆدەکەینەوە, کە زانیاریە زگماکەکانی موناد تواناو ژیانی هێزێکی ناوەکین‌و پاڵ بە مونادەوە دەنێن ڕوو بکاتە جیهانی دەرەوە. یان وەکو ئەفلاتۆن دەڵێت, پێویستمان بەو ڕووداوو بابەتانە هەیە, بۆئەوەی زانیاریەکانمان

150 ـ لایبنیز، رساله المونادلوجیا، ل 117

151 ـ د. علي عبدالمعطي محمد، *لايبنيز فيلسوف الذرة الروحية*، ل 246

152 ـ هەمان سەرچاوە.

بیربخەنەوە, بە هەمان شێوەش موناد ئازوقەیەکی پڕە لە زانیاری, بۆئەوەی زانیاریەکان لە بیر (الذاکرة)دا دەربهێنێت, پێویستی بە جیهانی دەرەوە هەیە: "ئێمە هەموو کاتێك هەست بە نەریتو ڕەوشتەکانمان ناکەین, ئەوان لە بیرماندا دانراون, هەتا هۆیەك نەڕەخسێت, بە بیرمان نایەتەوە, وەکو چۆن گوێمان لە سەرەتای گۆرانیەك دەبێتو دەسبەجێ گۆرانیەکەمان دێتەوە بیر.[153]

لایبنیز زانیاریە زگماکەکان ڕەت ناکاتەوەو بایەخیشی بە کارلێکە دەرەکیەکان داوە. ئەم بایەخ دانە ئەوە ناگەیەنێت, کە مونادە هۆشەکیەکان پابەندی تاقیکردنەوە هەستەکیەکانن‌و بەبێ هەستەکان هیچ نازانن. موناد جگە لەوەی پێویستی بە شتێك هەیە, زانیاریەکانی بە بیر بێنێتەوە, داوای هیچیدی لە هەستەکان ناکات. زانیاریە زگماکەکان بوون بە خاڵی سەرەکی فێرگەی دێکارتو لایبنیز, ئەم بیردۆزەیەش لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە کە ناوەڕۆکی پێش بوون خستوە. لەلای "مالبرانش"[154] و"سپینۆزا" کێشەکە گۆڕاوەو زانیاریە زگماکەکان بەو شێوەیە نەماونەتەوە. مالبرانش هەوڵی داوە, ڕەنگو بۆیەکی مەسیحیانە بدات بە فەلسەفەکەی دێکارتو بۆیە دەبینین خۆی لە کەشیش ئاوگوستین نزیك کردۆتەوەو بۆچوونەکانیشی سۆفیانەیە, "خواو بینین لە خوادا پێوەری فەلسەفەیە".[155] لەلایەکیدیکەوە دەڵێت, "هۆشی مرۆڤ بەستراوە بە هۆشی خواوە,

153 ـ هەمان سەرچاوە، ل 150

154 ـ مالبرانش (1638–1715) فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی فەرنساوییە.

155 ـ جنفیاف رودیس لویس، *دیکارت والعقلانیة*، ترجمة عبد الحلو، ل 106



ئەم پەیوەندیەش بووە بە سەرچاوەی ڕووناکی لە ژیاندا".[156] پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ تەنیا ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە نەگۆڕەکان. وەکو چۆن لەلای دێکارت بوونی خوا ڕاستەقینەکانی پاراست, بەهەمان شێوەش لەلای مالبرانش خوا دەبێت بە پێوەری هەموو شتێکی جوان‌و دروست. بەبێ بوونی خوا ئەم فەیلەسوفە بڕوا بە هیچ شتێك ناکات, هەموو پارچەیەك، تەنێك یان بوونەوەرێك بەشێکی بچوکی ناتەواوە لە بوونە تەواوو بێکۆتاییەکەی خوا. دەبینین لێرەدا مالبرانش بە نیازی خۆ نزیککردنەوە لە ڕەوگەی یەکانەگی بوون خۆی لە دێکارت دوور دەخاتەوە, چونکە ئەم ڕەوگەیە دژی بیروباوەڕی فەیلەسوفەکانی سەربە ڕەوگەی دووالیزمەوە سەرچاوەی بوون دەگەڕێنێتەوە بۆ یەك ڕاستەقینە.

بوونەوەرەکانی دەوروبەرمان, هەروەها لە ئەستێرەکانەوە بۆ دەریاکان‌و روبارەکان‌و چیاکان‌و دارو گیانداری دی, هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنەما, یەك سەرچاوە, یەك ڕاستەقینە, ئەویش کە بوونی خوایە. مالبرانش وەکو لایبنیز بڕوای بەوە نیە, کە خوا لە سەرەتاوە کاتژمێری گەردوونی کۆك کردبێتو وازی لێهێنابێت, هەر جوڵانێك لەهەر کاتێکدا ڕوبدات, ڕاستەوخۆ خوا دەیخوڵقێنێت, تەنانەت مرۆڤ لە هەموو کردەوەکانیدا ڕاستەوخۆ وابەستە بەخواوەیەو ویستی خوا دەیجولێنێت, چەشنی ئەو بووکۆکەی بە دەزوو پێکەوە بەستراوون‌و لە سەرەوە یەکێك دەزووەکان دەجولێنێتو بووکۆکەکەش دەکەوێتە جووڵە.

156 ـ هەمان سەرچاوە، ل 107

دەربارەی زانیاریەکانمانو هەروەها ناسینی هەر بابەتێك, هەتاکو خوا ئەم زانیاریانە نەبینێت, ئێمە ناتوانین درکی پێبکەین. خوا لەناو بووندایەو پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرەکاندا بەهێزە، ئەگەر هەر شتێکیش لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییە ڕوو بداتو ویستی خوای لەسەر نەبێت، ئەوە نادروستەو دوورە لە ڕاستیەوە.[157]

سپینۆزا (Benedict Spinoza) (1632–1677ز) تاکەکان بە ڕاستەقینە دانانێت، چونکە ڕاستەقینە لەلای ئەو "بوون" ێکی گشتییە، کە پڕە لە جوانیو چاکەو دادپەروەری. ئیلیاییەکان دەستێکی باڵایان لە دامەزراندنی ئەم فێرگەیەدا هەبوو، لە پێش سپینۆزاشدا "برووتۆ"و زۆری دیکەش لە زانا موسوڵمانەکان، وەك موسی القرطبي، حسدای بن شبروتو ابن عربی سەر بەم ڕەوگەیە بوون.[158] مرۆڤ لە دەروونو لەش پێکهاتووە، ئەم دوو لایەنە بەبێ یەکدی مانایان نیە. مرۆڤ بەبێ لەش پێناسە ناکرێتو لەشیش بەبێ دەروون مردووە، مرۆڤ نە لەشە، نە دەروونە، بەڵکو یەکەیەکی پێکهاتووە لە هەردووکیانو بوونی پابەندە بە هەردووکیانەوە. گەردوونیش بە هەموو ڕواڵەتو تاکەکانیەوە یان تەنە ماتریالیەکەی لەشی خوایە، ژیانیش، یان با بڵێین ئەو هێزەی ژیانی داوە بە گەردوونو دەیجووڵێنێت، بریتییە لە دەروونی خوا. ئێمە هەموو بەشی ووردیلەین لە خواو لە ناو خوادایین: "هەموو شتێك لە خواوەیەو لەناو ئەودا دەژیو لەناو ئەودا دەجولێت".[159] لەشمان بەشێکە لە لەشی

157 ـ ئەم بیردۆزەیەی مالبرانش بە عەرەبی پێیدەگوترێت "النظرية الظرفية"

158 ـ ویل دیورانت، *قصة الفلسفة*، ترجمة فتح الله المشعشع، ل 188

159 ـ احمد امين وزكى نجيب محمود، *قصة الفلسفة الحديثة*، الجزء الأول، ل 145



خوا, هۆشمان بەشێکە لە هۆشی خوا. بەگوێرەی ئەم ڕەوگەیە "بوون" پڕە لە جوانیو چاکە، خراپەش پەیوەندی بە هەستەکانمانەوە هەیە. بۆنموونە، ئەگەر بێتو پارچەیەك هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس بهێنینو شیی بکەینەوە بۆ دێڕەکانی، دێڕەکانیش بۆ ووشەکانو ووشەکانیش بۆ پیتەکان، وە لەناو پیتەکانیشدا هەرەمەکی پیتێك هەڵبژێرین، وەك "ا" یان "ب"، ئەنجا ئەم پیتە بدەینە دەست کەسێكو بڵێین ئەمە هۆنراوەی شێرکۆ بێکەسە، یان ئەگەر تابلۆیەکی ئیسماعیل خەیات پارچە پارچە بکەینو پارچەیەکی بچووکی یەك ئینجی لە گۆشەیەکەوە هەڵبواسینو بڵێین ئەمە تابلۆی ئیسماعیل خەیاتە، کەس لەگەڵماندا ڕێك ناکەوێتو بڕوامان پێ ناکات، چونکە لە پیتەکەدا هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس نادۆزیتەوەو لە پارچەکەشدا هیچ نابینیت، کە تابلۆی ئیسماعیل خەیاتی تێدا بە دی بکرێت. بۆ ناسینەوەی هۆنراوەکەو تابلۆکەو بینینی جوانیەکان دەبێت هەموو پارچەکانو پیتو ووشەو دێڕەکان لە یەك بدەینەوەو هۆنراوەو تابلۆکە دروست بکەینەوە. جوانیو چاکە لە ڕێگای تاکەکانەوە نادۆزینەوەو نابینرێن، جوانیو چاکە لە بوونی گشتیدایە، مرۆڤیش لەبەرئەوەی پشت بە تاقیکردنەوە هەستەکیەکان دەبەستێتو تاکەکان دەناسێت، وا دەزانێت خراپەو ناپەسەندی لە بووندا هەن.

سپینۆزا وەکو دێکارت خواو ماتریالو هەروەها دەروونو لەشی لەیەك جیا نەکردووەتەوە. هۆش ناتوانێت فەرمان بەسەر لەشدا بسەپێنێت، لەشیش ناتوانێت کار بکاتە سەر هۆش، چونکە ئەم دوو شتە هەردووکیان یەك بوونو جیاناکرێنەوە,[160] لەلایەکی دیشەوە

160 ـ هەمان سەرچاوە، ل 155

ویستو هۆشیش یەك شتن. خراپە ناگەڕێتەوە بۆ یاخیبوونی ویستو گوێنەدان بە فەرمانەکانی هۆش. کردەوەکان لە بووندا لەسەر بڕیاری هۆش دروست دەبن، لە کاتی ئەنجامدانیاندا هۆش خۆی دەکات بە ویستو کارەکە بەڕێوەدەبات. جیهانی سپینۆزا وەکو جیهانەکەی لایبنیز زیندووە، هەمیشەییە، چونکە جیهان خوایەو خوایش هەمیشەییە. مردن لە جیهاندا نیە، ئەوەی هەیە گۆڕانی بابەتەکانە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکیدی. بەمشێوەیە کە باسی خوا دەکەین، باسی سروشت دەکەین، واتە مێتافیزیكو فیزیك یەك دەخەین. جووڵانو گۆڕانەکان لە ڕواڵەتدا فیزیکین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مێتافیزیکین، واتە سروشتو خوا گەیشتوون بە یەك.[161] ژیانی مرۆڤیش لەناو ناچاریو جەبەرووتدا نوقم دەبێت، خوا فەرمان بەسەر هەموو شتێکدا دەکات، ئێمە لە گۆڕانی ژیانو کۆمەڵدا ڕۆڵمان نیە، خوا دەستی بەسەر هەموو لایەکدا گرتووەو بوونەوەرەکانیش بوونێکی سەربەخۆیان نیە، واتە کەس خاوەنی خودی خۆی نیە. ئەمەش لایەنێکی نێگەتیڤی فەلسەفەکەی سپینۆزاو فێرگەی یەکانەگیە.

## فێرگەی هەستەکی

ڕێنێسانسی ئەوروپا ڕۆژگارێکی نوێی هێنایە کایەوە, شۆڕشێکی گەورەی بەسەر ئاییندا کرد. لە ئەنجامدا ناکۆکیەکی گەورە کەوتە نێوان زانستو ئایینەوە, خەڵکی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڵیان لە ئاست کڵێسا کرمێ بووو وازیان لە هێزە مێتافیزیکیەکان هێناو گەڕانەوە سەر

161 ـ هەمان سەرچاوە.



سروشت. ئەم رێنێسانسە بەتایبەتی لە ئینگلتەرە بوو بە ڕووداوێکی مەزن, فەیلەسوفە ئینگلیزەکان, بۆنموونە بیکۆن, لۆك, هیوم, هۆبز و بارکلی, روویان کردە ئەو زانیاریانەی ئەزمونە هەستەکیەکانمان رایدەگەیەنن, بیرە زگماکەکانیشیان ڕەت کردەوەو ڕێگای زانستانەیان گرتەبەر. سەرهەڵدانی فێرگەی هەستەکی شۆڕشێك بوو بەسەر ڕەوگە ئیدیالیستەکەی ئەفلاتۆنو فێرگە هۆشەکیەکەی "دێکارت"دا. فرانسیس بیکۆن (Francis Bacon) (1561–1626ز) لە سەرەتاوە وەکو دێکارت ویستوویەتی خۆی لە دەست ئەو زانیاریانە بپارێزێت, کە بنچینەیەکی زانستیانەی ڕاستیان نیە. وەکو دەڵێت, مێشکی مرۆڤ لە منداڵیەوە پڕکراوە لە وەهمو بەرچاوی لێڵ بووەو ڕاستەقینەی لێ وون بووەو نایدۆزێتەوە. بۆئەوەی بگاتە ڕاستی, دەبێت گومانەکان لە مێشکیدا دەربهێنێتو پشت لەو زانیاریانە بکات, کە پابەندی راستی (واقع) نین:

1- زۆرجار هەست کردنەکانمان جۆرێك لە زانیاریمان پێڕادەگەیەنن, کە لە ڕاستیەوە دوورە. بۆنموونە, هەموو ڕۆژێك دەبینین, کە خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێتو ڕوو دەکاتە خۆرئاواو ئاودیو دەبێت. بەگوێرەی هەست کردنمان خۆر وەستاوەو زەوی وەستاوە, ئەمەش پێیدەگوترێت توخمە وەهمە (الوهم الجنسی).
2- مرۆڤ لەناو "خۆ"ی خۆیدا دەژی. زۆرجار لەم بۆچوونە خۆگەریەوە مرۆڤ دەگاتە بڕوایەك, کە تەنیا پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە, کەسانیدی بڕوای پێناکەن, یان نایزانن. ئەمەش ئەشکەوتە وەهمە (اوهام الکهف).

3- لە ڕێگای باب‌وباپیران‌و کەسانی‌دیکەوە هەندێ شت فێردەبین, کە ڕاست نین, ئەمەش پێیدەگوترێت بازاڕە وەهمە (اوهام السوق).

4- بە درێژایی مێژوو کۆمەڵێك زانیاری لە کۆنەوە گوێزراونەتەوە بۆ نەوەکانی پاش, وەکو گێڕانەوەو نوسینەوەی ڕوداوە مێژووییەکان بە درۆ یان دوور لە ڕاستی, ئەمەش پێیدەگوترێت وەهمی شانۆیی (اوهام المسرح).

وەکو باسمانکرد, لە کاتێکدا بڕوا بە هەستکردنمان دەکەین‌و دەگەینە ئەو بڕوایە, کە خۆر بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە, ئەوە لەناو توخمەگوماندا پێکەوە دەژین. ئەگەر ئەمەش لە ڕێگای هەستەوە پێمان نەگەیشتبێت‌و تەنیا خۆمان‌و بەگوێرەی بۆچوونی خۆمان وەهای ببینین, دەبێت بە ئەشکەوتە گومان.[162] خۆ ئەگەر ئەو دیدو بۆچوونە لە باب‌و باپیرانمان, یان لە خەڵکی دیکەوە پێمان بگات, ئەوا دەبێت بە بازاڕە وەهم. ئەم باوەڕبوونەش بە بیردۆزی "جیۆسێنتریك", یان بە سوڕانەوەی خۆر بە دەوری زەویداو دانانی زەوی بە چەقی گەردوون ناسراوە, بیردۆزەیەکی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ زانستی فیزیکی کۆن, لە مێژوودا تۆمارکراوەو نوسراوەتەوەو تەنانەت ئەمڕۆش نوسراوەتەوەو زۆر لە شوێنکەوتوانی ئاین بڕوای پێدەکەن, ئەمەش وەهمی شانۆیە.

ئەم هەڵوێستەی بیکۆن وەکو هەڵوێستە گومانکاریەکەی دێکارت وایە, بەڵام دێکارت لە دوای گەشتەکەی بڕوای بە هۆش هێناو بیکۆن چووە سەر فێرگەی هەستەکی. دێکارت دەرگای هەستەکانی داخست‌و

162 ـ محمد عبدالرحمن بیصار، *تاملات في الفلسفة الحديثة*، ل 45



پشتی بە درك (حدس) بەست, بیکۆن دەرکی ڕەت کردەوەو زانیاریەکانی بەستەوە بە ئەزموونە هەستەکیەکانەوەو بە پێی پرۆگرامی "استقرا" لە بابەتە تاکەکانەوە ڕووی کردە بابەتە گشتیەکان, واتە لە فیزیکەوە چوو بۆ مێتافیزیك‌و سەرەڕای ئەمەش ماتماتیك‌و ئەندازەی بە دوو زانستی بەرز داناوە, چونکە بەڵگە نەویستەکانیان (بەدیهی) چەسپاون‌و نەگۆڕن, بۆنموونە: $2 < 5$و, سێگۆشە سێ لای هەیە, دوو ڕاستەقینەی هەرگیز نەگۆڕن, کە هەمیشە وەکو خۆیان دەمێننەوە.[163] ڕەوگە لۆجیکەکەی بیکۆن کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنێکی سیستەمە ئەزمونیەکەی, تەنانەت لە بیردۆزە ڕامیاریەکەیدا ویستویەتی وڵاتێکمان بۆ دابمەزرێنێت, کە فەیلەسوف‌و هونەرمەندو زاناکان بەڕێوەیدەبەن. زانست جێگای ئایینی گرتۆتەوە, زانیاریە هەستەکیەکان لە جێگای ئیلهامە (الهام) ئایینیەکان دانراون‌و کڵێساکان بوون بە تاقیگە.[164]

جۆن لۆك (John Locke) (1632–1704ز) دوابەدوای بیکۆن دێت، ئەمیش بەهەمان شێوە زانیاریە زگماکیەکانی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام ڕۆڵی هۆشی فەرامۆش نەکردووە. بڕوای بە هێزێکی ناوەکی هۆش بووە، کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەستکردنەکان، یان بەبەرهەمهێنانی بیرەکان،[165] ئەم هێزەش لەلایەك توانای وەرگرتن‌و لەلایەکی دیش توانای کۆکردنەوەو کۆپەیوەستی هەیە. ئەم بیردۆزەیەی لۆك پێیدەگوترێت بیردۆزی

163 ـ هەمان سەرچاوە، ل 34

164 ـ هەمان سەرچاوە.

165 ـ عزمي اسلام، جون لوك، ل 44

کۆپەیوەستی (نظریة الترابط). بۆنموونە کاتێك دەست لە پرتەقاڵێك دەدەین، هەست بە زبریو لوسیو قەوارەکەی دەکەین، لە ڕێگای بینینەوە ڕەنگی دەبینین، بەهۆی هەستی بۆنیشەوە بۆنی دەکەینو لە ڕێگای زمانیشەوە تامی دەکەین. هەر یەکێك لەم هەستانە دەگەن بە مێشکمان، ئەنجا هۆشمان کۆیان دەکاتەوەو بیری پرتەقاڵەکەمان دەداتێ. ئەم کارەش وەکو ئەوە وایە, چەند پیتێك فڕێ بدەینە سەر مێزێك (ش،ی،ع،ر)، دواتر ڕێکیان بخەینو ووشەی "شیعر" دروست بکەین. ئەگەر هۆش نەبێ ووشەی شیعر دروست نابێتو پیتەکان بە نارێکیو بێپەیوەست دەمێننەوە. هەروەها کاتێك تۆپێکی نارنجی دەبینین، پرتەقاڵمان بە بیر دێتەوە، چونکە ڕەنگو قەوارەو شێوەی تۆپەکە لە پرتەقاڵ دەچێت. ئەم کارەش (التداعی) هۆش پێی هەڵدەستێت.

کەوابوو دوو جۆر تاقیکردنەوە هەیە:

تاقیکردنەوەی هەستەکی (دەرەوە): ئەم تاقیکردنەوەیە بریتییە لە گواستنەوەی خسڵەتە هەستەکیەکانی بابەتەکان لە دەرەوەی هۆش بۆ ناو هۆش، وەکو ڕەنگو بۆنو هتد...

تاقیکردنەوەی هۆشەکی (ناوەوە): بریتییە لە تاقیکردنەوەی ناوەوەی هۆشی مرۆڤ، کە دوای گەیشتنی خسڵەتە هەستەکیەکان بە هۆش ڕوو دەدات. ئەم خسڵەتانە هەریەکەیان بە ڕێگای تایبەتی خۆیدا دەگات، بۆنموونە ڕەنگ تەنیا بە هۆی بینینەوە هەستی پێدەکرێت. هۆش هەستەکان کۆ دەکاتەوەو لێکیان دەدات، تاکو وێنەیەکی بیرەکەمان بۆ پێکبهێنێت وەکو بیری پرتەقاڵەکە. لە هەمان کاتدا بە ڕێگای (تداعی) کۆپەیوەستی نێوان بیرەکان دەدۆزێتەوە.



تاقیکردنەوەی هەستەکی پێش تاقیکردنەوەی هۆشەکی دەکەوێت، هەتاکو هەستەکان خسڵەتەکانی جیهانی دەرەوە بە هۆش نەگەیەنن، هۆش بیرەکان دروست ناکات, وەکو لەوەوپێش گوتمان, مرۆڤێکی کوێر ڕەنگەکان ناناسێت.[166] بیرەکانیشمان دوو جۆرن, هەندێکیان ساکارن وەکو بیری ڕەنگی سوور یان ڕەنگی سپی, تامی شیرین یان تاڵ هتد... هەندێکی دیکە لە بیرەکانمان لێکدراوەنو لە ئەنجامی وێکبەستنی کۆمەڵێك بیری ساکار پێکهاتوون, بۆنموونە بیری پرتەقاڵ لە ئەنجامی لێکدانی ڕەنگو تامو قەوارەو بۆنی پرتەقاڵەکە پێکهاتووە.[167] بەڵام با لێرەدا وا تێنەگەین, کە لۆك بەتەواوی لەگەڵ "دێکارت"دا ناکۆکەو فەلسەفەکەی دێکارت بەرپەرچ دەداتەوە. لۆك لە زۆر ڕووەوە وەکو دێکارت بیردەکاتەوە, بڕوای بە دوو جۆر ناوەڕۆك هەیە, واتە ماتریالو دەروون. هەمان شێوە خسڵەتی جوڵانو کشان (امتداد) دەدات بە ماتریال وە ئەم خسڵەتانە بە دوو خسڵەتی بنەڕەتی دادەنێت, کە گۆڕانیان بەسەردا نایەت. بە پێچەوانەی ئەمانەشەوە خسڵەتی لە گۆڕان هاتووی ماتریالمان هەیە, وەکو ڕەنگو تامو بۆنو زۆر شتیدی. دەروونیش ناوەڕۆکێکی جیاوازە لە ماتریال, دەتوانێت بیربکاتەوەو ویستی هەیە. جگە لەو دوو خسڵەتە, لۆك چەند خسڵەتێکیدی ناوەتە پاڵ ماتریال, ئەوانیش کە بریتین لە توانای گۆڕان. ماتریال دەتوانێت گۆڕان لە ماتریالێکی دیکەدا دروست بکات, وەکو چۆن خۆر دەتوانێت بەفر بتوێنێتەوە, لە هەمانکاتدا

166 ـ هەمان سەرچاوە، ل 55

167 ـ هەمان سەرچاوە، ل 56

هەموو ماتریالێکیش توانای گۆڕانی هەیە, وەکو چۆن بەرد توانای توانەوەی هەیە.[168]

هەرچەندە لۆك فەیلەسوفێکی هەستەکیە, لەهەمان کاتدا مرۆڤێکی ئیدیالیستەو بوون دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزێکی مێتافیزیکیو دەڵێت: "کامیان ڕاسترە, ئایا ماتریال لە بیرەوە هاتووە یان بیر لە ماتریالەوە هاتووە؟ بێگومان بوونەوەری هۆشەکی پێش بوونەوەری ناهۆشەکی دەکەوێت".[169] سەرجەم، لۆك سێ مەرجی بنەڕەتی بۆ زانین داناوە: خۆ, بیر, بابەت. بەبێ ئەم سێ کۆڵەکەیە زانین یا زانیاری پەیدانابێت. بارکلی (George Berkeley) (1685–1753ز)و هیوم (David Hume) (1711–1776) لە دوای لۆك دێنو هەریەکەیان یەکێك لەم سێ کۆڵەکەیان ڕەت کردۆتەوە. بارکلی بابەت یان ماتریال, وە هیوم "خۆ"ی ڕەت کردۆتەوە. بارکلی ڕێبەری ئیدیالیزمی خۆییە. بوون دەگەڕێنێتەوە بۆ "بیر", ئەو بابەتانە ڕەت دەکاتەوە, کە لە ڕێگای هەستکردنەوە نەزانراون. هەر شتێك هەبێت, پێویستە هەستی پێبکرێت یان لەناو تاقیکردنەوە هەستەکیەکانماندا هەبێتو لەلامان بوو بێت بە "بیر", جگە لە"بیر" هیچ شتێکی دیکە نیە. بەڵگەی ئەم جۆرە ئیدیالیزمە لە بارکلیەوە هەتا فیختەو هێگڵ[170] لەو پرسیارەوە سەرهەڵدەدات, ئایا ماتریال چیە؟ یان چ شتێك ماتریالە؟ لە وەڵامدا دەڵێین, مێزەکەی بەردەممان, یان هەموو ئەو بابەتانەی لە چواردەورمانن ماتریالن. ئەی مێز چیە؟ چۆن باسی

168 ـ هەمان سەرچاوە، ل 104

169 ـ هەمان سەرچاوە، ل 171

170 ـ فەلسەفەی هێگل ئایدیالیزمی ڕەهایە.



بکەینو پێناسەی بکەین؟ لە وەڵامدا دەڵێین, لە ڕێگای خسڵەتەکانیەوە, وەکو ڕەنگ, ڕەقی, فۆرم هتد... ئەمە وادەگەیەنێت, کە بەبێ ئەم کۆمەڵە خسڵەتانە مێزەکەش نابێت, یان ئەگەر ئەم خسڵەتانە یەکەیەکە لە مێزەکە تا دواخسڵەت دابڕین, مێزەکە نامێنێت وە ناتوانین بڵێین مێزێك لەبەردەمماندایە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت, کە بوونی مێزەکە لەسەر خسڵەتەکانی وەستاوە, ئەگەر خسڵەتەکان نەبێت, مێزەکەش نابێت. لێرەدا پرسیارێکی دی دێتەپێش, ئایا خسڵەتەکان چین؟ بابەتێکی ماتریالین یان بیریینو لەناو هۆشماندا هەن؟ بۆنموونە ڕەقی ماتریال نیە, قاوەیی ماتریال نیە, ئەم خسڵەتە هەستەکیانە بیرن, بیریش لەناو هۆشدا هەیەو لە دەرەوەی هۆشدا نیە, واتە خۆییەو بابەتی نیە.[171] کەوابوو ماتریال, یان بابەتە ماتریالیەکان لەناو بیردا هەنو بیریش بڕیار لەسەر بوونیان دەدات: "گەرمایی لە ئاگردا نیە, شیرینیش لە شەکردا نیە, بەڵکو ئەم خسڵەتانە لە هەستکردندان.[172] کاتێك نەخۆش دەکەوینو تا دەمانگرێت تامی شیرینی ناکەین, نوقڵ لەناو دەمماندا تاڵ دەبێت هەمان نوقڵ بۆ کەسێك کە نەخۆش نیە, شیرینە. بارکلی بە تەنیا خسڵەتە گۆڕاوەکانی ماتریالی پابەندی بیر نەکردووە, بەڵکو لەهەمان دیدەوە تەماشای خسڵەتە نەگۆڕەکانیشی کردوە. دووری و نزیکی ئێمە لە بابەتێکەوە قەوارەو لێك کشانی (امتدا) دەگۆڕێت. دارێك لە

171 ـ ئەمە جیاوازییەکی نێوان بۆچوونەکانی بارکلیو هێگڵە، بیرەکان (کاتیگۆرییەکان) بۆ هێگڵ بابەتین.

172 ـ بارکلی، *المحاورات الثلاث بين هيلاس وفيلونوس*، ترجمة د. يحيى الهويدي، ل 45

دوورەوە بچوکەو لە نزیکەوە گەورەیە,[173] بەمجۆرە هەموو خسڵەتەکان دەبن بە بیر.

بەڵگەکەی بارکلی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی ئەوەندە بەهێز نیە, چونکە بۆ دروستبوونی زانیاریەکانمان هەندێ بارودۆخ هەن, دەشێ ئەوەندە سەرەکی نەبن. دۆخە پێویستەکان ئەو سێ کۆڵەکەیەن کە لۆك دایناون. جگە لەم دۆخانە هەردۆخێکی دیکەمان هەبێت, زۆر کارناکاتە سەر زانیاریەکانمان. لە دۆخی نەخۆشیدا هەموو دەزانین کە ئەندامەکانی هەستکردنمان لە بارودۆخی ئاسایی دەردەچنو پەیامی هەڵەمان پێدەگەیەنن, بۆیە ناتوانین پشتیان پێ ببەستینو لەوکاتەدا زانیاریان لێوەربگرین. بۆچوونە خۆییەکەی بارکلی لەوە دەچێت مرۆڤێکی کوێر هەرەمەکانی (اهرام) میسری نەدیبێتو بڕوا بە بوونیان نەکات, چونکە ئەوەی هەستی پێدەکرێت, لەڕاستیدا هەیە, ئەوەش هەستی پێناکرێت نیە. تا ئەوکاتەی هەستەکانم بەئاگانو هەموو بابەتەکانی ناو ژوورەکەم دەبینن, ئەوا ئەو بابەتانەش هەن, ئەگەر منیش لە ژورەکەدا نەبوومو دوای من کەسێکی دیش نەبێت بڕوانێتە ژوورەکە, ئەوا لەگەڵ ڕۆیشتنی مندا, یان کاتێك من دەخەوم, بابەتەکانی ناو ژوورەکەش نامێنن, ئەمە ئەنجامگیرییەکی لۆجیکیانەیە, کە لەسەر ڕەوتە خۆییەکەی بارکلی پێیدەگەین. بەڵام هەموو دەزانین, کە ژوورەکەو بابەتەکان لە بووندا ناکوژێنەوەو هەردەمێنن, ئایا بارکلی چۆن تەماشای ئەم کێشەیە دەکات؟ خۆ کەس خوای نەدیوەو خوایش نایەتە ژێر ڕۆشنایی تاقیکردنەوە هەستەکیەکانمان, ئەنجا چۆن بڕوامان بە بوونی خوا هەبێت؟ بارکلی

173 ـ هەمان سەرچاوە، ل 61



لەو باوەڕەدایە, کە دوای دەرچوونی ئێمە لە ژوورەکە, یان لەکاتی خەوتندا, خوا هەموو بوونەوەرەکانو بابەتەکان دەبینێتو بەردەوامی مانەوەیان دەداتی . بوون هەمیشە هەیە, چ لە بیری ئێمەدا هەبێت, یان نە, چونکە خوا هەیەو هەموو شتێك لە بیری خوادایە. ئەی باشە کێ خوا بە بەردەوامی دەبینێت؟ بارکلی لە وەڵامدا دەڵێت، خوا خۆی، خۆی دەبینێت، ئەو "خۆ"یەیە کە هەمیشە ئاگاداری خۆیەتیو هەرگیز خۆی فەرامۆش ناکات. هیوم بە پێچەوانەی "بارکلی"یەوە "خۆ" ڕەت دەکاتەوە. ئەوەی بەلای ئەوەوە هەیە، بریتییە لە جیهانی دەرەوەو بیرەکانی جیهانی دەرەوە لەناو مێشکماندا. "خۆ" بەو مانا ئیدیالیستیە وەکو ناوەڕۆکێکی ساکارو سەربەخۆ دانانێ. وەکو چۆن بارکلی دەڵێت، ئەگەر خسڵەتەکانی ماتریالێك نەهێڵین، ماتریالەکە نامێنێتو دەفەوتێت، بەهەمان شێوە هیوم دەڵێت، "خۆ" لە کۆمەڵێك بیرو سەرنج (انطباع) پێکهاتووە، ئەگەر بیرو سەرنجە هەستیەکان دەربهێنین، جگە لە قاڵبێکی بەتاڵ هیچی دیکە نامێنێتەوە، پێی بگوترێت "خۆ". کەواتە "خۆ" چەپکێ بیرە، چەپکێ هەستکردنەو بەس.[174] زانیاریەکان هەستەکین، تاقیکردنەوە هەستەکیەکانیش دەبن بە دوو بەشەوە: سەرنجە هەستەکیەکانو بیرەکان. هەستەکیەکان پێش بیرەکان دەکەون. ئەگەر سەرنجێکی هەستیمان دەربارەی بابەتێك نەبێت، بیرەکەیشمان نابێت.[175] ئەگەر کەسێك هەنگوینی نەخواردبێت، نازانێ کە هەنگوین تامی چی دەدات، یان هەتا کەسێك ڕەنگی سوور نەبینێت، نازانێت ئەو ڕەنگە چیەو

174 ـ د. محمد فتحي العشنيطي، *فلسفة هيوم بين الشك والأعتقاد*، ل 66

175 ـ هەمان سەرچاوە، ل 67

چۆنە. سەرنجی هەستی لە تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆکانمانەوە پەیدادەبێت. کاتێك تەماشای ڕەنگی پرتەقاڵێك دەکەین سەرنجی هەستی ڕەنگی پرتەقاڵی لەلامان دروستدەبێت. کە پرتەقاڵەکە لەبەر چاومان نامێنێت، دەتوانین بیر لە ڕەنگەکەی بکەینەوە، سەرنجە هەستەکیەکە لەلامان دەبێ بە بیر. ئێستا لە ژوورەکەمدا پرتەقاڵ نیە، بەڵام دەزانم پرتەقاڵ چیەو ڕەنگو تامو بۆنی چۆنە. سەرنجە هەستەکیەکانو بیر دەکرێن بە دوو بەشەوە: ساکارو لێکدراو. سەرنجی هەستەکی ڕەنگی پرتەقاڵەکە ساکارە، بەڵام سەرنجی هەستەکی خودی پرتەقاڵەکە لێکدراوە، چونکە لە چەند سەرنجێکی هەستەکی ساکار پێکهاتووە، وەکو ڕەنگو قەوارەو بۆنو تام. سەرنجە ساکارەکان بیرە ساکارەکان دروست دەکەن، سەرنجە لێکدراوەکانیش بیری لێکدراو پێکدەهێنن. بەمشێوەیە هەر بیرێکمان هەبێت، لە هەستکردنەوە هاتووە. لەوانەیە یەکێك پرسیار بکاتو بڵێت، باشە ئەدی بیری ئەسپی باڵدار لە چ هەستکردنێکەوە هاتووە؟ بە ڕای هیوم ئەم بیرە لێکدراوەو ئەندێشەمان چەند بیرێکی سادەی لە یەك داوە تاکو دروستی کردووە. سەرنجی هەستەکی ئەسپی باڵدار نیە، چونکە ئەم بابەتە لە هیچ کونو کەلەبەرێکی ئەم جیهانەدا نادۆزینەوە، بەڵام ئەگەر ئەم ووشەیە شیبکەینەوە، دەبینین دەگەڕێتەوە بۆ دوو بیری "ئەسپ"و "باڵ"، ئەم دوو بیرەش لە سەرنجی هەستەکی ئەسپو باڵەوە پەیدابوونو ئەندێشەمان یەکیخستوون، کەوابوو هیچ بیرێك نیە، نەگەڕێتەوە بۆ هەستەکان.

فەلسەفەکەی هیوم لێرەدا دەمانبات بەرەو دوو خاڵی سەرەکی:

1– سەرنجە هەستەکیەکان پێش بیر دەکەونو دەبن بە سەرچاوەی.

2– بیرکردنەوەو زانین ناگەنە ئەودیو سنووری هەستەکان.



لێرەوە هیوم هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئایینەکانو سیستەمە مێتافیزیکیەکان, دژی بیری بوونی خواو ناوەڕۆکو دەروونو هۆو هەموو ئەو زاراوانە دەوەستێت. ئایینەکانو سیستەمە مێتافیزیکیەکان ئەو زاراوانە بەکاردێنن, بەبێ ئەوەی بنچینەیەکی ئەپستمۆلۆجییان هەبێت, یان بتوانن بیسەلمێنن لە چ سەرنجێکی هەستەکیەوە هاتوون. ئەگەر بڕوامان بە بوونی خوا هەبێت, یان مرۆڤ بە دەروون دابنێین, پێویستە ئەو پرسیارەش بکەین, ئایا ئەم بیرانە لە کوێوە هاتوون؟ ئایا دەتوانین سەرنجە هەستەکیەکانیان پەیدا بکەین؟ هیوم لە بۆچوونە ئەپستمۆلۆجیەکەیەوە سێ بەڵگەی بۆ رەت کردنەوەی دەروون داناوە. یەکەم بەڵگە پەیوەندی بە سەرچاوەی بیری "دەروون"ـەوە هەیە, واتە ئەگەر دەروون هەبێت, دەبێت سەرنجە هەستەکیەکەیشی لە شوێنێکدا هەبێت. بەڵام سەرنجی هەستەکی دەروون نیەو کەس ناتوانێت بیدۆزێتەوە, کەوابوو بیری دەروونیش نیە, یان شتێك نیە, پێی بگوترێت دەروون. ئەگەر توانیمان سەرنجی هەستەکی دەروون بدۆزینەوە, پێویستە ساکار بێت, چونکە دەروون (وەکو ئیدیالیستەکان باسیدەکەن) ساکارە, بەڵام ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین, لە کاتێکدا بەخۆماندا دەچینەوە, بریتییە لە کۆمەڵێك بیرو سەرنجی هەستەکی, وەکو من خەمگینم, من دەگریم, پێدەکەنم, دڵخۆشم, هەست بە ئازار دەکەم, هتد... هیچ کام لەم بیرانە, یان هەستکردنانە نابن بە دەروونی من, چونکە کاتینو دەگۆڕدرێن. ئێستا دڵخۆشم, پاش ماوەیەکی دیکە لەوانەیە بگریم. سەرەڕای ئەم دوو بەڵگەیەش, هیوم دەڵێت, گریمان ئەم هەست کردنانەمان دەروونن, لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین پەیوەندیان (الرابطةالضرورية) لە نێواندا بدۆزینەوە, چونکە خۆشیو ناخۆشی,

پێکەنین‌و گریان, هتد... نەبەستراون بەیەکەوە. دەروون بەپێی تێڕوانینی ئیدیالیستەکان یەکەیەکی دابەش نەبووەو بە ئەندازەی گەردێکیشی لێجیانابێتەوە, لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵە بیرو سەرنجە هەستەکیانەی پێشو نابن بەو یەکەیەو دەروون پێکناهێنن, بوونی دەروون ناتوانرێت بسەلمێندرێت, کەچی ئەو بیرە هەر لە مێشکماندایەو دەزانین کە هەموو مرۆڤێك دەروونی هەیە. باشە ئەم بیرە لە کوێوە هاتوە؟

بە بۆچوونی هیوم, ئەم بیرە ئەندێشەمان هێناویەتەکایەو بنچینەیەکی ڕاستەقینەی نیە, بەڵکو بوونێکی درۆیەو بە هەڵە بڕوامان پێکردووە. هیوم تەنیا هێرشی نەکردۆتە سەر بیروباوەڕە ئاینیەکان‌و سیستەمە مێتافیزیکیەکان, بەڵکو هەوڵیشی داوە, زانستەکانیش لە بیروباوەڕی نازانستیانەو مێتافیزیکیانە بژار بکات. بۆنموونە بیردۆزی هۆیەکی (السببیه) خستۆتە ژێر نەشتەری ڕەخنەو ڕەتی دەکاتەوە. بیردۆزەی هۆیەکی, کە دەڵێت بۆ هەموو ئەنجامێك هۆیەك هەیە, کۆڵەکەیەکی بەهێزی زانستەکانە. جا بابزانین بەڵگەی هیوم لێرەدا چیە؟ بۆچی ئەم بیردۆزەیەی هەڵوەشاندۆتەوە؟

1– بەڕای هیوم, ئەگەر "هۆ" هەبێت, پێویستە سەرنجە هەستەکیەکەیشی هەبێت, بەڵام سەرنجی هەستەکی "هۆ" لای کەس نیە. بۆنموونە, دووکەڵ بەبێ ئاگر نابێت, واتە ئاگر هۆیەکە بۆ بوونی دووکەڵ. ئەوەی دەیبینین بریتییە لە ئاگرو دووکەڵ‌و خسڵەتەکانیان, وەکو گەرمایی‌و ڕووناکی‌و ڕەنگو هتد... دووکەڵ لە ئاگرەکە بەرز دەبێتەوەو دەکشێ بەرەو ئاسمان. هەموو ئەم شتانەمان دی, سەرنجە هەستەکیەکانیان پێمان گەیشتن, بەڵام نەمانتوانی سەرنجی هەستەکی هۆ بدۆزینەوە.



2– ئەگەر هۆو ئەنجام هەبن, یان دەبێ دوو شتی جیاواز بن, یان دەبێت یەك شت بن. خۆ ئەگەر جیاواز بن, ئەوا پەیوەندیان لەنێواندا نامێنێت‌و نابن بە هۆو ئەنجام بۆ یەکدی. خۆ ئەگەر یەك شت بن, ناتوانین لە یەکیان جیا بکەینەوەو بڵێین ئەمەیان هۆیەو ئەویدیکەیان ئەنجامە. لە هەردوو بارەکەدا هۆو ئەنجام نیە.

مەبەستی هیوم بڕوانەکردن نیە بە یاسای هۆیەکی لە ئاستی ڕوداوەکاندا, بەڵکو ئەو دەیەوێت ئەو بڕوایە بڕوخێنێت کە هۆ بەشتێکی بابەتی دادەنێت وەکو بابەتەکانی‌دی لە سروشتدا. دیسانەوە بەڕای هیوم بیری "هۆ" ئێمە دروستمان کردووەو بوونێکی ڕاستەقینەی نیە. ئێمە هەندێ شت بە هۆ دادەنێین, ئەگەر نا لە بنەڕەتدا "هۆ" نیە, کەوابو بیری "هۆ" وەکو بیری دەروون ئەندێشەمان هێناویەتە کایە. هیوم بڕوای بەو شتە بابەتیانە هەیە, کە سەرنجە هەستەکیەکانیان پێمان دەگەیەنن. جگە لەمانە بڕوا بە هیچ شتێکی دیکە ناکات. وەکو فالکنبرگ دەڵێت: "هیوم باوکی پۆزەتیڤیزمی نوێیە".[176]

هۆبز (Thomas Hobbes) (1588–1679ز) فەیلەسوفێکی دیکەی فێرگەی هەستەکیە, کەڵکی زۆری لە یۆنان وەرگرتووە, بەتایبەتی لە فێرگە ئەتۆمگەریەکەی دیمۆکریتیس. هۆبز بوونی گەڕاندووەتەوە سەر ئەتۆمەکان, زانیاریەکانیش بە جوڵانی ماتریال دادەنێت,[177] پەیڕەوی ڕەوتی ماتریالیشی کردووەو بڕوای بە خوا

176 ـ هەمان سەرچاوە، ل 278

177 ـ د. محمد عبدالرحمن بیصا، *دراسات في الفلسفة الحدیثة والمعاصرة*، ل 105

نەبووە.[178] هۆبز بڕوای بە بابەتگەری جیهانی دەرەوەی هۆش هەیە, زانیاریەکانی بە هەستکردنەوە بەستۆتەوە لەو باوەڕەشدایە, کە هەستکردنەکان ڕاستەوخۆ ناگەنە مێشك, بەڵکو بەر لە گەیشتنیان بە مێشك دەچن بۆ دڵو لە دڵەوە دێن بۆ مێشك. بەهەمان شێوە لە ڕێی دڵدا مێشك وەڵامی پەیامە هەستەکیەکان دەداتەوە. هۆبز لە پڕۆگرامە فیزیکیەکەیدا پەیڕەوی فێرگەی ئەتۆمگەری مێکانیزم دەکاتو هەموو شتێك دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەتۆم, تەنانەت کۆمەڵیش بە هێشوویەك ئەتۆم دادەنێت. لەم ڕووەوە هاتوەو دوو جۆر ئەتۆمی بۆمان دەستنیشان کردووە: ئەتۆمە سروشتیەکان, کە بابەتە سروشتیەکانیان پێکهێناوەو بێهەستن‌و، ئەتۆمە هەستیارەکانیش وەکو تاکەکانی ناو کۆمەڵ بوونەتە سەرچاوەی بونیادنانی کۆمەڵگای مرۆڤ.[179]

وەکو گوتمان, هۆبز باوەڕی بە سیستەمی مێکانیزم هەیەو هیچ ئامانجو هۆشێك لە پشت مێکانیزمی "بوون"ـەوە دانانێت. جووڵانەکان بە جوڵانێکی ناچار دادەنێتو کۆمەڵیشی خستۆتە ژێر هەمان دەستورو بڕوای بە ئازادی مرۆڤ نیە. تاکەکان ناتوانن لە دەستورەکانی کۆمەڵو یاساکانی دەوڵەت یاخی بن, خۆ ئەگەر ئازادیش هەبێت, ئەوە دەبێت دەوڵەت بڕیاری لەسەر بداتو بیدات بە خەڵکی. دەوڵەت چۆنیەتی ژیان بۆ تاکەکان هەڵدەبژێرێتو یاساکانیشی لەسەرووی هەموو یاسایەکەوەیە, مرۆڤ لەو قەوارە سیاسیەدا ئامێرێکە لەناو میکانیزمی دەوڵەتو خزمەتگوزاری

178 ـ ستیوارد هامبشر، عصر العقل، ترجمة ناظم الطحان، ل 35

179 ـ احمد امين وزكى نجيب محمود، *قصة الفلسفة الحديثة*، ل 90



سیستەمەکە دەکات. بەمشێوەیە چ لەلای ئیدیالیستەکانو چ لەلای ماتریالیستیەکانی وەکو هۆبز, بوونی مرۆڤ کەوتۆتە ژێر باری ناچاریەوە. لەلایەکەوە خوا یاری بە چارەنووسی دەکاتو لەلایەکی دیشەوە مێکانیزمی گەردوون لەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵێت. لەهەردوو دۆخەکەدا مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی لاواز تەماشا دەکرێت, کە ناتوانێت بڕیار لەسەر ژیان بداتو ڕووبەڕووی هەڵوێستەکانی ژیان ببێتەوەو, بە کۆیلەیی دێتە جیهانو بە کۆیلەییش دەمرێت.

(تەواو
نەبووە)

## سەرچاوەکان



## ئیندێکس


ئـ

ئەپیگۆر 9، 11، 86 – 95

ئەپیرۆن 30، 70

ئەتۆمگەری 39 – 40

ئەریستۆ 6، 9، 12، 51، 57 – 86، 104

ئەشکەوتە وەهم 134

ئەفلاتۆن 6، 9، 12، 51، 57 – 86، 104

ئەفلوتین 10، 63 – 68، 77

ئەکادیمی 60

ئەلبێرت 104

ئەمبادوکلس 32، 36

ئەنەکساگۆراس 32، 36 – 37

ئەنەکسیمەندەر 31، 70

ئەنەکسیمانس 27

ئەیۆنی 24

ئەنسلم 108

ئاکار 11، 93

ئاوگستین 104، 129

ئایدیالیستەکان، ئایدیالیزم 6، 52، 61، 70، 81، 89

ئیبن سینا 65

ئیلیایی 32 – 40

ئارەزوو 84

ب
بەڵگەی کۆسمۆلۆجی 121
بەربڵاوی سێکس 42
بابەتی گشتی 104
بابەتگەری 51، 91
بارکلی 72، 115، 139
بازاڕە وەهم 134
براهما 19
برۆنۆ 131
برگسۆن 47
بۆناڤینتۆرا 109
بنۆسی یەکەم 72
بوون 21، 23، 28، 32، 39، 48، 52، 56، 68، 88، 105، 116، 124
بوونخوازی 6، 117
بیرەوەری 51
بیردۆزی دەرچوون 65 – 66، 77
بیردۆزی کۆپەیوەستی 138
بیری زگماکی 91، 104، 108، 118، 129، 136
بیری ساکار 138

پ
پارمەنایدیس 33، 36
پاسکال 115



پرۆتاگۆراس 9، 47 – 49، 51، 58، 60
پیتاگۆراس 8، 40 – 45
پیرۆن 94

ت
تەواوکۆیی بێکۆتایی 122
تارتارۆس 19
تالیس 15، 23 – 25، 45
تایتان 19 – 20
توخمە وەهم 134
تۆماس ئەکوینۆس 84، 111 – 113

ج
جۆن لۆک 115، 136 – 138

چ
چەندایەتی 43
چەندهۆیەکی 74 – 76

خ
خۆ 117، 121 – 122، 141 – 142
خۆشەویستی 37
خۆشی هەستەکی 55 – 89
خۆکوشتن 54

د
دەروون 81 – 87
دەروونی خۆراکی، دەروونی هەستیاری، دەروونی هۆشەکی 85
داماڵین 50، 91
دووالیزم 6، 27، 62، 65، 130
دیالیکتیك 11، 28
دێکارت 6، 12، 94، 114 – 117
دیموکریتس 39 – 40، 89
دیۆنوسیس 19 – 20

ر
رەها 56
راستی 9
رەواقیەکان 86 – 95
ریالیزم 104

ز
زینۆ 32 – 33
زیۆس 18 – 19، 28، 44

س
ساڵی گەردوونی 28
سپینۆزا 36، 99، 115، 129، 131 – 133
سکۆتس 112



سنوردار 42
سنیکا 4، 9
سۆفیست 8
سۆفیستەکان 45 – 56
سۆفیگەری 10
سوکرات 8، 15، 45، 48، 50، 82

ش
شوێن 61، 77 – 80
شیشرۆن 8
شیڤا 19

ع
عەشتار 23

غ
غەزالی 94

ف
فارابی 65
فانتازی 119
فرانسیس بیکۆن 12، 114، 134 – 136
فۆرمی گیانەکی 17
فۆرمی ماتریالی 17

فلوترخوس 25
فیختە 10، 36، 72
فێرگەی کەلبی 53 – 54
فیلۆن 104

ق
قینە 37

ک
کەندی 65
کات 6، 77 – 80
کۆجیتۆ 116
کۆسمۆلۆجی 22 – 40

گ
گەلگامێش 23
گلاندی سنەوبەری 120
گۆرگیاس 47
گوناهی میراتی 64، 102
گومانکاری 46، 93 – 95، 115

ل
لاشەگۆرکێ 18، 63، 83
لایبنیز 6، 115، 123 – 129



م
مەسیح 103 – 104
مالبرانش 115، 129
ماتریالی 6، 21، 124 – 129
مۆنیزم 6، 34
میتۆلۆجیا 15 – 18

ن
نەبوون 33، 39، 106
ناوەڕۆک 61، 70، 74، 116

و
وەهمی شانۆیی 135
ویست 111، 120

ه
هەندەکی 48، 59
هەستکردن 54، 59، 71، 91
هەمەکی 36، 49، 59، 62، 69، 104
هەمیشەبوویی 37، 72، 112
هاوئاهەنگی 127
هزیۆد 8
هۆبز 146 – 147
هۆمیرۆس 18

هۆش 36 – 37، 50، 64، 107، 108، 111، 129
هۆشەکی 114، 133
هۆی یەکەم 108
هیراکلایدس 25، 27 – 29، 97
هیچ 62
هێگل 6، 10، 12، 33، 74، 97، 117
هێزی دەرەکی 70
هێزی کارتێکراو 86
هێزی کاریگەر 86، 92
هیۆلی 70، 74، 112
هیۆلی هۆشەکی 66



# The Problem of Existence

(Part One)

Muhammad Kamal

2002